# لەسەر باڵی هەورەوە

# لەسەر باڵی هەورەوە

حەمەسەعید حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمەسەعید حەسەن
لەسەر باڵی هەورەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٦ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

# یەک دوو وشە

هەوڵم داوە لە ڕێی نیشاندانی نموونەوە، نووسینەکان بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە، بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی نائەدەبی لە دوای سەرنجەکانمەوە هەبێت. ویستوومە ڕەخنەی ئەدەبی کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە زیندانی ئیدۆلۆگیدا دەیناڵاند، ئازاد بکەم، تا لە ئاسمانی مەعریفەدا لە شەققەی باڵ بدات. سوپاس بۆ بەختیار عەلی، ئاخر ئەگەر نووسینەکانی ئەو نەبوونایە، ئەم ڕەخنانەی من لە دایک نەدەبوون، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە بەرهەمی من، پاشکۆی دەقەکانی ئەو نییە و بێ هیچ خۆ بە زل زانینێک دەوێرم بڵێم: بنووسی ئەم دێڕانە خاوەنی پرۆژەی ڕەخنەیی تایبەت بە خۆیەتی.

ڕەخنەی دروست نە زادەی پێوەندیی چاکی کەسەکییە، نە هی خراپ، ئاخر ئەگەر وابوو، پێداهەڵگوتنی بێ بنەما، یان پەسەندنەکردنی بێ پاساوی لێ سەوز دەبێت. بەو هیوایەی خوێنەران و ڕەخنەلێگیراویش دەرک بەوە بکەن، ئەدەب و فیکر ، وەک چۆن بە پێداهەڵشاخان ناگەشێنەوە، هەر وایش لە ڕێی پەسندانی دۆستانە و نان بە قەرزدانەوە، پێش ناکەون، بە هۆی ڕەخنەی ڕاستگۆیانە و لە ڕێی ململانێی ڕوانینەکانەوە گەشە دەکەن. هەرچەندە زمانی بەختیار عەلی هێندە لاوازە، تا ئەو ئاستەی جێی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، بەڵام بەشێکی زۆر کەمی ڕەخنەی من، لە بەرهەمی ئەو، پێوەندیی بە زمانە لاغرەکەیەوە هەیە،

دەشێت ڕەخنە و ململانێیەکان هەندێک جار زبر یان توندیش بن، ئەوە ئاساییە. نادروست ئەوەیە شتی کەسەکی هاندەرمان بێت. (لە ڕوانگەی ئەو کەسەوە کە هەر چەکوش شک دەبات، هەموو کێشەیەک لە بزمار دەچێت.)

کـەسی وەها، بێ ئاگـایە لەوەی، فـیکر بـە هێـز لە ناو ناچێت، بە فـیکرێکی جوانتر جێی پێ لەق دەبێت. گۆڕینەوەی بیرورِا بە مەبەستی جوانترکردنی دنیای ئەدەب و فیکری کوردی، سەرمەشقی منە و نیازم نییە لەو ڕێگەیە لا بدەم. نووسەر بەوە گەورە نابێت، خۆی بە سپی و ئەوی دیکە بە ڕەش بزانێت، یان خۆی پێ شت و ئەوی تری پێ هیچ بێت، بەوە باڵای هەڵدەکشێت، ددان بە توانای ئەوی دیکەدا بنێت.

## له ڕێوڕەسمی
## به خاکسپاردنی تەرمی پەپوولەیەکدا

«ئەگەر بزانیت دەگەیە کام هەوار، ئەوە تۆ
خەریکی سەرکێشیی ئەدەبی نیت، خەریکی
سەفەرێکی بە ئۆتۆبوسێک کە دەزانیت تا کام
هەوارت دەبات».
ژان ژینێ

هەموو نووسەرێک، ناکۆکیی لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا هەیە، ناکۆکییەکە، وەک هی نێوان کەسانی ئاسایی نییە، ئاخر ناکۆکیی نێوان داهێنەرانە. ناکۆکیی نێوان نووسەران، ناکۆکییەکی سوودبەخشە و دەبێتە هەوێنی گەشەسەندنی ئەدەب. ناکۆکیی من و ئەو نووسەرانەی بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجی بەرهەمیان دەدەم، زادەی شتی تایبەتیی نێوان من و ئەوان نییە، زادەی لێکدانەوەی جیاوازی نێوان ئەز و وانە. ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە، ڕۆمانێکی ئەم نووسەر یان دیوانێکی ئەو شاعیر، بە ئاشکرا هەڵبسەنگێنێت، ئەوە ئیشی ئەو نییە، ڕاپۆرتێک بە نهێنی لەسەر نووسەرێک یان شاعیرێک بۆ دەزگایەکی هەواڵگری بنووسێت.

گابریل گارسیا مارکیز دەڵێت: (پەیامی نووسین لای من لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە کارێک بکەم ئەو خەڵکە یەکدییان خۆش بوێت.) دەربارەی ئەو ڕۆماننووسە کە بە هەق پەیامەکەی خۆی گەیاندووە، ڕەخنەگری ناوداری ئیسپانیایی گیرمو دی توری، لە ۱۹٥۲دا، لە نامەیەکدا کە بۆ مارکیزی دەنێرێت، دەنووسێت: (ئایندەی تۆ لە ڕۆماننووسیندا نییە، بۆیە ئەگەر لەسەر

نووســینی ڕۆمــان بەردەوام بیت، داهاتوویەکی ڕۆشنت نابێت،) کــەچی بە پێچەوانەی پێشبینیی ئەو ڕەخنەگرەوە، ڕەنگە لە دوای سێرڤانتسەوە، ئیسپانیاییەنووسێکی دیکە نەبێت، لە بواری نووسینی ڕۆماندا، بالآی هێندەی مارکیز بڵند بێت، ڕەنگە لە دوای دۆنکیخۆتەوە، هیچ ڕۆمانێک بە ئیسپانیایی نەنووسرابێت، هێندە (سەد ساڵ دوورەپەرێزی) خوێنەری هەبووبێت. ئەم باسەم بۆیە هێنایە گۆڕێ، تا ئەوە وەبیر خوێنەر بخەمەوە کە مەرج نییە، ڕەخنەگر هەمیشە لەسەر هەق بێت.

ڕۆمــان هــەیە، ئاســتــێکی نزمی هونەریی هەیە و دەیان مــیلیــۆنی لێ دەفرۆشرێت، وەک (کۆدی دافنشی)ی دان براون، ڕۆمان هەیە هەم میلیۆنان خوێنەری هەیە و هەم ئاستێکی ئەدەبیی بالآیشی هەیە، وەک (ناوی گوڵ)ی ئیمبێرتۆ ئێکۆ. ڕۆماننووسی مەزن، بۆ هەڵبژاردە نانووسێت، وەلێ ناچێت لە ڕێی وروژاندنی سێکسی یان ڕەخنەگرتنی توند لە ئایینەوە، خوێنەر ڕاو بکات. وەختی خۆی تیراژی کتێبەکانی ئیحسان عەبدولقودووس زۆر لە تیراژی ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفووز بڵندتر بوو، بەلآم نووسەری یەکەمیان بە بەراورد لەگەڵ دووەمیاندا، ئەگەر بڵێین ڕۆماننووس نەبوو، لە ڕاستی لامان نەداوە.

لایەنی لاوازی بەختیار عەلی وەک ڕۆماننووسێک بریتییە لەوەی، شانازیی بە درێژیی ڕۆمانەکانییەوە کە زادەی ڕەچاونەکردنی کورتبڕییە، دەکات. ڕۆمانیش ڕیتمی خۆی هەیە، ئەو ڕۆمانانە پەسەند دەکرێن کە خاوەنی ڕیتمێکی خێران. ئەو ڕۆمانانەی ڕیتمیان خاوە، لەو ژنە بێبەختانە دەچن کە درەنگ شوو دەکەن و زوو مێردیان دەمرێت. گێڕەرەوەی هەمووشتزان تەنانەت ئەگەر باس بێتە سەر بواری کاری خۆیشی، دەبێت لە کورتی بیبڕێتەوە و فــیــزی لێــزانی بەســەر خــوێنەردا لێ نەدات، ئەگــەرنا لاقی بە تەڵەی ڕاپۆرتنووسینەوە دەبێت و وەک بەهادین مەجرووحی لێ بەسەر دێت، ئەو شاعیرە ئەفگانەی لە تاو کۆمۆنیستەکان لە ئەفگانستان هەلآت و لە پاکستان ئیسلامییەکان کوشتیان. بە درێژایی سەدەی بیستەم و لەسەر ئاستی دنیا،

شیعرێک نییە هێندەی وێرانەخاکی ت. س. ئەلیەت ناودار بێت، ئەو شیعرەی پێش بڵاوکردنەوەی، ئەلیەت لەسەر پێشنیاری عەزرا پاوەند، زێتر لە نیوەی لێ فڕێ دا. ئەگەر بەختیار عەلی (مامۆستایەکی زیرەک)ی وەک عەزرا پاوەندی شک بردبا، ڕۆمانەکەی لەبری سێسەد لاپەڕە، هەر دووسەد ڕووپەلێکی دەمایەوە.

(دەستەسڕێکی پەڕۆی گەلەک تازە و قەدکراوی لە گیرفانی دەرهێنا و لووتی سڕی و گوتی. ل١٣) هەموو وشەکانی پێش (گوتی) زیادەن و زادەی ڕەچاونەکردنی (کورتبڕی)ین. یان: (کەمێک لە دامێنی کراسە شینەکەی چاک کرد و بە باڵندەکانیدا ڕوانی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی. ل٢٤٧) هەموو وشەکانی پێش (گوتی،) ئاماژەن بۆ فەرامۆشکردنی لە کورتی بڕینەوە. یان: (خوێندنی باڵندەکان و دەنگی بولبولەکان. ل٢٦٦) ئایا دەنگی بولبولیش، جۆرێک نییە لە خوێندنی باڵندە؟ ئایا ئەوە وەک (پڕ لە گوڵ و نەسرینە)کەی بێکەس نییە؟ ئاخر نەسرینیش جۆرە گوڵێکە. بۆ ئەوەی دراما دروست ببێت، پێویستمان بە سێگۆشەیەکە، کە دوو کوڕ و کچێک، یان دوو ژن و پیاوێک، گۆشەکانی پێک دەهێنن، دوو کوڕ، هەر یەکەیان دەخوازێت خۆی بە کچەکە شاد ببێت، یان دوو ژن کۆشش بۆ گەییشتن بە هەمان پیاو دەکەن. بێجگە لە هەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی ڕۆمانەکەی، بەختیار عەلی هیچ پاساوێکی دیکە شک نابات کە وای کردووە سێ کوڕ شەیدای هەمان کیژ بن، ئاخر دراماکە بە دوو کوڕ و یەک کەنیشک دروست دەبوو. فەرامۆشکردنی ئەم ڕێسای سێگۆشەیە، وێڕای ئەوەی ڕیتمی ڕۆمان خاو دەکاتەوە، لە ڕووی هونەری (چنین)یشەوە، دەکەوێتە خانەی هەڵەوە.

سەرنجی ئەم دوو ڕستەیە بدەن کە شیعریان لێ دەچۆڕێت: (فەرشە شینەکەی بەر پێی وەک حەوزێک هاتە بەر چاو کە ژمارەیەک گوڵی سەرئاوکەوتوو لەناویدا مەلە دەکەن. ل٥٢) یان: (ڕۆحێکە وەک ئەوەی ئاو ڕوونیی خۆی، تەم تەنکیی خۆی و تاریکیی نهێنیی خۆی خستبێتە ناو. ل٨٤) بەڵام لوتکەی شیعریبوون (شیعرییەت) لە ڕۆمانەکەدا لەو نامەیەدا خۆی

نیشان دەدا کە مەنسوور بۆ سەوسەنی دەنێرێت. ل٢٣٣ مەرج نییە ڕۆمان بە زمانێکی شیعری بنووسرێت، بەڵام ڕۆماننووس پێویستە شیعریبوون ڕەچاو بکات. شیعریبوون ئەوە نییە لە ڕێی خوازە، ماسک، سیمبۆل، وێنەی شیعریی و گەمەکردن لەتەک وشەدا، ڕستەی شیعری پێک بهێنین، شیعریبوون لە ڕۆماندا بریتییە لە کورتبڕی، واتا بە کەمترین وشە، زۆرترین مانا بە دەستەوە بدەین و بە کەمترین رووپەل، زۆرترین ڕووداو بگێڕینەوە.

کۆشکی باڵندە غەمگینەکان وەک بابەت، ئەتمۆسفیر و کەسایەتییەکان، لە ڕۆمانەکانی پێشووی بەختیار عەلی جیاوازە. ڕۆمانەکانی پێشووی هەر خۆی دەینووسین، لەم ڕۆمانەیدا خوێنەریش لە گێڕانەوەدا بەشدار دەبێت و تووشی هەمان ئەو دڵەڕاوکێیە دەبێت کە نووسەر تووشی هاتووە. لە ڕۆمانەکانی پێشوویدا دەنگی نووسەر ئەگەر نەڵێم بزر، لای کەم نەوی بوو، لەم ڕۆمانەیدا دەنگی نووسەر بڵندە. بونیادی ئەم ڕۆمانە بە رووکەش بە شێوازێکی ساکار ڕۆ نراوە، وەلێ ڕاستییەکەی ئەو چنینە ساکارە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی نووسەر دەسەڵاتی بەسەر تەکنیکی گێڕانەوەدا دەشکێت و لەو بوارەدا لێزانە. نوێکردنەوە لە نووسینی ڕۆماندا، زادەی پاش و پێشخستنی ڕووداوەکان، یان لەتوپەتکردنی زەمان نییە، بۆیە نووسەر باشی کردووە کە ئەو تەکنیکەی ڕەچاو نەکردووە و ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژیایی کە لە گێڕانەوەدا دەبێتە (سەرەتا، لوتکە، کۆتایی) پێشکەش کردووە.

میلان کوندێرا دەڵێت: (ناتوانین لە گیانی هیچ سەردەمێک تێبگەین، ئەگەر ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە بەسەر نەکەینەوە.) ڕەنگە نەجیب مەحفووز یەکێک بووبێت لە شاهیدە هەرە ڕاستگۆیەکانی سەردەمی خۆی، ئەو ئەوەندە بە قووڵی بە لۆکاڵدا ڕۆ چووبوو، ئەوە وای کرد ببێتە نووسەرێکی جیهانی، ئاخر نووسەر درەختێکە تا ڕەگەکانی قووڵتر بە (نیشتمان)دا ڕۆ بچن، پۆلەمەلی لقەکانی زووتر ئاسمانی (جیهان) تەی دەکەن. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بدەین، هەست دەکەین ڕۆمانێکە ڕاستگۆیانە شایەتیی لەسەر قۆناغێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی دەدات و

بەرچاوی خوێنەر بۆ ئاشنابوون بەو سالانەی ڕۆمانەکە ئاوڕی لێ داونەتەوە، ڕووناک دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی ببیتە خاوەن دەنگی خۆت، تایبەتمەندیی خۆت هەبێت و بەرهەمەکانت بناسرێنەوە کە هی تۆن، پێویستە هەم خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆت بیت و هەم ئەتمۆسفیری نووسینت لە هی هیچ نووسەرێکی دیکە نەچێت. بۆ ئەوەی ببیتە نووسەرێکی وەها، پێویستە بێجگە لە نووسین، خاوەنی هیچ مەسەلەیەکی دیکە نەبیت و تەنیا نووسین بکەیە نیشتمانی خۆت. لە نووسیندا هیچ ڕێسایەک پیرۆز نییە و دەشێت هەر نووسەرە و ڕێسای خۆی هەبێت. نووسەری بوێر کەسێک نییە گاڵتەی بە مەرگ بێت، کەسێکە نە ملکەچی ڕێسای دێرین دەبێت و نە هیچ ڕێسایەکی نوێ بە پیرۆز دەزانێت. پاژنەی ئاخیلی بەختیار عەلی زمانە، ڕاستە خاوەنی زمانێکی تایبەتە، وەلێ زمانێک کە بە کەلێنەکانیدا دەناسرێتەوە.

دەستۆیفسکی دەڵێت: (هیچ نووسەرێکی ڕووس، بەو قووڵییەی پوشکین وابەستەی گەلەکەی نەبوو، بەلام بێ ئەوەی نەتەوەییەکی بەرچاوتەنگ بێت.) ئەوە بۆیە ئەلێکسەندەر بلۆک و مایاکۆفسکی ئەگەرچی شتی تازەیان هێنایە ناو شیعری ڕووسەوە، وەلێ نەیانتوانی لە بازنەی زمانی پوشکین دەرباز بن، ئاخر پوشکین بە ڕووسییەکی هێندە جوان دەینووسی، تەنانەت دەستۆیفسکی و گۆگۆڵیش کە لەسەر ئاستی دنیا زۆر لەو ناودارتر بوون، هەر ئەویان بە باوکی خۆیان دەزانی. بەختیار عەلی نە زمانێکی لەوەی نەوەکانی پێش خۆی جوانتری داهێناوە، نە وەفای بۆ ئەو زمانە ڕەوانە نیشان داوە کە وەک نموونە شوکور مستەفا پێی دەنووسی.

(بە مەبەستی کوشتن چەقۆی لە سنگی چەپی مەنسوور دابوو. ل٣٩) لای چەپی سنگ دروستە، یان مەمکی چەپ، ئاخر کەس دوو سنگی نییە، سنگ دەست نییە تا چەپ و ڕاستی هەبێت. (ئەو وێنەیە سەرەتای زنجیرەیەک وێنە و فلیمی ئیرۆتیکی بچووک بوو کە دواتر ئەرشیفی پۆرنۆگرافی لەم شارەدا ئاوەدان دەکەنەوە. ل١٣٥) فلیم هەڵەیە، فیلم دروستە، ئیرۆتیک هەڵەیە،

ئێـــرۆتیک، ڕاســتــە، ئێــرۆتیک و پۆرنـۆگـرافی دوو شــتی جــیــاوازن، بۆیە زۆروزەبەندیی یەکەمیـان، نابێتە هـۆی دەوڵەمەندبوونی دووەمیان، جیاوازیی نێوان ئێرۆتیکا و پۆرنۆگرافی وەک جیاوازیی نێـوان ڕۆمانی ئەلبێرتۆ مـۆراڤیا (١٩٠٧ – ١٩٩٠) و فــیلمی ڕووت وایە کـە یەکــەمــیــان ئەدەبێکی بـاڵایە و مـەبەسـتی دووەمیشیـان ورووژاندنی سێکسییە و هیچی تر. (لە شـارێکدا هەواری لا داوە. ل١٣٧) پێ دەچێت بەد لە مـانای هەوار حـاڵیی بووبێت، ئاخـر هەوار بەو جۆرە ناخرێتە ڕستەوە. دەبوو بڵێت: شـارێکی کردووە بە هەوار.... یان لە هـەوارێکدا بارگـەی خـسـتـووە. (بۆنی بۆکـرووز و سـووتانی گـۆشـتی ئینسـان بەرز دەبووەوە. ل١٥٤) دەبوو بنووسێت: (بۆکرووزی گۆشتی ئینسان بەرز دەبـووەوە.) ئەو ڕسـتـەیە نـە پێـویسـتی بە بۆنـە، نە بە سـووتان، ئاخـر بۆکرووز، بۆنی سووتانی گۆشتە. (دەیزانی هەر شەقامێک بە چ جۆرە زەوی و بە ناو چ باغـێک و بە کـێڵگەی چ جۆرە دەغـڵێکدا دەڕوات. ل٣٠٢) ئەوەی بە دەشتودەر و باغ و کێڵگەدا دەڕوات، شەقام نییە، ڕێیە، شەقام هـی ناو شارە. (پرووشە هەنسکۆکە و ئەسرینوان بوو. ل٣٤) ئەوەیش جێی سەرنجە بەختیار عەلی هەندێک جار وشە دادەهێنێت، یان ڕاسـتـتر دادەتاشێت، وەلێ چونکە ئەوە بـواری کـاری ئەو نیـیـە، هـەمـیـشـە بە هەڵەدا دەچێت، مـەبەسـتی لە هەنسکۆکە ئەوەیە، زۆر زوو دەکەوتە هەنسـک هەڵدان، ئەسـرینوانیش لای وی بە مانای گرینۆک دێت، بە مەرجێک پاشگری (ۆکە) بۆ کەم و گچکە نیشاندان دێت، وەک (بڕ)ۆکە، پاشگری (وان)یش بۆ لێزانینە، وەک مەلەوان و دارەوان.

ئەوە زۆر سـەیرە، کاتێک ئەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وەک عـەوام دەپەیڤن، لە ڕۆمـاندا وەک هەڵبژاردە بدوێن. ئایا دەکرێت بڵێین نووسـەر هیچ دەسـەڵاتی بەسـەر کـارەکـتـەرەکـانیـدا ناشکێت و ئەوە ئەمـە کە گـوێڕایەڵی ئەوانە، نەک ئەوان گوێڕایەڵی ئەم بن. ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت کە لە ڕوانگەی خوێنەرەوە، ئەوە نووسـەرە کـە شێـوازی ژیان، چۆنیـەتیی ئاخـاوتـن، باری دەروون، جـۆری بیـرکـردنەوە و تەنـانەت چارەنووسی کـارەکـتـەرەکـانیـشی دیاری دەکات. ئەدی ئەوە هـەر نووسـەر نیـیـە کـە ئەم کـارەکـتـەری بە کـوشت دەدات و ئایندەیەکی

گەش بۆ ئەوی دیکەیان دابین دەکات؟ ئاوی بابەتی نووسەری ڕاستەقینە، لە سەرچاوەی خودی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەوە بۆیە جەلالەدینی ڕۆمی لە (سروودی نەی)دا دەفەرمویت: (من نهێنیم دوور لە ڕوانینم نییە.)(*) ئێمیل سیوران پێی وایە، ئەو ڕۆماننووسەی بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە ئازادیی تەواو بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت و لێیان دەگەڕێت چی دەخوازن، بیکەن و چییان دەوێت، بیڵێن، لەو سۆفییە دەچێت کە ئەگەر بتوانێت خوداوەند جێ دەهێڵێت و هێندە لێی دوور دەکەوێتەوە، دەگاتە شوێنێک کە ئیدی توانای نوێژکردنی نامێنێت.

لایەنێکی جوانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) ئەوەیە، نووسەر وێنەی کارەکتەرەکانی لە گۆڕاندا دەکێشێت، ئەوە نییە بە هۆی ساڵانی سەفەرەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئینسان لە چەقۆکێشەوە، ببێتە کەسێکی دژە زەبروزەنگ و هەستناسک. (مرۆڤ کە بە جیهاندا گەڕا، ناتوانێت کەس بکوژێت، کە وات لێ هات مردنی باڵندەیەک ئازارت بدات، ئیدی حورمەتی ژیانی تریش دەگریت. ل٢٠٠) یان: (ئەو هەموو ساڵانەی سەفەر، فێری کردم ڕق بە تەواوەتی لە خۆمدا بکوژم. ل٢٣٦) گێڕانەوە بە جێناوی بزر، وا دەکات خوێنەر نووسەری پێ کەسێکی بێلایەن بێت، وەلێ هانابردن بۆ کەسی یەکەم، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر وا تێبگات، نووسەر بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. خەوشێکی ڕۆمانەکە ئەوەیە، گەلێک جار گێڕەرەوەی هەمووشتزان کە کەسێکە سەر بە گرووپی (مەنگوڕ)ی چەقۆوەشێن، وەک ڕۆشنبیرێک دەپەیڤێت.

وەک چۆن لە دوای هەر گەورەپیاوێکەوە، تەلاژنێک هەیە، لە دوای هەر قەلپیاوێکیشەوە بەلاژنێک هەیە. (ژن لە جاڵجاڵۆکە دەچێت و پیاو وەک مار وایە. ژن لە جێی خۆی دادەنیشێت و چاوەڕێی نێچیر دەکات، هەر کە پەیدابوو، توند توند دەیگرێت و ئیدی هەرگیز بەری نادات. پیاو وەکوو مار بە دوای نێچیردا دەگەڕێت، هەر کە تووشی هات، پێوەی دەدات.) سەوسەن فیکرەتی قارەمانی ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)ی بەختیار عەلی، ڕەنگە تەلاژن بێت، وەلێ لەو جۆرە ژنانەیە کە شێوازی ڕاویان لە هی

جاڵجاڵۆکە دەچێت.

ئیشی دەستوپێوەند ئەوەیە درۆ بۆ پاشا بکات، نەک ڕاستییەکانی پێ بڵێت، ئیشی ئەوەیە شتی لێ بشارێتەوە، نەک شتی بۆ ئاشکرا بکات. ڕۆماننووس ڕاستی دەڵێت، درۆ ناکات، نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، بەردیان لەسەر دانانێت، ئەگەرچی بە دارستانێک لە سانسۆر ئابڵووقە دراوە، لەوانە: سانسۆری سیاسی، سانسۆری ئایینی و سانسۆری دابونەریت. کاری ڕۆماننووس لە وڵاتێکدا کە فەتوا لەسەروو یاساوە بێت، کە ئایین و دەوڵەت هاوسەنگەر بن، کە خێڵ لەسەروو نیشتمانەوە بێت، کە پەرلەمان لەبری ئەوەی چاودێریی دەسەڵات بکات، لە خزمەتیدا بێت و سەنگەر لە گەل بگرێت، ئەوەندە سەختە، وەک بە گژ مەحاڵدا چوونەوە وایە. بەختیار عەلی لە (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا، (کە ڕۆمانێکە پێمان دەڵێت: ئەوە سەفەرە فێرمان دەکات، دژی شەڕ بوەستینەوە،) ڕاستییەکانی بە خوێنەر گوتووە و بەرانبەر بە کاری خۆی وەک ڕۆماننووسێک بەوەفا بووە. (ئەگەر دەخوازیت بژیت، سەفەر بکە!) ئەوە گوتەیەکی بەناوبانگی ناسراوترین نووسەری دانمارک (هانس کریستیان ئەندەرسن)ە (١٨٠٥ – ١٨٧٥) چونکە بە هۆی سەفەرەوە لە مانای ژیان تێدەگەین، ڕەنگە ئەوەی ئەندەرسن بە ڕستەیەک گوتوویەتی، بە ڕۆمانێکیش هەر هێندە بگوترێت.

٢٠٠٩/٩/٢٩

(*) جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی، ئەحمەد تاقانە، ل٢٩ دەزگای ئاراس، چاپی دووەم ٢٠٠٨ هەولێر.

(**) بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، ٢٠٠٩ چاپخانەی کارۆ. (شوێنی چاپی لەسەر نییە.) (لە نموونەکاندا ڕێنووسم بۆ ڕاست کردووەتەوە.)

# لە ڕوانگەی خوێنەری شتزانەوە

دەمێکبوو خۆم لێ ون بووبوو
لەمێژبوو بۆ خۆم دەگەڕام
باشبوو دوا جار
خۆم لە جادەی عاشقاندا دۆزییەوە.

١

جاران بەختیار عەلی زوو زوو وشەی (جاهیل)ی پاتە دەکردەوە، ئەوی سووکەڕەخنەیەکی لێ گرتبا، یەکسەر بێ دوودڵی بە جاهیل نێوزەدی دەکرد. ماوەیەکە بە زەبری نووسینێکی بنووسی ئەم دێڕانە،[١] وازی لە بەکارهێنانی ئەو وشە دزێوە هێناوە، وەلێ هێشتا دەروێشەکانی بۆ داکۆکیکردن لەو، ناوبەناو هانا بۆ ئەو وشەیە دەبەن و ئاڕاستەی ئەوانەی دەکەن کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی بەرهەمی نووسەری ناوبراو دەدەن.

من و بەختیار عەلی پێوەندییەکی پتەو، وەلێ جیاوازمان بە جاهیلانەوە هەیە، خوێنەرە بێسەوادەکانی کورد کە هەندێکیان تەنانەت خۆیان پێ ڕۆژنامەوان یان نووسەریشە، ستایشێکی ئەو دەکەن، مەگەر هیوابڕاو بەو جۆرە پەسنی فەریادڕەس بدات، هێرشێکیش دەکەنە سەر من، وەک دوژمنی سەرەکییان بم. ئەو خوێنەرانە چونکە هیچ زمانێکی بێگانە نازانن، هیچ شارەزاییەکیان لە ئەدەبی گەلانی دیکەدا نییە، گەورەئەدیبانی دنیا ناناسن و تەنیا بەرهەمی بەختیار عەلییان خوێندووەتەوە، بۆیە ئەویان پێ لوتکەیە، ئاخر ئەگەر بۆ نموونە: دەستۆیفسکی یان (تۆلستۆی)یان ناسیبا، بۆیان

دەردەکەوت دوای چ وەهمێک کەوتوون.

برێک لەو خوێنەرە بەستەزمانانە، هەندێک جار پرکێشیی ئەوەیش دەکەن و دەڵێن: (بەختیار عەلی شیاوی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلە!) کەسێک مافی ئەوەی هەیە، ئەم و ئەو بۆ خەڵاتی نۆبێڵ (کاندید) بکات، شارەزای ئەدەبی دنیا بێت و لە نزیکەوە ئاگاداری بەرهەمی شاعیر و نووسەرە بلیمەتەکانی هەموو وڵاتانی جیهان بێت. هەشتاوحەوت ساڵ بوو خەڵاتی نۆبێڵ داهاتبوو، ئینجا بەر عەرەب کەوت، ئاخر ئەو خەڵاتە لە (١٩٠١)ەوە دابەش دەکرێت، ئەوسایش هێشتا زۆر شارەزا پێیان وابوو، ئەگەر نەجیب مەحفووز بەرانبەر ئیسرائیل نەرمونیان نەبووایە، ١٩٨٨ نۆبێڵی وەرنەدەگرت. ئەو بۆچوونە کەم و زۆر ڕاستیی تێدایە، ئاخر لە مێدیای سوێددا جوولەکە ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکات. کە عەرەب بە هەشتاوحەوت ساڵ وەری بگرن، کە تورک بە سەدو پێنج ساڵ پێی شاد بن، (ئۆرهان پاموک ٢٠٠٦) کە هێشتا فارس بەریان نەکەوتبێت، ئایا قسەکردن دەربارەی ئەوەی فلان نووسەری کورد شیاوی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵە، زادەی جەهل نییە؟

ڕێ دەکەوێت نووسەرێکی وەک شێرزاد حەسەن یان شاعیرێکی مینا شێرکۆ بێکەس، پەسنی بەختیار عەلی بدەن، ئەوەیشیان هەم نان بە قەرزدانە، بۆ ئەوەی ئەویش ستایشیان بکاتەوە، هەم دوای قەڵەباڵغی کەوتنە، نەک پێیان بگوترێت، چونکە کاڵای بەری پاشا نابینن، دیارە نەفام یان تەنانەت ناپاکیشن! مەبەستم کاڵا وەهمییەکەی پاشای ئەفسانەکەیە کە هەرچەندە کەس نەیدەبینی، کەچی هەمووان گۆرانییان پێدا هەڵدەگوت. شێرکۆ بێکەس خۆی نکۆڵیی لەو دوای قەڵەباڵغی کەوتنە ناکات، ئەوە نییە کە لێی دەپرسن: بۆچی شیعرت بۆ بارزانی گوتووە؟ دەبێژێت: ئاخر ئەو سەروەختە هەمووان لەگەڵ ئەو بوون.

بەختیار عەلی لە بواری ڕێکلامکردندا بۆ خۆی، دەستڕەنگینترین نووسەری کوردە، ئەگەر دووهەزار لە کتێبێکی بفرۆشرێت، بانگەشەی ئەوە دەکات، دەهەزاری لێ فرۆشراوە، دووهەزار دۆلار قازانج لە کتێبێکی ناکات، کەچی

خـوێنەر بەوە فـریو دەدات کـە بیـست هـەزار دۆلاری لێ سـوودمـەند بووە. ئەو هـەر خۆی نا، لـەشکرێکیش بەردەوام ڕێکلامی بۆ دەکەن، هێشتـا (غەزەلنووس و باغـەکانی خـەیاڵ)ی[٢] نەگـەییشـتـبووە چاپخـانە، دەروێشـەکـانی سـەودای مـاسییـان لە چەمدا دەکرد، ئەوە نەبوو دیمانەیان دەربارەی کتێبێک لەگەڵدا سـاز دەکـرد کە هـێشـتـا چاپ نەکـرابوو! هێـشـتـا هیچ کـەس ئەو ڕۆمـانەی نەخـوێندبووەوە، ئاخـر تازەکی کـەوتبووە بـازاڕەوە، یەکێک لـە (هاوڵاتی)یەوە، جـاڕی کـردنەوەی فـایلێکی بەردەوامی بۆ سـتـایشکـردنی ئەو ڕۆمـانەی دا! دەشێت نووسـەر هەندێک لـە لووتبڵندی و تۆزێک لە خـۆویستـی تێدا هـەبێت، تەنانەت دووچاری (پارانۆیا)[٣]یش ببێت، وەلێ نووسـەرێکی کورد شک نابەم، هێندەی بەختیـار عـەلی لەو بوارانەدا زێدەڕۆیی کردبێت، ئەوە نەبوو دەیگوت: (پیـاوە گـەندەڵەکـانی ناو دەسـەڵات بە ملیـۆنەها دۆلاریان بۆ هاندانی قـەڵـەمـە زڕەکان، لە دژی ئێمە تەرخان کردووە!)[٤]

ڕۆمانی (بەفر) کە (ئۆرهان پاموک)ی وەرگری خەڵاتی نۆبێل نووسیویەتی و بەکر شـوانی بە کوردییەکی جوان و پاراو لە زمانە ئۆرگیناڵەکەیەوە، کردوویە بە کوردی و دەزگای ئاراس بڵاوی کردووەتەوە، تەنیا دووهـەزار دانەی لێ چاپ کراوە، ئیدی بانگەشەکردن بۆ ئەوەی فـلان ڕۆمانی بەختـیار عـەلی دەهـەزاری لێ دەفـرۆشـرێت، بـەڵگەیەکـە بۆ ئەوەی، سـتـایشکەرانی بـەخـتـیـار عـەلی، لەشکرێکی جـاهیلـن و هیـچی تر، ئەگـەرنا دەبـوو تیـراژی بەفـر، لای کـەم دە هێندەی باڵاترین ڕۆمانی کوردی بووایە.

لە ئەورووپا ئەوە گرنگ نییە، چەند کتێبت چاپ کردووە، گرنگ ئەوەیە کام وەشـانخـانە کتێبی بۆ چاپ و بڵاو کردوویەوە. گرنگ ئەوە نییە، ڕۆمـانەکەت چەند لاپەڕەیە، گرنگ ئەوەیە هـیچ کەسـایەتی یان ڕووداوێکی وای تێدا نەبێت کـە هـەبوونیـان پێـویست نـەبێت، ئاخـر لـەوێ با یەکـێک بیت لە ناودارترین نووسـەرانی دنیـایش، هیچ دوور نییـە، وەشـانخـانەکەت پێت بڵێ: برۆ فـلان کارەکتەر و فیسار ڕووداو لە ڕۆمانەکەتدا مەهێڵە، ئەوسا بیهێنەوە! بەختیار عـەلی زۆر خۆشحاڵە بـەوەی ڕۆمانەکانی ئەستوورن، ئەگـەرچی ئەوە لایەنێکی

لاوازی نووسینەکانیەتی، ئاخر لە ئەورووپا بەو جۆرە ڕۆمانانە دەگوترێت: ڕووداوەکانی کیسەڵئاسا دەچنە پێشەوە، یان دەگوترێت: ڕۆمانەکە هێندە خاووخلیچک ڕێ دەکات، دەڵێیت گالیسکەیەکی لە قوڕدا چەقیوە. لە چاپخانەی (ڕەنج)دا، کە کتێبەکانی بەختیار عەلی چاپ و بڵاو دەکاتەوە، کەسێک نییە شارەزایی لە ڕۆماندا هەبێت، ئەگەرنا فریای دەکەوت و لێ نەدەگەڕا ئەوەی بە ڕستەیەک دەگوترێت، بە لاپەڕەیەک بیڵێت.

٢

ئەگەر دەتوانیت بە جۆرێک خوێنەر کەمەندکێش بکەیت، وەک جادووی لێ کرابێت، ئەگەر دەتوانیت گوڵی سیسبووی کەسایەتیی خوێنەر، سەرلەنوێ بگەشێنیتەوە، ئەگەر دەتوانیت وا بکەیت، مەلی کەسیرەبووی خەیاڵی خوێنەر لە شەقەی باڵ بداتەوە، ئەگەر دەتوانیت وا لە خوێنەر بکەیت، بەشداریی لە ڕۆنانی دنیایەکی نوێدا بکات، ئەگەر دەتوانیت بە خەیاڵ بەهەشتێک بنیات بنێیت، خوێنەر بۆ دەربازبوون لە دۆزەخی واقیع، هانای بۆ ببات، ئەوسا لافی ئەوە لێ بدە کە ڕۆماننووسیت.

لە نێوان بەگەڕخستنی خەیاڵ و هەڵڕشتنی درۆدا، داوێکی باریک هەیە، ئەو داوە سنووری نێوان دنیای خەیاڵ و جیهانی درۆ دیاری دەکات و لێکیان جودا دەکاتەوە. ئەو چیرۆکەی ئەو داوە لەبەر چاو نەگرێت، یان دروستتر ئەو هێڵە سنوورە ببەزێنێت، لەبری ئەوەی بە ئاسمانی بەرینی خەیاڵدا، سەرقاڵی بەرزفڕین بێت، لەسەر زەوینی واقیع خەریکی هەڵڕشتنی درۆ دەبێت. لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، ئەوەی بەختیار عەلی پێوەی خەریکە، لە هەڵڕشتنی درۆوە نزیکترە، وەک لە بەگەڕخستنی خەیاڵەوە. سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت: (ئەدەب لە ڕێی درۆی زیرەکەوە، ڕاستی دەڵێت.) درۆکانی ناو (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) چونکە لە درۆی زیرەک ناچن، بۆیە توانای گوتنی ڕاستییان نییە.

ڕاستە ڕێبازێکی ئەدەبی، لەمێژە سەری هەڵداوە کە ناوی ڕیالیزمی

جادووییه، وەلێ نووسین بەو شێوازە، پشت بە ئەفسانە، خەیاڵ و حەکایەتی میللی دەبەستێت، نەک بە هۆنینەوەی درۆ. نووسینی سەر بەو ڕێبازە، هەرچەندە بەرەڵاکردنی داوە، بۆ کۆلارەی خەیاڵ، وەلێ پساندنی دەزووی پێوەندیی نییە بە واقیعەوە. نووسین بەو تەکنیکە هەرچەندە خوڵقاندنی کارەکتەری ئەفسانەییە، وەلێ هاوزەمان جۆرێکیشە لە گێڕانەوەی بیۆگرافیای خودی نووسەر، یان بەسەرکردنەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکی دیکەی مەیلە و ڕاستەقینە. بەوەدا نووسەر لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، زوو زوو ئەوە بیری خوێنەر دەخاتەوە کە خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکە و هەندێک جار پێشبینیی ئەو بەسەرهاتانەیش دەکات کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، ئەوی ڕۆمانی (بەفر)ی خوێندبێتەوە، هەست دەکات بەختیار عەلی ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی لە ئۆرهان پاموک قەرز کردووە.

(غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) هاوزەمان بریتییە لە کۆمەڵێک چیرۆکی کورت، بەسەرکردنەوەی ژیاننامەی کەسانێکی ئەفسانەیی و هەندێک گوتار و ڕامان سەبارەت بە خەیاڵ و فەلسەفە، بەڵام نووسەر نەیتوانیوە لەو تێکەڵەیە، ڕۆمانێک بەرهەم بهێنێت، لەو جۆرەی فەرەنساییەکان دەیاننووسی و بە نارۆمان نێوزەد دەکرا، ئاخر بۆ نموونە ئالان ڕۆب گرێ کە بونیادی ڕۆمانی دێرینی تێک دەشکاند، بونیادێکی دیکەی دەخوڵقاند. (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) هەرچەندە بایەخ بە شەڕ و بە مێژوویش دەدات، کەچی نە ڕۆمانێکی چەنگییە، نە ڕۆمانێکی دیرۆکی. نووسەر لەبری ئەوەی خەیاڵ وەگەڕ بخات، هاتووە باسی خەیاڵ دەکات.

بۆ ئەوەی فێری هەر زمانێک ببین، پێویستە بەو زمانە ڕۆمان بخوێنینەوە، ئیدی ئەو زمانە، هی دایکی خۆمان بێت یان زمانێکی بێگانە. من بەش بە حاڵی خۆم، ئەو کوردییەی دەیزانم، بە هۆی ئەو ڕۆمانانەی (یەشار کەمال)ەوە فێری بووم کە شوکور مستەفا دەیکردن بە کوردی، ئەو عەرەبییەی دەیزانم بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی ئیحسان عەبدولقودووس و نەجیب مەحفووزەوە فێری بووم و ئەو تۆزە سوێدییەیشی دەیزانم، بە هۆی خوێندنەوەی

ڕۆمانەکانی (ئاستريد ليندگرێن)ەوە کە بۆ مێردمندالآنی دەنووسين، فێری بووم.

جێی داخە بەختيار عەلی کە لەسەر نووسينی ڕۆمان سوورە، نەک کەس لێيەوە فێری زمانی کوردی نابێت، بەڵکوو خودی خۆی، هێشتا فێری ئەوە نەبووە بە کوردييەکی ڕەوان بنووسێت. (ئەوی خەياڵی نەبێت، دنيا بێ ڕەنگ دەبينێت. ل٦٠) مەگەر با، بێ ڕەنگ بێت، ئەگەرنا، دنيا بێ ڕەنگ نييە، دەشێت مەبەستی لە بێ ڕەنگ، ڕەش و سپی بێت، وەلێ ڕەش و سپييش دوو ڕەنگن، دوو ڕەنگی سەرەکی و بنچينەيی. (بەيانييەک زوو لەگەڵ شەبەيخووندا ماڵەکەی بار کرد. ل١١٣) شەبەيخوون وەختێکی دياريکراو نييە، پەلاماردانە بە شەو. (بۆنی گەوڕی لادێی لێ دەهات. ل١٤٧) وەک بۆنی گەوڕی شارۆچکە لە هی لادێ جياواز بێت. (بۆنی کتێبەکە لە بۆنی هەندێ کووچەی داخراوی ئەم شارە دەچوو. ل٤٧١) ئايا هيچ جياوازييەک لە نێوان بۆنی کووچەی بنبەست و کووچەيەکدا کە دەربچێت، هەيە؟ (کەشتييەکەی خۆم نەسەولاند. ل١٥٤) سەولاند، نە سەوڵێدانە لە گەرداندا، نە گەمەکردنە لەتەک وشەدا، ئەتککردنی وشەيە.

بۆ نووسينی ڕۆمان تەنيا ئەوەندە بەس نييە کە زمان بزانيت، دەبێت وێڕای زانينی زمانێکی پوخت، شارەزای سينەما، دراما، ديرۆک، سياسەت، فەلسەفە بيت و کۆمەڵناسێکی باش و دەروونناسێکی لێهاتوويش بيت.(٥) ئينسان هەرچەندە ناتوانێت بە تەنيا فيلمێک يان شانۆنامەيەک بەرهەم بهێنێت، وەلێ دەتوانێت بە تەنيا ڕۆمانێک بنووسێت، بەلآم نووسينی ڕۆمان کە بە ڕووکەش تەنيا پێويستی بە قەڵەم و دەفتەر، يان ئامێرێکی چاپکردنە، زۆر لە دەرهێنانی فيلم و شانۆگەريی ئەستەمترە، ئاخر خۆ لە خۆڕايی نييە، دەڵێن: بۆ ئەوەی ميللەتێک بناسين، دەبێت ڕۆمانەکانی بخوێنينەوە، ئاخر ئەوە تەنيا ڕۆمانە، خەم و ئازار و هيوای تاک و گەل و نيشتمان بەرجەستە دەکات.

ئەو ئەدەبەی دەمانهێنێتە پێکەنين، هەويرێکە بە ئاوی خەم و ئازار شێلراوە. ئەوە چييە وای کردووە، بەختيار عەلی توانای ئەوەی نەبێت،

پەرەگرافێکی وا بنووسێت، زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی خوێنەرێک؟ چونکە ئەوین هیچ لۆگیکێک ناناسێت، بۆیە ئەوی ئەویندار بێت، بڕوای بە ئەفسانەیش دەبێت، ئەوی ئەویندار بێت، کەسێکە قسە شیرین و ڕۆحسووک. سەیر ئەوەیە بەختیار عەلی کە گوایە ئەدەبێک دەنووسێت، بارگاوییە بە ئەفسوون، کەچی هیچ نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە، سەروەختی نووسین، ئەویندار و ڕۆحسووک بێت.

بۆ ئەوەی ڕۆمان سەرکەوتوو بێت، مەرج نییە کارەکتەرەکان لە قارەمانگەلی نێو داستان و ئەفسانە بچن. کارەکتەرەکانی ئەلبێرتۆ مۆراڤیا، زۆریان سێکسفرۆش بوون، وەلێ بەو کەسایەتییانە ڕۆمانی نەمری دەنووسی. (گەلاوێژ تاوڵەیەک دەزانێت کەس لە دنیادا لێی ناباتەوە. ل٦١) (تریفە نەخشەی مافوورێک دەکێشێت، لە دنیادا وێنەی نییە. ل٨٢) (باڵای زوهدیی شازەمان لەسەروو دوو مەترەوەیە ل٨٧) و (لەگەڵ سەدان ئافرەتی جیاوازدا خەوتووە و لە ژیانیدا دوو جار لەگەڵ یەک ژندا نەخەوتووە. ل١١٩) (عەتتار لە ماوەی سەعاتێکدا، دەیان قەموور بۆ پزیشکێک پەیدا دەکات. ل١٢١) بە مەرجێک لە شارێکی وەک سلێمانیدا بە دەگمەن پشتکوورێک هەیە. (شەهریاری شووشە دەتوانێت ئەودیو دیوارەکان ببینێت. ل١٢٢) (کوڕێک دەتوانێت گوللە بوەستێنێت و کچێک دەتوانێت جنسی منداڵان لە زگی دایکیاندا بگۆڕێت. ل١٢٢) (مەلای هاجەر سەدهەزار بەیت دەنووسێت، دەیەها سندووقی پڕ غەزەل. ل١٤١ و ١٥٧) بە مەرجێک هەموو ئەدەبی کلاسیکی کورد هێندە نابێت. جێی سەرنجە نووسەر دەرک بە جیاوازیی نێوان بەیت و چوارینە ناکات، بۆیە کە چوارینەیەکی نووسیوە، بە بەیتێکی لە قەڵەم داوە. ل١٨٧ (موراد لەگەڵ هەر ژنێکدا بخەوتایە، کۆمەڵێک ئەستێرەی لە دوای خۆیەوە بەجێ دەهێشت کە تا ماوەیەک لە هەوای ماڵەکەدا دەمانەوە. ل١٥٧) ئایا ئەو جۆرە وەسفانە لە درۆوە نزیکترن یان لە خەیاڵەوە؟ بەختیار عەلی نەک هەر قارەمانەکانی ئەفسانەیین، بەڵکوو کۆنەخاولییەکی بەکارهێنراویشمان لێ دەکات بە ئەنتیک و ئەفسانە، گەرچی خاولیی

بەکارهێنراو، با خاوەنەکەی شازادە دیانایش بوبێت، کەسی دیکە خۆی پێ وشک ناکاتەوە.

دەشێت ئینسان دوو جار یان زیاتریش عاشق ببێت، وەلێ ناشێت بە زەبری هەمان ئەو هۆکارانەی یەکەمین، دیسانەوە بکەوێتە داوی ئەوینێکی دیکەوە، ئاخر هەر ئەوینە و هۆکارگەل و هەلومەرجی تایبەتیی خۆی هەیە. بەختیار عەلی وەک دەرکی بەم ڕاستییە نەکردبێت، هەر بەو کەرەسە دێرینانەی لە ڕۆمانەکانی پێشوویدا بەکاری هێناون، ئەم ڕۆمانە تازەیەشی نووسیوە. ئەوە نییە لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا، ژەنیاری لای ئەو، چاکترین مۆسیقاری دنیایە و شانی هیچ نیگارکێشێکی دنیایش، ناگاتە ئاستی داوێنی شێوەکارێکی کن وی. ڕەنگە بەرچاوترین جیاوازیی نێوان (دواهەمین هەناری دنیا) و (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)یش هەر ئەوە بێت، ئەو ئەرکەی لە یەکەمیاندا بە هەندێک کاسێتی سپاردووە، لە دووەمیاندا چەند نامەیەک جێبەجێی دەکات.

ئەو کارەکتەرانەی لە ڕۆمانێکدا کۆ دەکرێنەوە، کەسیان لەوی دیکەیان ناچێت، هەر یەکەیان نەک هەر بیر و بۆچوون، تەنانەت هەڵچوونی تایبەتیشی هەیە. ڕاستە نووسەر دەخوازێت لە ڕێی کارەکتەرەکانییەوە، بیر و هەستی خۆی دەرببڕێت، وەلێ دەبێت بۆ گەیاندنی هەست و بیری خۆی، کەسانی شیاو دەستنیشان بکات. چنین کە لە ڕۆماندا لە پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکاندا چڕ دەبێتەوە، دژوارترین ئەرکی نووسەرە. گرنگ ئەوە نییە لە فلان ڕۆماندا چەند کەسایەتیی جیاواز هەیە، گرنگ هونەری چۆنیەتیی کۆکرنەوەیانە، بێ ئەوەی پشت بە ڕێکەوت ببەستین و بێ ئەوەی متمانەی خوێنەر لە دەست بدەین.

٣

میلان کوندێرا وای بۆ دەچێت، ڕۆمان لە ئەورووپا ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرهەڵدان و چەسپاندنی دیمۆکراسیدا وازی کردووە، ئاخر ئەو جیهانەی بۆ

نموونە، دەستۆیفسکی وێنەی کێشاوە، جیاواز بووە لەو دنیایەی خوێنەر پێی ئاشنا بووە، ئەمەیش کارێکی کردووە، ئینسان لەسەر ئەوە ڕابێت، بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی ئەوی دیکەی جیاواز بدات. ئەمە وێڕای ئەوەی ڕۆمان، بایەخ بە تاقە دەنگێک نادات، بەڵکوو لەگەڵ فرەدەنگیدایە و لە ڕێی گێڕانەوەی جیاوازەوە، ڕێ بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی جیاواز خۆش دەکات، هەست و بیری خۆیان دەرببڕن و بوار بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت، باس لە خەون و خولیاکانی خۆیان بکەن.

فرەدەنگی کاتێک بەشداریی لە چەسپاندنی دیمۆکراسیدا دەکات کە دەنگەکان بە تەواوی لە یەکدی جیاواز بن، یان ئەوانەی بیرەوەری و بەسەرهات دەگێڕنەوە، کەسانێک بن، هەر یەکە و خاوەنی لێکدانەوەی خۆی بێت، ئاخر فرەدەنگی بەوە دەستەبەر ناکرێت کە کۆمەڵێک کەسایەتی بە ناوی جیاواز و دیتنی هاوبەشەوە، لە ڕۆمانێکدا کۆ بکرێنەوە. دەشێت پەیامی ئەدەب کە نووسەر بە گێڕانەوە و خەیاڵدا دەینێرێت، ئازادی و داد و ئەوین بێت و ژیان بەو سێ چەمکە ببەخشێت.

وەرگر ڕۆمانێک بە تامەزرۆییەوە دەخوێنێتەوە کە بەردەوام لە هەڵکشاندا بێت، نەک ڕۆمانێک کە پەرشوبڵاو ببێتەوە. ڕۆمانێک خوێنەر کەمەندکێش دەکات کە ستوونئاسا گەشە بکات، ئاخر ڕۆمانێک کە ئاسۆیی خۆی بنوێنێت، خوێنەر دووچاری بێزاری دەکات. غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، وێڕای ئەوەی لەبری هەڵکشان، بەردەوام پان و پانتر دەبێتەوە، هێندە درێژدادڕیشی پێوە دیارە، گێڕەرەوە تێیدا لە بەنداوێک دەچێت، بەربەستەکەی درزی تێ بووبێت. لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، خوێنەر دەتوانێت، باز بەسەر ئەم یان ئەو بەشدا بدات، بێ ئەوەی دواتر هەست بەو کەلێنە بکات، کە دەبێت بکەوێتە ڕۆمانەکەوە. فۆرمی کورتبڕی هەمەنگوای کە بە فەرامۆشکردنی ڕستەیەک بۆشایی دەکەوێتە بەرهەمەکانییەوە، وەبیر خۆت بهێنەوە، ئیدی هەست دەکەیت، بەختیار عەلی چەند زێدەڕۆییی لە بواری درێژدادڕیدا کردووە.

نووســـەر لە بواری ناولێنانیـــشـــدا ســـەرکـــەوتوو نەبووە، ئاخـــر هیچ سەرمایەدارێک هێندە گێل نییە، ناوی (بەفر و سەراب) لە هۆتێلەکەی بنێت، چونکە ئەوسا میوان لەوە دەترسێت، هۆتێلەکە ساردوسڕ و بێ ئاو بێت. نووسەر تەنیا سەرمایەدارانی پێ گێل نییە، خوێنەرانیشی پێ گێلە، ئەگەرنا نەیدەنووسی: (مـێـردەکـەی باران شـوکـور لە تەیرێکی بریندار دەچێت. بەستەزمانە لە تەیرێکی باڵشکاو دەچێت. لە چۆلەکەیەک دەچێت واشە لێی دابێت، لە پاســاریـیــەک دەچێت، داڵ لێی دابێت. ل ٢٣٣ و ٢٣٤ و ٢٣٥) بە ڕاست ئەوە گاڵتەکردن نییە بە ئاوەزی خوێنەر؟ ئەگەرنا، ئەدی جیاوازی چییە لە نێوان چۆلەکەیەک کە داڵ لێی دابێت و پاسارییەکدا کە واشە لێی دابێت؟ خوێنەر چۆن هەست بکات، چۆلەکەکە داڵ و پاسارییەکە واشە لێی داوە؟ تۆ لەوە گەڕێ چۆلەکە و پاساری هەر یەک مەلن.

بەخـتـیـار عـەلی وەک ڕاهاتووە، بێ دوودڵی لاسـایی نووسـەرانی دیکە دەکاتەوە، بێ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ سەرچاوە ڕابکێشێت. ئەو فۆرمی گێڕانەوەیە کە تێیدا نووسەر پشت بە چەند گێڕەرەوەیەک دەبەستێت، تەکنیکێکی گەلێک دێرینە، هەر بۆ نموونە، عەبدولڕەحمان مونیف لە ڕۆمانی (خۆرهەڵاتی ناوین)دا بەکاری هێناوە، دەشێت لەسەر ئاستی جیهان، ولیەم فۆکنەر ناسراوترین نووسەر بێت کە پشتی بەو شێوە گێڕانەوەیە بەستووە. نووسەر بۆیە بەو شێوەیە دەنووسێت، تا پێمان بڵێت، ئەوەی تۆ بە ڕاستی دەزانیت، دەشێت بە لای ئەوی دیکەوە ڕاست نەبێت، تەنانەت ڕەنگە ژمارەی ڕاستییەکان، هێندەی ژمارەی چیرۆکبێژەکان (گێڕەرەوەکان) بێت. باوەڕهێنان بە هەبوونی کۆمەڵێک ڕاستی، دەشێت ئینسان بۆ ئەوە هان بدات، لەبری سەرکەوتن بەسەر ئەوانی دیکەدا، هەوڵی پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بدات.

فۆرمی گێڕانەوە بە هۆی یادداشتەکانی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، ئەوەیش تەکنیکێک نییە بەختیار عەلی دایهێنابێت، ئاخر بۆ نموونە، عەلاء ئەسوانی ڕۆمانی (شیکاگۆ)ی بەو تەکنیکە نووسیوە، تەنانەت وەک چۆن عەلاء

ئەسوانی یادداشتەکانی (ناجی عەبدولسەمەد)ی بە فۆنتی جیاواز نووسیوە، بەختیار عەلییش یادداشتەکانی (بارۆنی خەیاڵ)ی بە فۆنتی جیاواز نووسیوە. وەک چۆن لای گارسیا گابریل مارکیز، لە ڕۆمانی (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)دا، ئافرەتێک کە زۆری بۆ دێت، بۆ ئاسمان هەڵدەکشێت، لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)یشدا، مەهناز کە زۆری بۆ دێت و خۆی دەسووتێنێت، تەنانەت خۆڵەکەویشی لە پاش بەجێ نامێنێت.

زانیاری دەربارەی فیلم، شێوەکاری و چیرۆکی منداڵان کە بەختیار عەلی بۆ تۆقاندنی خوێنەری کەمزان وەک ماسوولکە نمایشی دەکات، لە ئەورووپا بە هۆی ئینتەرنێتەوە لەبەر دەستی زۆربەدایە و منداڵی دە دوازدە ساڵانیش دەیزانێت. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە، نووسەر هەرچەندە خۆی وەک شارەزای بواری سینەما نیشان دەدات، کەچی بە درێژایی ڕۆمانەکەی، چەندان جار، لەبری فیلم، فلیم دەنووسێت! نووسەر هێندە پەسنی غەزەلنووس دەدات، خوێنەر ناهەقی نییە، وای بۆ بچێت، نالی ئەگەر مابا، خۆی بە شاگردی ئەو شاعیرە گەورەیە ناونووس دەکرد، کەچی کە چەند جارێک نموونە لە غەزەلی غەزەلنووس دەهێنێتەوە، هێندە لاوازن، خراپترین شیعری دێرینی کوردی، لە چاویاندا شاکارە.

پاژنەی ئاخیلی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ ئەوەیە کە هێندە لە ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پاموک دەچێت، تا ئەو ئاستەی دیسانەوە خوێنەری شتزان، لە بەختیار عەلی بکەوێتە گومانەوە. لە (بەفر)دا، کا (قارەمانی ڕۆمانەکە) لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا دێتەوە و لە شاری (قارس) لە هۆتێلێک لا دەدات و لەگەڵ (ئیپەک)ی کیژی خاوەنهۆتێلەکەدا، تا ڕادەی جووتبوون دەست تێکەڵ دەکات. لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا، (زوهدی شازەمان) لە ئینگلیستانەوە بۆ کوردستان دێتەوە و لەگەڵ (ئەفسانە)ی ژنی خاوەنهۆتێلدا، تا ئاستی جووتبوون دەست تێکەڵ دەکات. بە هەمان ئەو شێوازەی (ئیپەک) شەوان سەردانی (کا) دەکات، (ئەفسانە)یش سەر لە زوهدی شازەمان دەدات. (کا) بۆ ڕووماڵکردن و بەسەرکردنەوەی دیاردەی خۆکوشتنی ژنانی سەربەلەچک

ڕووی کردووەتە قارس، زوهدی شازەمانیش بۆ سۆراخکردنی باران شوکوری خوشکەزای کە مێردەکەی بە تۆمەتی ناپاکیکردن کوشتوویەتی، گەڕاوەتەوە. کەواتە نەک هەر گەڕانەوەکان لە یەکدی دەچن، بەڵکوو مەبەست لە گەڕانەوەکانیش هەر هەمان مەبەستە کە کێشەی ژنکوشتنە.

ئەو کردە سێکسەی لە نێوان (ئیپەک و کا)دا ڕوو دەدات، کوتوپڕ و بێ پێشینە نییە و ئۆرهان پامـوک وەک سێکسی نێوان دوو ئینسان وێنەی کێشاوە، وەلێ ئەو سێکسەی نێوان (ئەفسانە و زوهدی شازەمان) کە بەختیار عەلی باسی دەکات، چونکە لە ناکاو و بێ هیچ پێوەندییەکی دێرین ڕوو دەدات، هەر لە سێکسی نێوان ئاژەڵان دەچێت. پێم وایە ئەو پیاوەی توانای ئەوەی نەبێت، لە هەستی ژن تێبگات، توانای ئەوەیشی نابێت، شتێکی جوان دەربارەی ژن بنووسێت. شیعر لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و دەربڕی هەستی خودی شاعیرە، وەلێ ڕۆمان چونکە پێویستە ناخی کەسانی دیکەیش بخاتە ڕوو، بۆیە خەیاڵی ڕۆماننووس دەبێت زۆر لە خەیاڵی شاعیر فراوانتر بێت. وەک چۆن شاعیر سەرکەوتووانە باسی خەم و خولیاکانی خۆی دەکات، پێویستە ڕۆماننووس وێڕای هەستی خۆی، بە سەرکەوتوویی هەستی کەسانی دیکەیش دەرببڕێت. بەختیار عەلی هەرچەندە لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا بەردەوام باسی خەیاڵ دەکات، وەلێ لە بواری بەگەڕخستنی خەیاڵدا، خوێنەر (خوێنەری شتزان نەک هی بێسەواد،) تووشی نائومێدی دەکات.

٤

پێش ڕاپەڕین حیزب هەبوو، هەمیشە لیستێکی هەبوو، ناوی ئەو پیاوانەی تێدابوو کە پێویستبوو، زوو بکوژرێن. لەو لیستەدا وەک چۆن ناوی هەندێک پیاوی ڕژێم هەبوو، ناوی هەندێک نەیاری سیاسییش هەبوو، دوای ڕاپەڕین لیستی حیزب، ناوی ژنانیشی تێ چوو. ڕۆمانی بەفری ئۆرهان پاموک بایەخێکی زۆر بە تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی و ژیاننامەی پیاوکوژان

دەدات، لە غـەزەلنووس و باغـەكانی خـەياڵی بەختـيار عـەليشـدا، مـەسـەلەی تيرۆركردنی نەياری سياسی و بيۆگرافيای پياوكوژان، پشكی شێريان پێ دەبرێت. بەختـيار عـەلی ڕۆمانی بەفری نـەک هـەر خوێندووەتەوە، بەڵكوو كە (بەكـر شـوانی) كـردوويە بە كـوردی، ئەركی پێـشـەكی بۆ نـووسـينی بەو سپاردووە.

ئۆرهـان پامـۆک كــە لە (بەفـر)دا ديـاردەی خـۆكـوژی لای ژنـانی لەچكدار بەسـەر دەكاتەوە، ڕەخنە لە دەسـەڵاتی عەسكەر و هـەژمـوونی ئايينی ئيسلام و ئيسلامـيـيـەكانيش دەگرێت، وەلێ بەختـيار عـەلی تەنيا ڕەخنەی لە دەسـەڵاتی سـياسی هـەيە و توخنی ئيسـلاميـيـەكان و تابووە ئايينيـيـەكان كە كـەم تا زۆر پێـوەندييـان بە ژنكوژييـەوە هـەيە، ناكـەوێت. (عـەلاء ئەسـوانی)يش لە ڕۆمـانی (شـيكاگۆ)دا، هێنده بوێرانه هەڵسـوكەوت لەگـەڵ ئايـين، سـێكس و دەسـەڵاتی سـەركوتگەردا دەكات، (غەزەلنووس)ەكەی بەختـيار لەچاو (شـيكاگۆ)يەكەی ئەودا، هەوڵێكی شەرمنە.

جـۆرە ڕۆمـانێک هـەيە، پێی دەگـوترێت، ڕۆمـانی بيـۆگـرافـيـا و بيـرەوەری، جـۆرێكی ديكە هـەيە، ڕياليسـتـە و ئەفسـووناوييش، غەزەلنووس و باغـەكانی خەياڵ، هـەرچەندە نە ئـەميانە و نە ئەويان، كـەچی هـەوڵی داوە هـەردووكيشـيان بێت، ئـەمـەيش جـۆرە ڕۆمـانێكی ديكە نييـە كە بـەختـيـار عـەلی دايهێـنابێت، بەڵكوو زادەی ئەوەيە، نووسـەری ناوبراو، نە پلانێكی دروسـتی بۆ كـارەكـەی هـەبووە، نە گوێی لە ڕێنوێنيی كەسێكی لێزانيش گرتووە.

لە غـەزەلنووس و باغـەكانی خـەياڵدا، (مـورتـەزای شـەيتـان) ئيـشـی ئەوەيە، تەرمی قوربانييەكانی شـەڕی ناوخـۆ و لاشـەی ئەو ژنانە بشارێتەوە و شوێنبزر بكات كـە بە پـاسـاوی ئـاوڕووپـارێزيـيـەوە دەكـوژرێن، كـەچی كـە دەپـەيڤـێت، هێندەی شـانۆكارێكی پرۆفيشـيـۆناڵ، شـارەزای شـاكـارەكانی شـەكسـپـيـرە! (شـبـر مـسـتـەفـا و حـەسـەن تۆفـان)يش، هـەرچەندە لە خـۆيان وايە، دوو (پێ مـيـم)ن، وەلێ ڕاسـتـيـيـەكـەی دوو (پێ كـاف)ی پرۆفـيـشـيـۆناڵن. ئەو دوو (پ)ياو(ک)وژە كە دێنە قسـە، دەڵێـيت دوو شـاعيـری نەوەی دوای ڕاپەڕين و

تەنانەت هەندێک جار وەک بیرمەند دەدوێن!

کچەی پرتەقاڵ، ڕۆمانێکی نووسەری ناسراوی نەرویژ، (یۆستاین گاردەر)ە، لەسەر بناغەی نامەیەک ڕۆ نراوە کە باوکێک لە سەرەمەرگدا بۆ کوڕەکەی دەنووسێت، ئەگەر بشێت دەڵێم: گێڕەرەوە، کارەکتەر و ڕووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکە، بریتین لەو نامەیە. لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا نامە هەیە، وەلێ نە نامەی (باران شوکور،) نە هی (مەلای هاجەر) و نە هی (مەلای سوختە،) بایەخێکی ئەوتۆیان نییە و بە فەرامۆشکردنیان، کەلێن ناکەوێتە ڕۆمانەکەوە.

بەختیار عەلی وێڕای ئەوەی هەست بە جیاوازیی نێوان بەیت و چوارینە ناکات،[٦] و هیچیش دەربارەی عورووزی شیعری کلاسیک و بەحرە جیاوازەکانی نازانێت، کەچی زاتی کردووە شیعر لەسەر شێوازی دێرین بنووسێت! بەختیار عەلی دەنووسێت: (من و تۆ دوو جەمسەری دژین، تۆ لە من ڕادەکەیت و منیش لە تۆ ڕادەکەم. ل٤٢٠) جەمسەرە دژەکان، موگناتیس وەک نموونە، لە یەکدی ڕاناکەن، بۆ لای یەکدی دەکشێن، گەرم بۆ لای سارد و ساردیش بۆ لای گەرم. لە هەموو بوارێکی دیکەیشدا، ژیانی لایەنە ناکۆکەکان بە یەکدییەوە بەندە، ئەوە نییە، ئێواران شەو تێکەڵ بە ڕۆژ دەبێت و بەرەبەیانیانیش ڕۆژ دەخزێتە ناو شەوەوە؟ ئەوە نییە ڕۆژ بێ هەبوونی شەو هیچ واتایەکی نییە؟ ئەمە وەک سروشت، لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، نە ئۆپۆزیسیۆن بێ دەسەڵات مانا دەبەخشێت و نە هێزی کاریش بێ هەبوونی سەرمایە، دەشێت ئەمە یەکەمین وانە یان ئەلفوبێی دیالێکتیک بێت.

*

بەختیار عەلی دەنووسێت: (ئافرەتێکت لەگەڵدا نییە، بەسەر شانیدا بگریت. ل٤٥٣) پێنج ساڵێک پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، نووسەری ئەم باسە نووسیویەتی:

ژنێ بێباک لە ڕێی دژوار،
بێباک لە شەپۆلی زەریا،
ژنێ کە نیگەران دەبوو
بەسەر شانمدا دەگریا.)(٧)

بەختیار عەلی دەڵێت: (نە دەبایە بەو چەشنە تۆوی گومان سەوز بکەم. ل٢٠٢) بیستودوو ساڵێک پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، نووسەری ئەم باسە نووسیویەتی:

(گەر تۆوی گومان لە هەستی خاوێنی من،
لە خەیاڵتا سەوز بووە.)(٨)

یان دەڵێت: (لە ترۆپکی شاخێکی بەرزەوە، بەرەو بنی خەرەندێکی قووڵ خل دەبوونەووە. ل٣٩٦)

لەمێژە نووسەری ئەم باسە گوتوویەتی: (قەڵەمم ئەسپێکە، دەزانم لەگەڵ نووسینی یەکەمین درۆدا، لە بەرزترین لوتکەوە بۆ قووڵترین خەرەندم بەر دەداتەوە.)(٩)

بەختیار عەلی دەڵێت: (کە دوورم نزیکیت و کە نزیکم دووریت. ل٤٦٨)
نەجات ئەلسەغیرە گۆرانییەکی هەیە، تێیدا دەبێژێت:

(القریب منک بعید
والبعید عنک قریب.)

تێکستی ئەو گۆرانییە، هی حوسێن ئەلسەییدە و محەممەد عەبدولوەهاب ئاوازی بۆ داناوە. ئەو گۆرانییە لە فیلمێکدا نمایش کرا کە ناوی (حەوت ڕۆژ لە بەهەشتدا) بوو، (دەرهێنانی فەتین عەبدولوەهاب ١٩٦٩) کە وێڕای نەجات ئەلسەغیرە، حەسەن یوسف و ئەمین هونێدی، ڕۆڵە سەرەکییەکانی تێدا

دەگێڕن.[١٠] بەختیار عەلی دەڵێت: (شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ، دیکتاتۆرەکانی سبەینێن. ل٤٩٢) ئەوەیش یەکێکە لە قسەکانی ئەلبێرت کامو، لە کتێبی (یاخیبوو)دا، کامو دەبێژێت: (هەموو شۆڕشگێڕێک لە کۆتاییدا دەبێتە زۆردار.)

بەختیار عەلی دەڵێت: (ئەگەر یادگارییەکان خیانەتم لێ نەکەن. ل٣٤) تۆ لەوەی گەڕێ، خیانەت عەرەبییە و بە کوردی دەبێتە ناپاکی، گوێ بەوەیش مەدە، یادگارییەکان هەڵەیە و یادەوەرییەکان ڕاستە، ئاخر یادگار، زیکرایە نەک زاکیرە، کارەسات ئەوەیە، دەربڕینەکە عەرەبییە و نووسەرەکە کورد! (جووتێک چاویلکەی گەورەی لە چاودا بوو. ل١٠٦) ئەو دەربڕینەیش کوردی نییە، ئاخر ئینسان جووتێک چاویلکە لە چاو ناکات، یەک چاویلکە دەکاتە چاوی کە جووتێک چاوی هەیە. (بۆنی گەڵای دڕندەی لێ هەڵدەستێت. ل٤٤٧) پێ دەچێت ئەو ڕستەیە وەرگێڕدراو بێت، ئەگەرنا دەیگوت: گەڵای کێوی.

(ئەو دراوانەش کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدان، بواری دۆزینەوەی ڕاستیمان پێ نادەن. ل٤٥) مەبەستی لە دراوان، (معطیات)ی عەرەبییە، ئایا ئەوە زمانی نووسینی ڕۆمانە یان هی لێکۆڵینەوە؟ (فەخفووری و پۆرسەلانی چینی. ل٥٧) فەخفووری و پۆرسەلان یەک شتن نەک دووان. (شاعیری ئەو زەمانە لە دیوەخان و دەربار‌دا دەژیا. ل٥٨) دیوەخان و دەربار هەمان شتن. (مرۆڤەکان کەسیان مولکی من نین، هەندێکیان هاوڕێمن و هەندێکیان دۆستم. ل٥٤٨) ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان هاوڕێ و دۆستدا هەیە؟ (ئەم وڵاتە بە ئەندازەی هەزار وڵات مردنی تێدایە. ل٤٧٢) دنیا بریتییە لە دووسەد و چلوچوار وڵات، لەوانە سەد و نەوەد و چواریان سەربەخۆن و سەد و نەوەد و دوویان ئەندامی یۆئێنن. (کەس نەبوو بە ئەندازەی گەلاوێژ خان تاوڵە بزانێت، لە هەموو ئەو پیاوانەی دەبردەوە، سەریان لە هەپی بەیازدا سپی کردبوو. ل٦٢) هەپی بەیاز لە دۆمینەدا هەیە، نەک لە تاوڵەدا! (مەلای سوختە. ل١٠٠) سوختە نەک هەر مەلا، نییە، بەڵکوو قۆناغێک لە خوار (فەقێ)یشەوەیە. (ماجەلانی ڕاستەقینە بە خۆی و قژە درێژ و سپییەکەیەوە گوتی. ل٥٣٦) ئایا

ئەو ڕستەیە هیچ پێویستی بە (بە خۆی و قژە درێژ و سپییەکەیەوە،) هەیە؟

(یازدەی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ لای بەختیار عەلی دەکاتە ١١/ ١١/ ٢٠٠٤ یازدەی یازدەی دووهەزار و چوار. ل٥٥٣) (هەژدەی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ یش لای ئەو دەکاتە ١٨/ ١١/ ٢٠٠٤ هەژدەی یازدەی دووهەزار و چوار. ل٥٧٤) هەرچەندە تشرینی یەکەم، مانگی (دە)یە، نەک یازدە! ڕەنگە بەختیار عەلی یەکەمین ڕۆماننووسی دنیا بێت، ناوی مانگەکانی لەبەر نەبێت و هێشتا بۆی ساغ نەبووبێتەوە کە ئۆکتۆبەر لە پێش نۆڤەمبەرەوەیە! لە سوێد منداڵی شەش حەوت ساڵان ناوی مانگەکانی بە دروستی، بەو جۆرەی بە دوای یەکدا دێن، لەبەرە.

پەراویزەکان:

(١) حەمەسەعید حەسەن، میری جاهیلان ماڵپەڕی کوردستاننێت ٢٢/ ١٠/ ٢٠٠٣ و کتێبی: جەلالینامە، ل٨٥ چاپخانەی هەڵەبجە ٢٠٠٤ سوێد.

(٢) بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٣) ئەوی پارانۆیای هەبێت، خۆی زۆر پێ گەورەیە و پێی وایە هەمیشە خەڵک لە بۆسەدان بۆی.

(٤) هاوڵاتی ژمارە ٣٣٣ ل١٨ یەکشەممە ١/ ٧/ ٢٠٠٧ چاپی هەولێر.

(٥) حال الرواية الآن، الهلال، فبراير ٢٠٠٨ القاهرة.

(٦) بەختیار عەلی، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، (ل١٨٧ ، ل٤٠٩ و ل٤١٠) چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٧) حەمەسەعید حەسەن، ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن، ل٣١ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.

(٨) حەمەسەعید حەسەن، نووسین بەبێ وشە، ل٦٥ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.

(٩) حەمەسەعید حەسەن، تاڤگەیەک لە زیو ، ل١١٥دەزگای ئاراس ٢٠٠٨ هەولێر.

(١٠) ئەو زانیارییانە لە ڕێی تەلەفۆنەوە، لە هونەرمەند نەجات ئەلسەغیرە وەرگیراون.

## ئەوین بەدەم فڕینەوە

لە لوتکەوە دەستم پێ کرد، بۆیە بێجگە لە
شۆڕبوونەوە، هیچ ڕێگەیەکی دیکەم لە
بەردەمدا نەبوو.

ئۆرسۆن وێلز

دریدا کە دەقێکی هەڵدەوەشاندەوە، دەیبردەوە بۆ سەر چەند دەقێکی دیکە، بەو شێوەیە، دەرکی بە پێکهاتەکانی دەکرد. هەڵوەشاندنەوەخوازی هیچی دیکە نییە، غەیری ئەوەی وەک دەق سەرنجی هەموو بەرهەمێکی کولتووری بدەین، ئیدی چیرۆک بێت، یان شیعر، تابلۆیەکی شێوەکاری بێت، یان تەلارێکی دێرین. لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعیدەوە، ژاک دریدا بزربوویەک بوو، عەدەمی بەرهەم دەهێنا و پێی وابوو، هەڵوەشاندنەوەخوازی خوێندنەوەیەکە هیچ ئامانجێک بە دەستەوە نادات و ناگاتە هیچ یەقین و بڕیارێک. ئێدوارد سەعید بێ ئاگابوو لەوەی هەڵوەشاندنەوەخواز بە دوای مانای ناو دەقدا وێڵ نییە، بە دوای ئەو مانایەدا دەگەڕێت کە دەشێت لەودیو دەقەوە هەبێت و تەنیا ئەوانە پێی دەگەن کە لەژێر کاریگەرییەتیی هیچ لێکدانەوە و بڕیارێکی پێشوەختدا نین.

خوێنەری ڕۆمان هەیە، تەنیا عەوداڵی چێژوەرگرتنە و شەیدای ئەو ڕۆمانە دەبێت کە هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتاوە، کەمەندکێشی دەکات، خوێنەر هەیە حەزی لەو ڕۆمانەیە کە خۆی تێدا دەبینێتەوە و خۆی لێ دەبێت بە یەکێک لە کارەکتەرەکانی، خوێنەری وایش هەیە، شتگەلی نەنووسراوی پشتی دێڕەکانیش دەبینێت و لێکیان دەداتەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی

تەواوی ڕۆمـانەکە دەدات. ئەو خـوێنەرە وریایەی کـە ڕۆڵی ڕەخنەگـریش وازی دەکـات، دەزانێت ڕۆمـانـنووس پەیامـێکی پێـیـە و خـەریکی سـەرلەنوێ داڕشـتنـەوەی واقـیـعـە، دەزانێت نهـێنیی داهـێنان لـە چیـدایە و هـەست بە دڵەڕاوکێی کارەکتەرەکانیش دەکات. دەزانێت ڕۆمان جیهانێکە ئاڵۆز و دەست بۆ مەسەلە هەرە گرنگەکانی لە بابەتی، ژیان و مردن، چاکە و خراپە، ڕووناکی و تاریکی و گومان و یەقین دەبات.

چونکە خـەیاڵ، بناغـەی دۆزینەوەی زانسـتییـە، بۆیە دەشـێت ڕۆمـاننووسی خـەیاڵفراوان، ڕێ بۆ دۆزینەوەی زانستی خۆش بکات. سەد سـاڵ پێش ئەوەی بۆ یەکەمین جار ئینسـان پێی لەسەر مـانگ دابنێت، ڕۆمـاننووسی فەرەنسـایی ژۆل ڤێرن، ڕۆمـانی خـەیاڵی زانسـتیی (گەشـتێک بەرەو مـانگ)ی نووسـیبوو. ڕۆمانی سـەر بە قوتابخـانەی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕاسـتی و درۆ پێک نایەت، بەرهـەمی واقیع و جادووە، واقیعێکی سـەیر و سەرسووڕهێن، واقیعێک بە دەم فڕینەوە لە ئاسمانی خـەیاڵدا، واقیعێک سەر بە جیـهانی ئەفسانە و داسـتان، واقیعێک بارگاوی بە شارستانییە دێرینەکان و میسیۆلۆژیا. ڕەنگە (هەنگاوە بزربووەکان)ی نووسـەری کووبایی، (ئالیگۆ کاربینتیر) یەکەمین ڕۆمـانی سـەر بە ڕێبـازی ڕیالیـزمی جـادوویی بێت، یەکـەمین ڕەخنـەگـریش کـە تێـرمی (ڕیالیزمی جادوویی)ی بەکار هێنا، (فرانس ڕۆ)ی ئەڵمانیایی بوو.

ڕیالیزمی جـادوویی پەڕیوەتەوە بۆ ناو دنیـای هونەری شـێوەکارییش، مـارک شاگاڵ[1] یەکێکە لەو هونەرمـەندە شـێوەکارانەی ئەفسـانەی تێکەڵ بە واقیع کردووە. ڕیالیـزمی جـادوویی هـەر لە لاتین ئەمریکادا گیری نەخـوارد، هـەر زوو پەڕییەوە بۆ ئەوروپـایش، دەشێت ئیتالۆ کالڤینۆ و گۆنتەر گراس، ناسراوترین دوو نووسـەری ئەوروپایی بن کـە بـەرهـەمـیـان بڕژێتـە زێی ئەو ڕێبـازەوە. هـەرچەندە لـەمـێژە (ڕیالیزم) لـە لاتین ئەمریکای زێدی خـۆی، ئەو (جـادوو)ەی جارانی نەماوە، کەچی تازەکی بەختیار عەلی لە (ڕۆمـان)ی (جـەمشیـدخـانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)دا، بە ڕیالیزمێک دەنووسێت کە جێی داخە، ناچارم بڵێم، زێتر درۆئامێزە، وەک لەوەی جادوویی بێت.

جەمشید خان لە زینداندا بەشێکی زۆر لە کێشی خۆی لە دەست دەدات و هێندە لاواز دەبێت، با دەبیات، (یەکەم جار با، لە زیندانی (هەیئە)ی کەرکووکەوە دەیبات و لە سلێمانی لەسەر سەربانی دووکانی فیتەرێک دەدۆزرێتەوە. ل٦)[٢] جارێکی دیکە با، لە (فاو)ەوە تا (ئەسفەهان)ی دەبات، ل٤٦ کە وەک سۆراخم کرد، ماوەی نێوانیان چوارسەد و چل کیلۆمەترە، جارێکی تر، با لە سلێمانییەوە دەیبات، لە باکووری کوردستان، نەک قەندیل، نزیک بنکەیەکی گەریلاکانی پەکەکە دایدەبەزێنێت! ل٧٩ دوا جار با لەم کیشوەرەوە بۆ ئەو کیشوەری دەبات! ناوبەناو لە ئاسماندا دەخەوێت و ماوەیەک لە ئاسمانەوە ڕازی دڵداری بۆ کیژێکی زەوینشین دەدرکێنێت.

با نووسەر کۆمەڵێک سەرچاوەیشی لەبەر دەستدا بێت، لەوانە: ژیاننامەی کەسانێکی زۆر، بیۆگرافیای خۆی و مێژووی هەموو مرۆڤایەتی، وەلێ هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ هەیە کە بێ ئەو ژێدەرە، ماندووبوونی بە فیڕۆ دەڕوات، ئەو سەرچاوەیش، خەیاڵی نووسەرە کە بێ ئەو کەرەسەیە، هەر چی بکەین، ئەوەی دەینووسین لە هونەر نزیک نابێتەوە. کێشەی سەرەکیی لەم (ڕۆمان)ەدا، بەگەڕخستنی خەیاڵە کە بەختیار عەلی لەو بوارەدا دەستوپێ سپییە. ڕاستە داهێنان، تاقیکردنەوەی ڕێیەکی تازەیە نەک گرتنی ملی ڕێگەیەکی دێرین، پێشکەشکردنی وێنەیەکی نوێیە، نەک دووبارەکردنەوەی وێنەیەکی کۆن، سەفەرێکی پڕ لە مەترسییە بەرەو دنیایەکی نەزانراو، نەک گەشتێک بەرەو جێیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەم پاساوانە ڕێگەمان پێ نادەن، شکۆی هێڵی سووری نێوان بەگەڕخستنی خەیاڵ و هۆنینەوەی درۆ پێشێل بکەین.

سالار و سمایل بە فەردەیەک گوریسەوە دەچنە دەرەوە و جەمشید خان کە بە تەمەنی حەڤدە ساڵی، ئەسڵی چەشنەکانی چارڵس داروین دەخوێنێتەوە و خەریکی ڕەتکردنەوەیەتی، وەک کۆلارە هەڵدەدەن. ئەم کوڕە کۆلارەیە، لە گوندێکی چۆڵکراوی دوورەدەستی کوردستانەوە، لە کۆتایی ساڵانی حەفتادا، خەریکی گۆڕینەوەی نامەیە، لەگەڵ پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی بەغدادا! ڕەنگە

نووسـەر ئیلهامـی ئەم جۆرە نامەگۆڕینەوە سەختـەی لە ڕۆمانی (بارۆنی سـەر دارەکان)ی (ئیتـالۆ کالـڤینۆ)وە بۆ هاتبێت، ئاخـر (کـۆزیمۆ)ی قارەمـانی ئەو ڕۆمـانەیش، سـەرقـاڵـی ئەو جـۆرە نامـەگـۆڕینانـەوەیە و لەسـەر درەختـەکـانی دەڤەرێکی چەپەکی کەناری ئەورووپاوە، نامە لەگەڵ ڕۆشنفیکرەکانی سەنتەردا دەگۆڕێتەوە!

بەختـیار عەلی دەنووسێت: (سـمایل هەردوو فـەرهەنگی گەورەی مـەورید و (کێمـبـێردج)ی ئینگلیزی لە بەرگەوە بۆ بەرگ لەبەر کرد. ل٣٥) (کـامـبریج) Cambridge ڕاستە، نەک کێمبێردج! تکایە بەراورد لە نێوان (کێمـبێردج) و (کامبریج)دا بکەن، تا بزانن نووسـەر چەند بە پێخاوسی تێ کەوتووە! تەنانەت ئەوەیشی نەزانیوە کە حەرفی دال، لەو وشەیەدا، دەنووسرێت، وەلێ ناگوترێت! تەنیا قامووسی مـەورید، ئەوەی لەبەر دەستـمدایە کە چاپی بیستودووەمینە و سـاڵی١٩٨٨ پـەخش کـراوە، هەزار و سـێـسـەد و بیـسـتـوچوار لاپـەڕەیە و لە پەنجاوپێنج هـەزار وشـە پێک هاتووە! ئایا ئـەوە لەبەر دەکرێت؟ بەختـیارعەلی دەزوو بۆ کـۆلارەی (خـەیاڵ) بـەر دەدات و دەڵێت: (سـمـایل بـە شـەو لە بەرەی جەنگدا، بە دەسـتێک پەتی بۆ جـەمشید خان دەگرت و بۆ ئاسـمانی هەڵدەدا و مـەوریدیشی دەگرت بە دەستـەکەی تریەوە و دەیخوێندەوە. ل٣٦) بە مەرجێک مـەورید هێندە قـورسـە، هـی ئەوە نییـە، بتـوانین بە دەسـتـێک هەڵی بگرین و پەڕەکانی هەڵبدەینەوە. بە مەرجێک چرا پێکردن یان هەر ڕۆشناییەکی دیکە، لە بەرەی جەنگدا، شتێکە لە بابەتی ناپاکی یان کوفر.

ئەوە ئاساییە لە ڕۆماندا شوێن، تێکەڵەیەک بێت لە واقیع و جادوو، وەک لە (سـەد سـاڵ دوورەپەرێزی)یەکەی (مـارکیز)دا هـەیە، وەلێ لای بەختـیار عـەلی واقیـعـێکی دیاریکراو هەیە، وەلێ کـارەکـتـەرە سـەرەکـیـەکـەی کـەسـێکی ناواقیعییە. وەک چۆن دەشێت ڕۆمان سـوود لە مێژوو وەربگرێت، بەڵام نابێتە بەڵگەنامەیەکی دیرۆکی، هـەر وایش دەشێت ئەتمۆسفیری ڕۆمان لە هی شیعر بچێت و بە زمانێکی شیعری بنووسرێت، بێ ئەوەی بکەوێتە خانەی شیعرەوە. ڕەنگە لایەنی لاوازی (جـەمـشـید خـانی مـامم کە هـەمـیـشـە با لەگەڵ خـۆیدا

دەیبرد)ی بەختیار عەلی ئەوەبێت، نووسەرەکەی بە نرخی ڕۆمان بە خوێنەری بفرۆشێت، هەرچەندە لە سیناریۆی فیلمی کارتۆنەوە نزیکترە.

چیرۆکبێژ لەم ڕۆمانەدا، هەرزەکارێکە دوورونزیک پێوەندیی بە دنیای کولتوورەوە نییە، کەچی کە تابلۆی (عاشقە فریوەکان)ی شاگاڵ دەبینێت، وەک مامۆستای هونەری شێوەکاری بێت، یەکسەر دەیناسێتەوە! ل٧٣ سمایل کە بەردەوام خەریکی خۆ پەروەردەکردن و فێربوونە و ڕۆژنامەنووسێکی ناودار و سەرکەوتووی لێ دەردەچێت، لەناکاو و بێ هیچ ڕێ بۆ خۆشکردنێک، دەبێتە کەسێکی چالاکی نێو مافیایەکی ترسناک! ئەگەر ڕۆماننووس لە بواری ئیشەکەیدا لێزان بێت، هیچ کارەکتەرێکی لەگەڵ بادانەوەی وا کوتوپڕدا ڕووبەڕوو نابێتەوە.

لای نووسەری مەکسیکی کارلۆس فۆینتس کە بە ڕۆمانی (ڕوونترین ناوچە) دنیای سەرسام کرد، زۆر جار کەسایەتیی ڕۆژنامەنووس هەیە و هەمیشە کارەکتەرێکی هەلپەرست و بەدئاکارە. ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە لە ئەدەبی عەرەبیشدا نموونەی هەیە، وەک لە کن نەجیب مەحفووز لە ڕۆمانی (دز و سەگگەل)دا، یان لای فەتحی غانم لە ڕۆمانی (ئەو پیاوەی سێبەری خۆی بزر کرد)دا دەیانبینین. (سمایل) هەر هەمان ئەو کەسایەتییە خراپەیە لەم (ڕۆمان)ەی بەختیار عەلیدا دووبارە دەبێتەوە.

(ڕۆشنبیر کەسێکی سەربەخۆیە، خاوەنی هۆشیارییەکی خۆ نوێکەرەوەیە، هۆشیارییەک تەرخانە بۆ ڕاژەی پێشکەوتن. ڕۆشنبیر بانگەشە بۆ هیچ فیکر یان ئایینێکی دیاریکراو ناکات، لە سەنگەری هیچ حیزبێکدا نییە و پاساو بۆ ستەمی هیچ دەسەڵاتێک ناهێنێتەوە.)[٣] ڕۆشنبیر کەسێکە ئەگەر وەکوو ئیبن ئەلموقەففەع، بە زیندوویی ئەندامەکانی لەشی یەک یەک دەرخواردی ئاگریش بدەن، دەست لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە ڕاستەقینەکان هەڵناگرێت و باوەڕێک پەسەند ناکات، ڕێز لە جیاوازیی نەگرێت. کارەکتەرە (ڕۆشنبیر)ەکەی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم...) ڕۆژنامەوانێکە سەر بە مافیا، ئەو خەڵکە لە دووڕیانێکدا ڕادەگرێت، یان ئەوەتا دەبێت سەرانەی بدەنێ، یان سکانداڵیان

بۆ دەهۆنێتەوە.

دیالۆگ لە ڕۆماندا جوانی و جادووی خۆی هەیە، ڕۆماننووسی سەرکەوتوو زەوینەیەکی وەها دەڕەخسێنێت کە کارەکتەرەکانی هەر چی گومان، خولیا، ئەوین و شێتییەک لە ناخیاندا هەیە، دەری ببڕن. ئەوە دیالۆگە سنووری نێوان خەون و ئاگایی، ڕاستی و خەیاڵ، واقیع و ئەفسانە و ئێستا و ڕابردوو دەسڕێتەوە. لە ئاوێنەی دیالۆگدا، ناخی کارەکتەرەکان دەبینین و بە هۆی دیالۆگەوە دەزانین، ئەم کارەکتەر خاوەنی کەسایەتییەکی ئاڵۆزە و ئەویان کەسێکە ساکار. لە کاتە نائاساییەکاندا، وەک: سەرخۆشی، نەخۆشی، تووڕەیی و بەختەوەری، دیالۆگی هیچ کارەکتەرێک لە هی ئەوی دیکە ناچێت. لە (ڕۆمان)ی (جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی (بەختیار عەلی)دا، دیالۆگ نەک هەر نەیتوانیوە، ڕۆڵی بایەخداری خۆی بگێرێت، بەڵکوو نزیکەی بە تەواوی بزرە، ئەمەیش زادەی دەرکنەکردنە بە ڕۆڵی ئەو تەکنیکە گرنگە. گێڕانەوە بە مۆنۆلۆژی ڕاستەوخۆیش کە تێیدا هەست بە هەبوونی نووسەر ناکرێت و شێوە گێڕانەوەیەکی کاریگەر و جێی بڕوایە، نووسەر سوودی لێ وەرنەگرتووە و لە توانایشیدا نەبووە لە ڕێی چیرۆکبێژی جیاوازەوە، هەمان ڕووداو بەسەر بکاتەوە و لە کۆمەڵێک گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرنجی هەمان کێشە بدات، ئەمانەیش وایان کردووە، خوێنەر گومان لە ڕاستگۆیی نووسەر بکات.

جوبران خەلیل جوبران دەڵێت: (گۆزەکەی پڕ دەکات لە ئاونگ و بە پەیژەی تریفەدا بەرەو ئەستێرە هەڵدەکشێت.) جەمشید خان بە گوریس هەڵدەکشێت و لە بەرزاییەوە، جارێک ئەویندارێکی شەیدایە، گۆرانیی دڵداری دەچڕێت و کەرەتێک مافیا ئاسا، پلانی ترسناک بۆ ئەم و ئەو دادەڕێژێت. (چ قەیدی با دنیا ئەنگوستەچاو بێت، گرنگ ئەوەیە ناو دڵمان ڕۆشن بێت.) جەمشید خان لە نێوان ئینسانێکی ڕۆحپاکژ و دڵپیسدا دێت و دەچێت، دواجار نیشتمان جێ دەهێڵێت و بەرەو هەندەران دەفڕێت، ئەمەیش دروست وەک ئەوە وایە، کەسێک کلیلی دەرگەی بەختیاریی لە زێدی خۆی لێ بزر بووبێت، بچێت لە

تاراوگه بۆی بگەڕێت کە لە مەحاڵیش ئەستەمترە لەوێ بیدۆزێتەوە.

کافکا دەڵێت: (کە زیان بە زمان بگات، زیان بە هەست و بە عەقڵیش دەگات.) بۆیە ئەگەر زمانت ساغ نەبێت، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی نە توانای ئەوەت هەیە، هەستی خۆت بە دروستی دەرببڕیت و نە پێت دەکرێت ئاوەزت وەک پێویست بەگەڕ بخەیت. بەختیار عەلی دەنووسێت: (جەمشید بە ناو کێڵگە و مەزرا و چۆمدا پیاسەی دەکرد. ل١٥) چۆم بە مانای چەم دێت و شوێنی پیاسە نییە. (جەمشید ناردی لە زۆر جێگای دوورەوە دیکۆر و توحەفیاتی بۆ هات. ل٧٣) کورد میللەتێکی چەند گوناهە! ڕۆماننووسەکەی، مانای دیکۆر نازانێت، بۆیە ناتوانێت بیخاتە ڕستەوە. چەند جارێک، نەک تەنیا تاقە جارێک، تا پێمان وابێت هەڵەی چاپە، لەبری قارچک، کە کارگ و کوارگیشی پێ دەڵێن، دەنووسێت: قاچک! ل٥٥ و ل١١٦ و ل١١٨ بەختیار عەلی دەنووسێت: (شیاکەی وشکی مانگاکانی لادێ. ل١٣٢) شیاکە: ڕیخە بە شلی، کە وشک دەبێتەوە، پێی دەڵێن: تەپاڵە! ئەوەیشیان شیاکە هی مانگای لادێ بێت یان شار، هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. قەت بووە کەسێک زمانزانینی لەو ئاستەدا بێت و پرکێشی ئەوە بکات، ڕۆمان بنووسێت؟

بەختیار عەلی دەنووسێت: (جەمشید خان هەر بە دەزوویەک دەچوو، هەوا بیهێنیت و بیبات، بە تەنێک دەچوو، نەسیم بیجووڵێنێت. ل٧) ئەوە وێڕای درێژدادڕی، خوێنەر بە نەفام زانینیشە، ئاخر چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان دەزوویەکدا هەوا بیهێنیت و بیبات، لەگەڵ تەنێکدا نەسیم بیجووڵێنێت؟ ئەدی دەزوو، تەنێک نییە؟ ئەدی نەسیم، هەوا نییە؟ یان: (هەستم کرد ئەوەی کە تێپەڕیوە بۆ ئەبەد تێپەڕیوە و ئەوەشی کە ڕابردووە، بۆ ئەبەد ڕابردووە. ل٢٣) مەگەر خوێنەری خەواڵوو، ئەگەر نا خوێنەرێکی وریا نییە، ئەو سووکایەتی پێ کردنە، لە هیچ نووسەرێک قەبووڵ بکات. هەر باشە ئەمەیشی ئیزافە نەکردووە: (ئەوەیشی کە بەسەرچووە، بۆ ئەبەد بەسەر چووە!) یان دەنووسێت: (شەڕ لە چەند بەرەیەکی جیاوازەوە، ئاگری گرت و هەڵگیرسا. ل٢٤) ئاخۆ ئەو ڕستەیە هیچ پێویستییەکی بە (ئاگری گرت) هەیە؟ یان:

(پیاوێکی خڕیلانەی کورتە بوو. ل٢٩) خڕ خۆی کورتە، خڕیلانە، چونکە بچووککراوەی خڕە، لە خڕیش کورتترە، ئیدی ئەو ڕستەیە چ پێویستی بە (کورتە،) هەیە؟ (پیاوێکی وەسواس و دووگومانە. ل٧) دوودڵ هەیە، دوودڵم، بە واتای گومانم هەیە و دڵنیا نیم، دێت، بەدگومان هەیە، خانەگومان هەیە، بەڵام دووگومان مانای نییە و هەڵەیە.

ئەوپەڕی سەرپرایز و ڕەنگە سکاندالیش، ئەوەبێت، بەختیار عەلی دەڵێت: (لەناو کەلاوە و خەراباتەکانی گوندە ڕووخاوەکاندا، لێفە و پێخەفمان کۆ کردەوە. ل٥١) لەوەیان گەڕێ کە لێفەیش جۆرێکە لە پێخەف، کارەسات ئەوەیە، لە بەختیار عەلی وایە، (خەرابات) بە مانای وێرانە و کەلاوە دێت!

شوکر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم

خەرابات بە مانای مەیخانە دێت، مەحوی مەبەستی ئەوەیە، چونکە دنیا مەیخانەیە، ئەوە ئاسایییە خەڵکانی زێدە سەرخۆشی ئەو مەیخانەیە، خراپەیان لێ بوەشێتەوە. پێ دەچێت نووسەر، پێی وابوو بێت، خەرابات، کۆی (خەرابە)یە! ئاخر بە عەرەبی میللیی عێراقی بە کاولە دەڵێن: خەرابە! نووسەرێک ڕێز لە ئاوەزی خوێنەر بگرێت و بکەوێتە گۆمی هەڵەی وا کوشندەوە، ئەگەری ئەوە هەیە، دەستبەجێ دەست لە نووسین هەڵبگرێت.

ئەوی بەم بەرهەمە کرچوکاڵە، دەست بە خوێندنەوەی نووسینی بەختیار عەلی بکات، هێندە نائومێد دەبێت، ئەستەمە بە دوای کتێبێکی دیکەیدا بگەڕێت. (بەهرە) نەمامێکە وەک چۆن دەشێت گەشە بکات و ببێتە درەختێکی بەردار، هەر وایش ئەگەری ئەوە هەیە، وشک هەڵبگەڕێت، ئەوە بۆیە پێویستە بەردەوام بە تەنگییەوە بێین و پەروەردەی بکەین. کتێبی (جەمشید خانی مامم...) نیشانەیە بۆ ئەوەی درەختی بەهرەی بەختیار عەلی، ڕوو لە وشکهەڵگەڕانە. ئەوە لوتکەی نەفامییە، خەڵک لە دژی ئەوانە هان بدەین کە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە. نیتشە هەرچەندە خەڵکی بۆ ئیلحاد هان دەدا، کەچی

قـەشـە جیـوڤـانی دەیگوت: پێویسـتـە ڕێزی لێ بگرین و هـەرگـیـز نەیخـەینە دەرەوەی دنیـای بەرینی مـەسـیـحـیبـوونەوە، ئاخـر نێـتـشـە ئاوەزمـان زاخـاو دەداتەوە و فێرمان دەکات جوانتر بیر بکەینەوە.

پەراوێزەکان:

(١) مـارک شـاگـاڵ (١٨٨٧ – ١٩٨٥) کە لە بێلەڕووسـیا لە دایک بـووە و لە فـەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، قـسـەی زۆر جـوانی هـەیە، لەوانە: (هونەری مـەزن لەوێوە دەست پێ دەکـات کـە سـروشت کـۆتایی دێت.) یان: (دەشـێت ئینسـانێکی چاک بیت، وەلێ هونەرمەندێکی خراپ بیت، بەڵام مەحاڵە، هـونەرمەندێکی چاک بیت و ئینسـانێکی خراپ.) یان: (لە ژیاندا بێجگە لە خۆشەویسـتی، هیچ شتێکی دیکە جێی بایەخی من نییە و تەنیا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەس و شتـانەدا دەکەم کە خۆشم دەوێن.)

(٢) (هـەیئە) ڕۆمـانێکی (سـەلام عـەبدوڵڵا)یە، تێیدا بەسـەرهـاتی ڕاستەقینەی هـەڵاتنی خۆی، لە زیندانی هـەیئە خاصـەی کەرکووکەوە بۆ سلێمانی، دەگێڕێتەوە.

(٣) سەلاح بوسریف.

(٤) بەختـیار عـەلی، جـەمشـید خـانی مـامم کە هـەمیشـە با لەگـەڵ خۆیدا دەیبرد، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، چاپخانەی کارۆ ٢٠١٠ سلێمانی.

# ترس لە ڕەخنە

ئەوی لێکۆڵینەوەکەی شارام قەوامی کە بەراوردێکە لە نێوان هەردوو ڕۆمانی (ساڵی بەلوا)ی (عەباس مەعرووفی) و (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، بخوێنێتەوە، هیچ گومانی لەوە نامێنێت، ئێوارەی پەروانە، کۆپیی ساڵی بەلوایە. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو ڕۆمانەدا هەبێت، ڕەنگە هەر هێندە بێت کە عەباس مەعرووفی گوتوویەتی: خۆزگە گوڵێک دەبووم بە قژی خاوتەوە! بەختیار عەلی کردوویە بە: بریا وەنەوشەیەک دەبووم بە سینگ و بەرۆکتەوە! لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ناوەڕۆک هەمان ناوەڕۆکە، شێوازی چنین هەمان شێوازە، تەکنیکی گێڕانەوە هەمان تەکنیکە، دیمەنەکان هەمان دیمەنگەل و ڕووداوەکان هەمان ڕووداون. یان وەک شارام قەوامی دەڵێت: (کاکڵی ئێوارەی پەروانە هەمان کاکڵی ساڵی بەلوایە، فۆرم هەمان فۆرم و بونیاد هەمان بونیاد.)(١)

قەڵای کافران کە شوێنی یاخیبووەکانی ڕۆمانی ساڵی بەلوایە، لە ئێوارەی پەروانەدا دەبێتە کافرستان! (نوشافەرین و حوسەینا) هەردوو قارەمانی ساڵی بەلوا، بە (تاوانی زینا) دەکوژرێن، (فەرەیدوون و پەروانە)ی هەردوو قارەمانی ئێوارەی پەروانەیش هەروەها. کارەکتەری سەرەکیی ئێوارەی پەروانە، کوتومت کۆپیی کارەکتەری سەرەکیی ساڵی بەلوایە. ئەفسانەی گەڕان بە دوای کچی پاشادای ساڵی بەلوا، لەئێوارەی پەروانەدا دەبێتە ئەفسانەی گەڕان بە دوای مانگدا. شارام قەوامی دەنووسێت: (بە دڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین، هەموو وەسفە جوانەکانی ساڵی بەلوا، لە ئێوارەی پەروانەدا دووپات دەبنەوە.) هەرچەندە ئێوارەی پەروانە گوایە سلێمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا بەسەر دەکاتەوە، کەچی ئەوەی بەختیار عەلی باسی

کردووە، پێوەندیی بە باری کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردەوە نییە، ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئێوارەی پەروانە ئۆرگیناڵ نییە.

شارام قەوامی دەڵێت: (ئێوارەی پەروانە ئەوەندە لە ساڵی بەلوا کە ڕۆمانێکی ئەم دواییەی ئەدەبی فارسە دەچێت، ناکرێت وەک دوو ڕۆمانی جیاواز ناویان ببەین. چیرۆکبێژی سەرەکی لە ڕۆمانی ساڵی بەلوادا، عەباسی بچکۆلەیە، لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا دەبێتە خەندانی بچکۆلە! تەوەری سەرەکی لە ساڵی بەلوادا عەشقێکە تێکەڵ لە وەهم و حەقیقەت، لە ئێوارەی پەروانەیشدا هەروەها.)[٢]

ئەحمەد تاقانە دوای بەراوردێکی ورد لە نێوان هەندێک لە شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح و (تۆفیق فیکرەت)دا، دەبێژێت: (بەشێک لە هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح هێندە لە شیعرەکانی تۆفیق فیکرەت دەچن، دەشێت شێخ نووری لە بیری چووبێت بنووسێت، ئەو شیعرانە لە داهێنانی خۆی نین، بەڵکوو وەرگێڕانن! تۆ بڵێیت (بەختیار عەلی)یش لە یادی چووبێت، بنووسێت: ئێوارەی پەروانە، وەرگێڕانی ساڵی بەلوایە! دەشێت کەسێک توانای ئەوەی هەبێت، بۆ ماوەیەک کڵاو لەسەر بەشێک لە نەوەیەک بنێت، بەڵام ناتوانێت، نەتەوەیەک یان مێژوو فریو بدات.

لێکۆڵینەوەکەی شارام قەوامی کە بەراوردێکە لە نێوان هەردوو ڕۆمانی (ساڵی بەلوا)ی عەباس مەعرووفی و (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، باسێکی درێژە و بە دوو جار بڵاو کراوەتەوە. بەشی یەکەمی لە ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری (ئایندە)دایە، کەچی بەشی دووەمی لە ژمارە (٣٤) دایە، کە دەبوو لە ژمارە (٣٠)دا بووایە. ئەمەیش وەک بۆم دەرکەوت، زادەی ڕەنج و تێکۆشانی بەختیار عەلییە، بۆ ئەوەی بەشی دووەمی باسەکە بڵاو نەکرێتەوە، وەلێ بە گوشاری خۆی و برادەرەکانیشییەوە، هەر هێندەیان پێ کراوە، بڵاوبوونەوەی بەشی دووەم، چوار ژمارە دوا بخەن. لێرەدا پێویستە بڵێم، چل ساڵێکە ڕەخنە دەنووسم، لە نێو کورددا، کەسی دیکە شک نابەم، هێندەی بەختیار عەلی لە ڕەخنە بترسێت. ئەو هەرچەندە بۆ خۆی بە ئاسایی و بە ڕەوای

دەزانێت، ڕەخنە لە هەموو کەس و بەرهەم و دیاردەیەک بگرێت، وەلێ پێی وایە کەس مافی ئەوەی نییە، تێبینییەک لەسەر نووسینێکی وی دەرببڕێت. هەرچەندە بە ڕووکەش ڕەنگە کەسی دیکەمان نەبێت، هێندەی ئەو، بانگەشەی بۆ ئازادیی ڕادەربڕین کردبێت، کەچی وەک کرۆک ئەگەر لە توانایدا هەبێت، دەمی هەموو ئەوانە دادەخات کە نیازی ئەوەیان هەیە، سووکەڕەخنەیەک لە تێکستێکی بگرن.

پەراوێزەکان:

(١) شارام قەوامی، لێکچوونەکانی نێوان دوو ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە و ساڵی بەلوا، بەشی یەکەم، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٢٩ لاپەڕەکانی ٢ تا ٢١ شوباتی ٢٠٠٢ سلێمانی.

(٢) شارام قەوامی، لێکچوونەکانی نێوان دوو ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە و ساڵی بەلوا، بەشی دووەم، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٣٤ لاپەڕەکانی ٩٤ تا١٣٢ تەممووزی ٢٠٠٢ سلێمانی.

## گەڕانەوە لە لچ قەور

هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوەیە، خۆمان بە
هەڵەی کەسانی دیکەوە سەرقاڵ دەکەین

جوبران خەلیل جوبران

شیعر پیشەیەک نییە لە وەستایەکەوە فێری ببین، توانایەکە بە هۆی ئەزموونی ژیانەوە دەوڵەمەند دەبێت. شیعر ژیاننامەی شاعیرەکەی دەگێڕێتەوە و جوانترین شیعر ئەوەیە ڕاستگۆیانە باسی ژیانی خاوەنەکەی بکات. ئەوە ڕاست نییە کە دەگوترا، شیعر تا (درۆ)ی زێتری تێدا بێت، جوانترە. زمانی شیعر کانیاوێکە هەستی ڕاستەقینە و سۆزی گەرمی لەبەر دەڕوات و زمانێکی گۆرانیئامێزە و ئەگەر کێشەیەک یان ڕووداوێک شاعیری نەهەژاندبێت، ئەستەمە بتوانێت خوێنەر ببزوێنێت. مەحموود دەرویش دەڵێت: (من لەگەڵ ئەوەدام گۆرانی لە شیعردا هەبێت، ئەو کەشوهەوا خەمناکەی ئینسانی تێدا دەژی، ڕوونیی لە دەربڕیندا دەخوازێت و زۆر جار ئەو ڕوونییە تەنیا لە گۆرانیدا هەیە.)(*) هەر بۆیە کاتێک یانیس ڕیستۆس سەبارەت بە شیعرەکانی دەرویش دەبێژێت: (داستانئاسا و گۆرانیئامێزن،) دەرویش ئەم لێکدانەوەیەی ڕیستۆسی بە لاوە پەسەند دەبێت.

هەندێک ڕەخنەگر، شیعر کە بەبێ هەبوونی هەست و سۆز لە دایک نابێت، دەبەنەوە سەر منداڵییەتیی مرۆڤایەتی یان قۆناغی شوانکارەیی و لەو ڕوانگەیەوە نوقڵانەی ئەوە لێ دەدەن کە خۆری هۆنراوە ڕوو لە ئاوابوونە، چونکە دیاردەیەکی دواکەوتووانە و دژ بە مودێرنێتەیە. عەرەب زۆر شانازیی بە شیعریانەوە دەکەن، ئەوە بۆیە دەڵێن: شیعر دیوانی عەرەبە، کەچی

ناودارترین شاعیری زیندووی عەرەب کە ئەدونیسە، دەبێژێت: (شارستانیی عەرەب چونکە توانای ئەوەی نییە، بەشداریی لە ڕۆنانی جیهاندا بکات و ڕۆڵی لە جوانترکردنی ئایندەی مرۆڤایەتیدا نییە، بۆیە وەک نەبوو وایە و بەو مانایە ڕوو لەناوچوونە.) شیعر دەشێت فەلسەفەی تێدابێت، وەلێ شاعیر فەیلەسووف نییە، با هیچ شاعیرێک بەوە دەستخەڕۆ نەبێت کە یاقووتی حەمەوی سەبارەت بە ئەبوحەییانی تەوحیدی گوتوویەتی: (فەیلەسووفی ئەدیبان و ئەدیبی فەیلەسووفان.)

به ددان نینۆکەکانم دەکەم،
لە دەبلیوسیدا دەخوێنمەوە،
هەفتەی جارێ ڕدێنم دەتراشم،
ئەوەندە سیگار دەکێشم،
هێندەی قیتارێک دووکەڵ دەکەم. (یەحیا جابیر)(**)

ئەمجەد ناسر پێی وایە، محەممەد ماغووت و ئونسی ئەلحاج چونکە سەبارەت بە کێشی شیعر بێسەواد بوون، ئەمە وای کرد، لە هەواری پەخشانەشیعردا بارگە بخەن، نەک ئەوەی بە هۆشیارییەوە ئەو ژانرەیان هەڵبژاردبێت. ڕەنگە دیارترین جیاوازیی نێوان شیعر و پەخشانەشیعر ئەوەبێت: (شیعر لە کۆمەڵێک دێڕی سەربەخۆ پێک دێت، وەلێ ڕستەکانی پەخشانەشیعر لەناو یەکدییەوە هەڵدەقوڵێن.) یەکەمین دەق کە تێکەڵەیەک بێت لە شیعر و لە پەخشان، (گۆرانییەک بۆ شەو)ی نۆڤالیس(١٧٧٢ - ١٨٠١) بوو. ڕامبو کە بە حەڤدە ساڵی دەستی بە نووسین کرد و بە بیستودوو ساڵی دەستی لێ هەڵگرت، پەخشانەشیعری سوریالیی داهێنا و جێدەستی خۆی بەسەر نەخشەی شیعری جیهانەوە جێ هێشت. ڕامبو وەک هەر داهێنەرێکی مەزن، سۆزان بەرنار گوتەنی: (هاوزەمان ڕووخێنەر و بنیاتنەریش بوو،) کە تەلاری شیعری ڕووخاند، قەڵای پەخشانەشیعری ڕۆ نا.

ئەگەر دیکتاتۆر هەرەسی هێنا
سێ جار لە دەرگای گۆڕەکەم بدەن،
تا تێبگەم شەوی عێراق کۆتایی هاتووە.
(ڕوشدی ئەلعامیل)

هەندێک دەق لەبری پەخشانەشیعر، هەقە ناویان خۆڕسکەپەخشان بێت، خۆڕسکەپەخشان، ژاک کیرواک گوتەنی: بە چاوپۆشین لە جلەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکان، بە ڕووخاندنی دیواری نێوان گێڕەرەوە و شاعیر و بە فەرامۆشکردنی سنووری نێوان زمانی ئەدەبی و هی ڕۆژانە، وەک ئاوی سەرچاوەیەکی سروشتی، خۆڕسکانە هەڵدەقوڵێت. لە خۆڕسکەپەخشاندا، ئامانج بەخشینی چێژە بە شاعیرەکەی و هیچی دیکە. ئەوانەی خۆڕسکەپەخشان بەرهەم دەهێنن، بە زمانێک نانووسن، زمانێک دەیاننووسێتەوە، یان وەک ئۆلیڤێ بیفۆر گوتوویەتی: زمانی شیعر دەکەن بە شیعری زمان.

ئەگەر شاعیر پشتی بە بەهرە و سروش ئەستوور بێت و هێندە متمانەی بە پێشبینییەکانی خۆی پتەو بێت، تا ئاستی ئەوەی لای کەم خۆی پێ نیمچەپەیامبەرێک بێت، ئەوا پەخشانەشیعرنووس زێتر کەسێکە نامۆ لە خودی خۆی و لە زێدی خۆی، کەسێکە لەتوپەتبوو، نائومێد و تێکشکاو کە نوقمی زەریاچەی دڵەڕاوکێیە، تروسکایی بەدی ناکات، خاوەنی هیچ ئامانجێک نییە و چونکە دنیا وەک تێکەڵەیەک لە کارەسات و گاڵتەجاڕی دەبینێت، بۆیە ژیانی لە کۆمیدیایەکی ڕەش دەچێت و خودێکی هێندە خەمناک و شکستخواردووە، (خۆی وەک ئەسپێیەک دێتە بەر چاو کە بە ملی زیندانییەکەوە بێت.) ئەدی خۆ لە خۆڕا نییە کە پەخشانەشیعرنووس کە خاوەنی خودێکی پەراوێزخراوە، بە گژ واقیعدا دەچێتەوە، یاخی دەبێت، کەلەپوور ڕەت دەکاتەوە و دەسەڵاتی باوک تێک دەشکێنێت. پەخشانەشیعرنووس لە بری سۆز، هانا بۆ خەون دەبات، لە جیاتی یەقین،

گومان و پرسیار دەورووژێنێت، لە شوێنی ماسک، ڕەمز، ئەفسانە و داستان، زێتر پشت بە پارادۆکس دەبەستێت، بیر لە گۆڕینی دنیا ناکاتەوە، کۆشش بۆ خاپوورکردنی دەکات. لە لایەکەوە باس لە بە شتبوونی ئینسان دەکات، لە لایەکی دیکەوە بایەخ بە ئێرۆتیکا دەدات. پێیەر لویس (١٨٧٠ - ١٩٢٥) کە پێی وایە، (لەژێر گۆی خۆردا، نە هیچ شتێک لە خۆشەویستیی جەستە پیرۆزترە و نە هیچ شتێکیش لە لەشولاری ئینسان جوانترە) کە دروشمی (چی دەکەیت بیکە، بە مەرجێک زیانی بۆ کەس نەبێت)ی بڵند کردبووەوە، دەڵێت:

دوگمەی کراسەکەی ترازاند و
هەر وەک جووتێ کۆتر پێشکەشی خوداوەندێک بکا،
جووتەمەمکەکەی بۆ دەرهێنام،
پێی گوتم:
دەبێ تۆش خۆشت بوێن،
ئاخر خۆم زۆرم خۆش دەوێن،
دوو منداڵی گچکەن،
گەمەیان لەگەڵدا بکە!
چێژیان پێ ببەخشە!
بە شیر بیانشۆ!
گوڵاو پرژێنیان بکە!
چونکە خۆم دەمم نایانگاتێ،
تۆ لەبری من ڕایانمووسە!

پەخشانەشیعر وێڕای کورتبڕی و گێڕانەوە، پشتی بە بێمەبەستی قایمە، ئاخر لەو ژانرەدا دەق هیچ مەبەستێکی نییە، خۆی ئامانجە، ئەوە بۆیە پەخشانەشیعرنووس خاوەنی خودێکە داماڵراو لە هەڵوێستی ئێدیۆلۆگی و

بیــروڕای پێشــوەخت، ســەرقـاڵی نواندنی هـەڵوێست نیـیـە، ویژدانـی خـۆی دەهێنێتە گۆ و خـەریکی داهێنانە نەک دەربڕینی بیروڕا.

(بەختەوەری ... لەناو ئەو حەرفە سووتاوانەدایە
کە بۆمان نابنەوە بە وشە. ل٥
ئەوەی زەوی ڕۆشن دەکاتەوە، وشەیە. ل٤٨)

لە (ئـەی بەندەری دۆست، ئـەی کـەشـتـی دوژمـندا) کـە دوا کـۆ(شـیـعـر)ی بەختیار عەلییە، تەنیا ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوەم بینییەوە کە لە شیعر بچن. باسـی هـەڵەی ڕێنووس ناکـەم کـە لە ژمـارە نـایە و تەنـانەت لە نـاونیـشـانـی (دیوان)ەکـەیشیدا هـەیە، ئاخر دەبوو بنـووسێت: ئەی کـەشتیی دوژمن، چونکە کەشت، مانای نییە. جێی بایەخە، زۆر جـار هـەڵەی ڕێنووس، هەڵەی لە واتا و لە ڕێزمانیشدا بە دوادا دێت.

شەوێک وەک سندووقێکی داخراو،
نە قوفڵ و نە کلیلی نییە. ل١٣

چونکە (نە) هـەیە، ئیدی نابێت (نییە) هـەبێت، دەبوو بڵێت:

نە قوفڵی (هـەیە،) نە کلیل.
(نە دەفتەر، نە مەرەکەبی نییە. ل١٤)

دەبوو بڵێت:

نە دەفتەری هـەیە، نە مەرەکەب.
(لە مـەیی هـەزار لالەزارت نۆشیوە و هـاتوویتەتە لای ئێمە. ل١٥)

مـەی زادەی ڕەزە نـەک لالەزار. هـاتوویتـەتە لـەو دێڕەدا دەڵێـیت مـێـشـێکە لەسـەر مێزی نانخواردن.

(ئەمە تۆیت هـاتوویت بە مەبەست،

ئەمە تۆیت هاتوویت دەست بە دەست،
ئەمە تۆیت ئەی ڕووناکیی مەست؟ ل١٥)

نە پەخشانەشیعر ئەوەیە کە سەروای نەبێت، نە شیعر ئەوەیە کە پاشبەندی هەبێت.

(پێش ئەوەی سەیری دووربینەکان بکەن،
پێش ئەوەی دوژمن ببینن. ل٢٥)
دووربین بۆ ئەوە نییە سەیری بکەیت، بۆ ئەوەیە سەیری پێ بکەیت.
(زرکەکان دەچن بە ڕۆحدا. ل٤٢)
ئەوی دەچێت بە ڕۆحدا، زەرگە، زرک کاڵەکی کاڵ، واتا پێنەگەییشتووە.
ملوانکەیەک دەپچڕم و دەیهۆنمەوە. ل٦١
دەپچڕێنمەوە، دروستە.
(شوورا وەها بەهێز بوو، بەرگەی پەلاماری سوپا دڕندەکانی دەگرت. ل٩٤)
(درەختە بەرزەکان بە شوورای نزم گەمارۆ دراون. ل١٥٢)

شوورا (وأمرهم شورى بينهم.) پەرلەمانی ئیسلامە، شوورە کە پێ دەچێت لە (سور)ی عەرەبییەوە هاتبێت، ڕاستە کە دیوارە.

(گوڵی تێدایە سپی کە لەسەر چڵی ڕەش وەستاوە. ل٩٨)
گوڵ لەسەر چڵ ناوەستێت، بە چڵەوەیە، بۆیە (بە چڵی ڕەشەوە،) دروستە.
(چی بکەم، خودا و خۆر و ئەستێرە تێم بگات؟ ل١٠٦)
بگەن، دروستە.
(ئەو سەعاتانەی زەمانی ئێمە و زەمانی ئەوان جیا دەکاتەوە. ل١٠٧)

دەکـەنەوە، ڕاســتـە. ئـایا ئەوە سکاندالّ، یان لای کـەم کـارەسـات نـیـیـە، نووسـەرێک جـیـاوازیی لە نێـوان تاک و کۆدا نەکات و دەیان جـار بکەوێتـە ئەو هەڵە زەقەوە.

(چی لە شـاعیـران بکەین کە من و تۆ لەسـەر مـەرهـەمێک ڕێنەکەوین،
بیدەین لە هاواری ئێمە کاتێک بە تیشکی یەک دەسووتێین. ل١١٠)

ڕێ، دەگـوترێت، وەلێ ڕێک ڕاســتـە و دەنـووسـرێت. ئێـمـە لەوێدا هەڵەیە، (خـۆمان) دروسـتـە، ئێمە بکەرە، خـۆمـان بەرکارە. ئـایا بێجگە لـە کورد، گەلی دیکە هەیە، ئەدیبانی جیاوازیی لە نێوان بکەر و بەرکاردا نەکەن؟

(من هـەمیشـە دەڵێم ستایشت لێ بێ ئەی دڵ. ل١١٤)
ستایش وەها ناخرێتە ڕستەوە، سڵاو بۆ ئەوێ ڕاستە.
(لەو بەرچاییە تاڵانەی بە دەم خەوەوە دەیخۆین. ل١١٨)

ئەوەی کـە دەشـێت تاڵ بێت، بـەرچایی نیـیـە، (چا)یە، دەیخـۆین، هەڵەیە، دەیانخۆین، دروسـتە، نا دەیانخـۆینەوە، ڕاستە، ئاخر دەبوو بڵێت: لەو چاییە تاڵانەی بە دەم خەوەوە دەیانخۆینەوە.

٢٠٠٩/٩/٢٥

پەراوێزەکان:
(*) صـلاح فضل، مـحـمود درويش حـالة شـعرية، ص٣٥ سـبتـمـر ٢٠٠٩ كتـاب دبي الثقافية، دار الصدى، دبي.
(**) عبدالله السمطي، الذات الشاعرة في قصيدة النثر، ٢٠٠٩, ٠٧, ١٧ ايلاف.
(***) بەخـتـیـار عـەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کـەشـتی دوژمن، شـیـعـر ٢٠٠٩ کتێبخـانەی ئەندێشە، شوێنی چاپی لەسەر نییە. (لە نموونەکاندا ڕێنووسم بۆ ڕاست کردووەتەوە.)

# دیوانێکی بێ شیعر

لیریک ئەو شیعرەیە کە زادەی هەست و سۆزی شاعیرەکەیەتی و بۆ ئەوە دەست دەدات کە بە گۆرانی بگوترێت، هەموو شیعرێکی جوان، لە لیریکەوە نزیکە و بۆ ئەوە دەشێت، ببێتە گۆرانی بەسەر زاری گەلێک یان تەنانەت دەیان نەتەوەوە. شیعری ڕۆمانتیک ئەوینێکی پاک لەوەی کە لە داستاندا هەیە، بەرجەستە دەکات و پشت بە ڕەگەزی سەرکێشی دەبەستێت، بەڵام ئالیگۆری، شیعرێکە بە هەردوو شاباڵی مێتافۆر و سیمبۆل دەفڕێت.

گەر دەخوازیت، شیعری نوێ بنووسیت، لەبری کێشێکی دیاریکراو، پشت بە ڕستە ببەستە و وەک ناوەڕۆکیش لە ناڵە و گریان خۆت بە دوور بگرە و لە ڕوانگەیەکی بەرینی ئینسانییەوە سەرنجی ژیان بدە! شیعرت با زۆر جوانیش بێت، پێویستە ئەوە بزانیت، ئەوی خاوەنی عەقڵێکی گچکە بێت، هەست بە جوانییەکەی ناکات. ئەو شاعیرەی لە شیعری نەوەکانی پێش خۆی تێنەگات، ناتوانێت شیعرێک دابهێنێت لەوەی شاعیرانی پێش خۆی بەبایەختر بێت. ئەوی هیچ دەربارەی ڕێساکانی شیعری کۆن نەزانێت، پێی ناکرێت شیعر نوێ بکاتەوە. ئەگەر زمان زەریا بێت، ئەوا شیعر شەپۆلە هەرە بەرزەکانیەتی و شیعری باڵا، دەشێت وەک ڕووکار کۆن بێتە بەر چاومان، وەلێ کە سەرنجی دیوی ناوەوە و قووڵاییەکانی دەدەین، ئەوسا هەست بە لایەنە نوێیەکانی دەکەین، چونکە نوێکردنەوە هەرگیز سازش نییە لەگەڵ کەلەپووردا، هەمیشە دابڕانە لێی، بۆیە شاعیری نوێکەرەوە، خاوەنی دنیابینییەکی تازەیە و دیتنەکانی لە ڕەگوڕیشەوە تا لق و پۆپ، لە تێڕوانینە دێرینەکان جیاوازە.

شیعری نوێ بابەتێک نانووسێتەوە، ئەزموونێک دەگێڕێتەوە، ئەزموونێک کە خوێنەر و شاعیر تێیدا هاوبەشن، هەرچەندە شاعیری نوێکەرەوە بە ناوی

کۆوە ناپەیڤێت. ناکرێت خۆت بە شاعیرێکی نوێخواز بزانیت و لە دەسەڵات یان حیزبێکی ملهوڕیشەوە نزیک بیت، (لایەنی لاوازی مەحموود دەرویش لە ڕوانگەی ئەدونیسەوە، ئەوەبوو، لە دەسەڵاتدارە زۆردارە عەرەبەکانەوە، بە سەددام حوسەینیشەوە، نزیک بوو، یان لای کەم هیچ کێشەی لەگەڵیاندا نەبوو.) هەموو شاعیرێک با هەوڵی دابڕانیش بدات، دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی شاعیرانی دیکەوە، کاریگەریەتی بەو مانایە نا، وێنەیەکی شیعری، دەربڕینێکی جوان، یان دێڕێکی شاعیرێک دووبارە بکاتەوە، بەو مانایەی لە هەمان ڕوانگەی شاعیرێکی دیکەوە، سەیری دنیا بکات. چونکە لە شیعردا ئەوە گرنگ نییە، چی دەڵێت، گرنگ ئەوەیە چۆنی دەڵێت، بۆیە لە شیعردا هیچ مەسەلەیەک لە یەکێکی دیکە بایەخدارتر نییە.

*

(تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە)(*) بریتییە لەو کارە (شیعر)ییانەی بەختیار عەلی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ٢٠٠٤ بەرهەمی هێناون. لەو (دیوان)ەدا کە لە ٥٥٠ لاپەڕە پێک دێت، ڕووبەڕووی زۆر شت دەبیتەوە، تاقە شتێک کە بێویژدانی و زێدەڕۆیی ناکەم، ئەگەر بڵێم، تووشی نابیت، شیعرە. کێشەکە ئەوە نییە، من دژی نوێکردنەوەی شیعر بم، کێشەکە ئەوەیە، لەو بەرهەمە ئەستوورەدا، نە هەستم بە هەبوونی پەخشانەشیعر کرد، نە بە هەبوونی پەخشانی ئەدەبی. جێی سەرنجە لە ڕۆمانی بەختیار عەلیدا، هەندێک جار شیعر هەیە، کەچی لە دیوانیدا، ئەوەی نەبێت شیعرە.

لە (دیوان)ی (تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە)دا، بۆ سیاسەت بگەڕێیت نائومێد نابیت، بۆ فیکر بگەڕێیت، بێ هیوا نابیت، بۆ ئایین، قسەی نەستەق و فەلسەفەیش بگەڕێیت، کەم تا زۆر تووشیان دێیت. بۆ دەربڕینی فارسی یان عەرەبی بگەڕێیت، لە هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەدا هەنە، بۆ هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس بگەڕێیت، بە دەگمەن تووشی دێڕێک دێیت، هیوابڕاوت بکات، وەلێ ئەگەر بۆ زمانی شیعریی، وێنەی شیعری، دەربڕینی شیعری و ڕستەی شیعری بگەڕێیت، ئەوا بە درێژایی لاپەڕەکانی (دیوان)ەکە نائومێد دەبیت.

ئەگـەر هـەڵەی ڕێنـووس بەســـەر بکەمـــەوە، دەبێت ســـەرلەنوێ (دیوان)ەکـە بنووسمەوە، بۆیە ئەو لایەنە فەرامۆش دەکەم. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە ڕێزمان بدەمـــەوە، ئـەوا دەبێت لە ئەلفـوبێـوە دەست پێ بـکەم، ئاخـر بەخـتـیـار عـەلی تەنانەت دەرکی بـەوەیش نەکردووە، ئەگەر بکەر کۆ بوو، دەبێت کرداریش کۆ بێت کە ئەم ڕێسایە، قوتابی بە دە دوازە ساڵی فێری دەبێت.

(عەفووم کەن هـەور و ئەستێرە،
عەفووم کەن خۆر و مانگەشەو. ل٢٧)

ئایا (بمبـەخشن، بمبـوورن یان لێم خـۆش بن،) هەر کامـێکیان بگریت، لە عەفووم کەن، جوانتر، لەبارتر و لەسەر زار خۆشتر نییە؟

(دۆستایەتی پرگاڵی دەستی من بوو،
نەمتوانی بازنەیەکی لێ دروست بکەم. ل٣٣)

بۆ ئەو ڕستەیە، پێ ڕاستە، لێ هەڵەیە.

(هـەر تۆ نیت،
لە نابەینی ئەستێرە و باخچە و ڕووبارەکاندا
سەفەر دەکەیت. ل٩١)

(نابـەینی) کـە لـەم (دیوان)ەدا، چەندان جـار هاتووە، هەڵەیە، کـەســانی بێسەواد وەهای دەڵێن، (مـابەینی) ڕاستە کە عەرەبییە. مابەینی بۆ نێوان دوو شت یان زیندەوەر دەبێت نەک زێتر، وەک بەختیار عەلی بۆی چووە. دەبوو بۆ نموونە، بنووسێت: هەر تۆ نیت لە مابەینی باخچە و ڕووباردا سەفەر دەکەیت. (بەندەری خـەیاڵ، دەرگای خـەیاڵ، پێخـەفی خـەیاڵ، باڵکۆنی خـەیاڵ، سـفرەی خـەیاڵ، باغـی خـەیاڵ، قـەفـەزی خـەیاڵ، جـەنگەڵی خـەیاڵ و زیندەگـیی خـەیاڵ. ل٩٧) لکاندنی خـــەیاڵ، بەو هـەمـــوو ناوانەوە، تەنیــا لە یـەک لاپەڕەدا، زادەی فەقیرخەیاڵییە.

(ئەی ئەوەی جیاوازیی ناکەیت لە نێوان
دەنگی میحرابە(کان) و دەنگی ئاوە(کان)دا،
تۆ گەمژەیت. ل١٠٦)
(ڕۆژنامە زبڵەکان،
شاعیرە (زبڵ)ەکان،
پرۆفیسۆرە زبڵەکان،
دانیشگا (زبڵ)ەکان. ل١٢١)
(غەزەلبێژە گەمژەکان. ل١٢٢)
(دەوڵەمەند و سەرکردە سۆزانییەکان. ل٢٩٢)

بە ڕاست (گەمژە، زبڵ و سۆزانی) جنێون یان شیعر؟ ئەگەر (کان) کە هیچ لەگەڵ زمانی شیعریدا کۆی ناکاتەوە، قەلاچۆ بکرێت، (دیوان)ەکە گەلەک لاپەڕە کەم دەکات. (من لە پشت تەمی سەر ڕۆحی شاهەنشاکانەوە سەیرتان دەکەم. ل١١٦) (تاجی ڕەشی شاهەنشاکان ئاویان کردبووە سەر. ل٢٤٥) کێشەکە هەر ئەوە نییە کە ئەو دوو ڕستەیە، شیعرن نین، ئەوەیشە: شاهەنشا کە بە مانای شای شایان دێت، ئەگەر هەبێت، لە دنیادا تەنیا یەکێک هەیە، کەچی بەختیار عەلی هێندە شەیدای (کان)ە، دوای شاهەنشایشی خستووە.

(جەخار لە حەزی ئەم کالیپتۆسە مازۆشییانە بۆ ئازار. ل١١٨) چونکە مازۆشیبوون، حەزکردنە لە ئازار، ئیدی کە گوتت، مازۆشی، پێویستت بەوە نییە، درێژەی بدەیتێ و بێیت پێناسەی مازۆشی بکەیت، ئاخر ئەوە یاسایە کە دەبێت شاعیر کورتبڕی ڕەچاو بکات. (ئەم ساقییە مازۆشییەی لە خوێنی خۆی مەزەی مازۆشیمان بۆ دەهێنێ. ل١١٨) پێ دەچێت، بڕیاری دابێت، چەند جارێک مازۆشی بخاتە ڕستەی ناشیعرییەوە، ئەمە بێجگە لەوەی ساقی شەراب دەهێنێت نەک مەزە. دەتوانین خوێن بە شەراب، یان شەراب بە خوێن بچوێنین، وەلێ خوێن لە مەزە ناچێت. ئاخۆ مافی ئەوەمان هەیە، ئەو قسە هەلەقومەلەقانە کە وڕێنە لە چاویاندا قسەی نەستەقە، بە نرخی شیعر بە

خوێنەر بفرۆشین؟

(بە دوای ئەو شـولّکە تەڕانەدا دەگـەڕێم کـە دارکـاریـیـان کـردووم. ل٣٥٦) شولّک دارکاریمان ناکات، ئەو کەسەی شولّکەکەی پێیە، دارکاریمان دەکات. (وەک خـورافـاتپـەرسـتـێ خـۆم نیـشـان دا. ل٢٢٨) زۆرن ئەوانەی بڕوایان بە خورافە، غەیب و موعجیزە هەیە، وەلێ ئەوانە خورافەپەرست نین، خواپەرستن. (ملیۆنەها فرسـەخی دوورم دەدی. ل٢٤٧) خۆ فرسـەخ، درەخت یان ئەسـتێرە نییـە، تا میلیۆنانـی (نەک ملیۆنەهای) لێ ببینین، فرسـەخ: مەزەندەکردنێکە بۆ پێوانی دووری، دەشـێت پێنج شـەش کیلۆمـەترێک بێت. کە مـانـای فرسـەخی نەزانیوە، هەق نەبوو بیخاتە ڕستـەوە. (بۆنی زۆنگاو و سەرەنوێلکیان گرتووە. ل٣٦٨) (هەتا ماوم، بێباک بە زێراب و زۆنگاوەکاندا دێم و دەچم. ل٣٦٨) وەک بەو دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت، بەد لە مانای زۆنگاو حاڵی بووە، پێی وابووە، زۆنگاو، زەلکاوە، زۆنگاو کە بە عـەرەبی (هور)ە، شـوێنێکی پیسـی لە چەشنی زێراب یان سـەرەنوێلک نییـە، ژینگەیەکی خاوێنە و ئینسانی لێ دەژی. ئاخۆ پاساوی بۆ ئەوە چی بێت کە وشەگەلی وا دەخاتە ڕستەوە، مانایان نازانێت؟

(هەورێکی وەڕز و تینوو بوو، دەیویست قاچ لە (زین)ی ئەسپ گیر بکات. ل٣٣٣) ئەوەی قـاچی لێ گیـر دەکـرێت، زین نییـە، ئاوزەنگیـیـە. (بـە توندی گالیسکەکان بە ناو گەردەلوولەکاندا باژۆ دەدەم. ل٢٧٨) (ئەو گالیسکانەم بینی کە مـردووەکان باژۆیان دەدا. ل٢٧٩) باژۆ کە بە واتای لێ بخوڕە دێت، (دەدا و دەدەم)ی ناچێتـە سـەر. شـاعیر پێویستـە زمان جوانتر بکات، نەک بیـشێوێنێت، کەسێک دەتوانێت شـتی نوێ لە زمـاندا دابهێنێت کە بەسـەر زمـانی کۆن و باودا زاڵ بێت. ئاخۆ کەسێک شارەزای شێوەزاری زێدی خۆی نەبێت، توانای ئەوەی دەبێت، جوانکاری لە شێوەزارێکی دیکەدا بکات!

(مەرهەم دەدەم لەو پاوەنە سووتاوانەی ڕەش دەچنەوانێ. ل٣٦٢)

(بۆنی ئەو مەمکانەم دەوێت کە بە دەرزی لکاون بە سینەوانێ. ل٣٦٧)

(با نەتوانن جارێکی تر هەڵفڕن و بێنەوانێ. ل٣٦٩)

به ڕاست ئەوە کارەسات نییە، شاعیرێکی سوپەرمۆدێرنیست، بە وانیٚ یان دروستتر بە شێوەزاری دێرینی مەڵکەندی کە گەڕەکێکی شاری سلێمانییە، بنووسێت؟ شێوەزارێک کە تەنیا هەندێک کۆلکەخوێندەوار لە ژیاندا ماون پێی بئاخفن. هەولێرییەکان زۆر لەسەر هەقن کە گاڵتەیان بە (وانیٚ) دێت و من بەش بە حاڵی خۆم کە بە دەگمەن گوێم لە کەسێک دەبێت لە تیڤییەکەوە بە وانیٚ دەپەیڤێت، شەرم دامدەگرێت، شەرمێک تا ڕادەی عارەقکردنەوە.

محەممەد ماغووت لەمێژە گوتوویەتی:

(خۆشەویستم
ئەوان سەرقاڵی سەفەرن،
ئێمە دیلی چاوەڕوانی.
ئەوان خاوەنی سێدارەن،
ئێمە گەردن.
ئەوان خاوەنی مروارین،
ئێمە برین.
ئەوان خاوەنی کازیوە و ڕۆژ و شەون،
ئێمە پێستی زبر و ئێسقان.)

بەختیار عەلی تازەکی دەڵێت:

(هاوڕێم
ئەوان خەونیان بە پەرداخی پڕ لە مرواریییەوە دەبینی،
ئێمە شووشەی پڕ لە فرمێسکمان لایە. ل٣٠٥)

لە دیوانەکەی بەختیار عەلیدا، بۆ شیعری دیکەی محەممەد ماغووت بگەڕێیت، نائومێد نابیت، بۆ نموونە:

(ئەی نیشتمان!
تاکە نهێنییەکم هەبوو،
ئەویشت پێ ڕەوا نەبینیم. ل٣٥٧)

ئەوەیش هەر دەربڕینێکی سووکە دەستکاریکراوی ماغووتە و بنووسی ئەم دێڕانە کردوویە بە کوردی:

(نە ژوورێکت پێ بەخشیم ئۆقرەی تیا بگرم،
نە ئومێدێ دڵم ڕۆشن بکاتەوە،
ئەی نیشتمان!)

بەختیار عەلی قسە ڕیز دەکات و دەنووسێت:

(پەریی سەر بەردی ئۆقیانووسەکان لێیان پرسیم. ل٢٩٨)

ڕاستە شاعیر پێویستە خەیاڵی فراوان بێت، وەلێ هێندە فراوانیش نا کە هەموو ئۆقیانووسەکان تەی بکات و وەڵامی پرسیاری هەموو ئەو پەرییە غەمگینانەیش بداتەوە! تۆ لە پەرییەکان بگەڕێ کە تەنیا لە ئەفسانەدا بوونیان هەیە، شاعیر ئەوەی روون نەکردووەتەوە، ئایا ئەو بەردانە لەناو یان لە کەناری ئۆقیانووسەکاندا هەبوون؟

(من زێتر دەچمە ناو گەمەکانی چێژ و سادییەتەوە. ل٤١٠)

جاری وا هەیە، بە وشەیەکی نەگونجاو، شیعرێک لەبار دەچێت. ئایا (سادییەت) کە دەربڕینێکی عەرەبیی ڕەقوتەقە، شیعری لێ بەرهەم دێت؟ باشتر نەبوو سادیزم کە ئینگلیزییە و لەسەر زار خۆشترە و لە زمانی کوردیشەوە نزیکترە، بنووسێت؟ سادیست کەسێکە نەخۆش، چێژ لەوە وەردەگرێت، سەروەختی ئاوێزانبوون، ئازاری خۆشەویستەکەی بدات، کەواتە چێژ لەو ڕستەیەدا زێدەیە و بەختیار عەلی ئەگەر کاتی نووسین، بیری لای

خوێنەری شتزان بووایە، وشەی چێژی فەرامۆش دەکرد.

(بۆهیمییەتی گوڵەباخ هیچ لە دانایی شەو کەم ناکاتەوە. ل٣٩٨)

(باڵدارە ئەم بۆهیمییەتەی تۆ،
درەختە ئەم بۆهیمییەتەی تۆ. ل٤٥٧)

بۆهیمی کە بە ئینگلیزی (بۆهیمیان)ە، یاخیبوویەکە ئەوەی گوێی پێ نەدات، دابونەریتە. گۆران کە دەڵێت:

(ئەژیام ژیانی سەرسەری،
نەمبوو کەس بۆ ڕابەری.)

دەشێت مەبەستی لە ژیانی سەرسەری، ژیانی بۆهیمیانە بێت. ئایا بۆهیمییەت، نەک بۆ شیعر، تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەیش، هەر دەربڕینێکی ناقۆڵا نییە؟ قەت ددانی خێر بە شیعرێکدا نانێم، سادییەت و بۆهیمییەتی تێدا بێت، با بنووسی شیعرەکە (پووشکین)یش بێت. قەت بووە وشەکان عەرەبی نەبن و شاعیرێکی کوردی، قوربانیی دەستی جەللادی عەرەباندن، تەعریبیان بکات؟

(ئەی شەوی من لەناو ئەم ڕووناکییەدا کە ژەهرە،
قەفەزی من لەناو ئەم ئازادییەدا کە زیندانە. ل١٤١)

بە هۆی ئەوەوە دیاری قەرەداغی کردوویە بە گۆرانی، ئەوە ناودارترین شیعری بەختیار عەلییە، وەلێ لەم شیعرەیشدا کەوتووەتە هەڵەوە. شەو و ڕووناکی ناکۆکن، دوای ئەوان ژەهر دێت، تا ئێرە هیچ هەڵەیەک نییە، قەفەز و ئازادی کە ناکۆکن، دوای ئەوان زیندان دێت کە هەر قەفەزە، هەڵەکە لە زینداندایە.

بەختیار عەلی لە (شیعر)ی (ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت)دا پێمان دەڵێت:

(ئەی گەمژە، لووتی تۆ لەوە زەلیلترە،
بۆنی باغی من بکات،
تۆ لە جنسی مێروولەی خووساوی،
من لە جنسی خودام،
تۆ پاسەوانی کەلاوەی،
من ئەندازیاری یۆتۆبیام.
تۆ کڕیاری زبڵخانەی،
من نوور و گڕ و ڕەشەبام. ل٤١٣)

١) ناونیشانی (شیعر)ەکە هەڵە نییە، لاوازە، دەبوو بڵێت: ئەی ئەوەی گوناهبارم دەکەیت.

٢) جنس عەرەبییە، ڕەگەز دروستە.

٣) یۆتۆبیا هەڵەیە، یوتۆپیا دروستە، واتا لە یەک وشەدا دوو هەڵە هەیە.

٤) لەو کۆپلەیەدا لای کەم پێنج جنێو هەیە: گەمژە، زەلیل، مێروولەی خووساو، پاسەوانی کەلاوە و کڕیاری زبڵخانە! واتا نزیکەی نیوەی وشەکان جنێون، نیوەکەی دیکەیشی ستایشن، ستایشی خۆی! ڕەنگە بەختیار یەکەمین (شاعیر)ی دنیا بێت، جنێو ئاڕاستەی خوێنەری شتزان بکات و پەسنی خۆی بدات.

٥) ئەگەر ئەو (شیعر)ە بە هەر زمانێکی ئەورووپایی نووسرابا، خاوەنەکەی وەک ڕاسیستێک بە دادگا دەدرا، ئاخر هیتلەریش هەمان بۆچوونی هەبوو، خۆی لە ڕەگەزەکانی دیکە بە باڵاتر دەزانی.

بەختیار عەلی دەڵێت:

(خۆم لە بەردەم سەرۆکە بێشەرەفەکاندا بکوژم. ل٥٣٢)
بە ڕاست جنێو هەیە، لە بێشەرەف بەهێزتر!
(لێوی خۆی نەدامێ بۆ گۆرانی. ل٤٢٣)

لێو گۆرانیی پێ ناگوترێت، فیکەی پێ لێ دەدرێت.

(بە دەستە سوکراتییەکانی ژەهرێکی دیکەی بۆ هێنام. ل٤٢٤)

سوکرات، ژاری بۆ کەس نەبردووە، ژاریان بۆ هێناوە.

(لە هەر مەعدەنێکت بگرم، لە ستیل یا هەوا یا لم، دەرزێیت. ل٤٢٤)

(ستیل)یش هەر کانزایە، کەواتە ستیل لەوێدا هەڵەیە، ئەگەر هەوا و لمیش مەعدەن (کانزا) بوونایە، ستیل بۆ ئەو جێیە دروست دەبوو، تۆ لەوەی گەڕێ، هەوا لە کۆمەڵێک گاز پێک دێت. چونکە هەر وشەی ڕیز کردووە، هەڵەکانی لەو تاقە ڕستەیەدا، لە ژمارە نایەن!

(مەحروومی کەن لە هەتوان و دەوا. ل٤٣١)

هەتوانیش کە کرێم (مەڵحەم)ە، جۆرێکە لە دەوا، واتا: هەتوان و دەوا یەک شتن نەک دووان، ئەوی بۆ هەڵبژاردە و خوێنەری وریا بنووسێت، کورتبڕی ڕەچاو دەکات، نەک درێژدادڕی و شیکردنەوەی مانای وشەکان.

(ناتوانم وەک شەو پڕ بم لە هاواری ئاورنگ. ل٤٤٩)

ئاونگ: شەونمە، ئاورنگ: پریشکی ئاگرە. بەختیار عەلی بە درێژایی (دیوان)ەکەی هەستی بە جیاوازیی نێوان ئاونگ و ئاورنگ نەکردووە.

(خۆی لە دەهالیزەکانی خۆیدا دووبارە دەکاتەوە. ل٤٣٩
بەرەو هەر دەهلیزێک بچیت لەم شارەدا،
بەرەو هەر شارێک بڕۆیت لەم دەهلیزەدا. ل٤٤٦)

ئەمانە بێجگە لە ڕیزکردنی قسە، هیچی دیکە نین، ئاخر شیعر نە بە دەهلیز پێک دێت، نە بە دەهالیز!

(هاتم نەخشەی کۆچی نەیازکەکانم پێ نەبوو. ل١٩٤)

نەیزەک کە دەربڕینێکی میللییە، ئەستێرەی کشاوە، تاکە، نەیازک (کۆ)یە، وەلێ نەیازکەکان، هەم بە عەرەبی و هەم بە کوردییش کۆیە، ئەمە تەواو وەک ئەوە وایە لەبری کورسییەکان، بڵێین: کەراسییەکان! نەیزەکەکان دروستە.

(تۆ ڕاستگۆیت
کە لە ئاوی کەس ناخۆیت. ل٤٦٧)

ناخۆیت، سەروایە بۆ ڕاستگۆیت! جاران کۆلکەشاعیران لەبەر ڕاگرتنی کێش، یان هێنانەوەی سەروا، زمانیان دەشێواند، بەختیار عەلی کە پەخشانەشیعر دەنووسێت و بڕوای بە کێش و پاشبەند نییە، لە سۆنگەی چییەوە، زمان دەشێوێنێت؟ ئاخر دەبوو بنووسێت: لە ئاوی کەس ناخۆیتەوە.

(بازنی دەستی دەوڵەمەندەکان. ل٣١٨)
بازنگ، دروستە.
(تەپوتۆزی باغاتی لۆکە،
باغی پەموو. ل٤٤٩)

کێڵگەی پەموو یان لۆکە دروستە نەک باغ.

(قەیماغی پێغەمبەرانەمان بۆ دێنن. ل٥٠٢)

بە (قەیماغ و پێغەمبەر)دا، ڕەنگە خوێنەر، (مەیموون و مێزەر)ی بیر بکەوێتەوە، ئاخر هیچ قەیماغ لەگەڵ پێغەمبەردا کۆ ناکاتەوە، ئەوە نەبێت لە هەردووکیاندا، حەرفی (غ) هەیە.

(ئەی دیلی ئەم کەمانە سەرسامەی لە بادا مەبهوورە. ل٥٣٢)

ئەم ڕستەیەیش بێ مانایە و هەر وشە ڕیزکردنە. چونکە ئینبیهار لوتکەی

ئیعـجابە، کـەواتـە ئەوی مـونبـەهیـر بووبێت، ئیـدی لەمـێژە لە مـوعـجـیب (سەرسام)ی تێپەڕاندووە. مەبهوور هەڵەیە، مونبەهیر دروستە.

(شەو و ڕۆژ لە (بانوێ)ی عەتردا مەلە دەکەن. ل٣٦٧)

بانیـۆ نەک بانوێ! ئـەمـە دروست وەک ئەوە وایـە بە ڕادیۆ بڵـێین ڕادوێ، یان بە یۆنان بڵێین وێنان! ئایا ئـەوە کۆمـیـدیای نێـو کـارەسـات نییـە، کـەسـێک سـاڵانێکی دوورودرێژ، دەیان جـار بە فیلمـی گوتبێت فلیم کە تەواو هەر مـینا ئەوە وایە، بە جـومعـەی گـوتبێت جوعمە و ئـەوانـەیشی پێ گەمژە بێت کـە پێی سەرسام نین!

پەراوێزەکان:

(*) بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە، کۆی بەرهەمە شیعرییەکان (١٩٨٣ - ٢٠٠٤) چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٦ سلێمانی.

(*) لە هەموو نموونەکاندا، ڕێنووسم بۆ (شاعیر) ڕاست کردووەتەوە.

## پاشایەکی نیمچەڕووت

هێشتا نە بڵاو کرابووەوە، نە لە چاپ درابوو، کۆمەڵێک دەروێش کەوتنە ڕێکلامکردن بۆی، هێشتا یەکێکی لێ نەفرۆشرابوو، نووسییان هەزارانی لێ دەفرۆشرێت و هەزاران دۆلاری لێ قازانج دەکرێت! تەنانەت شێرکۆ بێکەس گوتی: (یەکێکە لە ڕۆمانە هەرە جوانەکانی دنیا!) وەک هەرچی ڕۆمانی دنیایە، هەموویانی خوێندبێتەوە و پاش بەراوردێکی ورد، بەو ڕاستییە ڕەهایە گەیشتبێت. بۆ ئەوەی ئەو قسەیەی شاعیری ناوبراو (پشتخوار) بکەمەوە، دەڵێم: ڕێ دەکەوێت لە سوێد لە یەک ساڵدا، حەوتهەزار ڕۆمانی بۆ سوێدی وەرگێڕدراو بڵاو بکرێنەوە، هیچ گومانم نییە، لەو حەوتهەزارە، ئەو فریای خوێندنەوەی حەوتیان نەکەوتووە و نایشکەوێت، ئیدی چۆن دەزانێت، (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، یەکێکە لە ڕۆمانە دانسقەکانی دنیا؟ ئەو هەڵسەنگاندنە، لە نان بە قەرزدان بترازێت، هیچی دیکە نەبوو، ئەو بۆیە نووسەری ئەو ڕۆمانەیش، ستایشنامەیەکی بۆ (کورسی)یەکەی ئەو نووسی.[1]

شاری مۆسیقارە سپییەکان، پڕە لە کەلەبەر و کەلێن و کەموکووڕی، ئەز هەر باسی تۆزێکیان دەکەم. ڕەنگە بەختیار عەلی لە هەردوو بواری ڕێنووس و ڕێزمانی کوردیدا، ئاستنزمترین ڕۆماننووسی کورد بێت، ئاخر هێشتا فێری ئەوە نەبووە، واو لە کوێدا دەبێت یەکێک بێت و لە کوێدا دووان، بۆ نموونە: بە درێژایی ڕۆمانەکەی، (گوتی) کە بە یەک واو دەنووسرێت، بە دوو واوی دەنووسێت! هێشتا فێر نەبووە، کام کردار پێکەوە و کامیان بە جیا دەنووسرێت. بۆ نموونە: (لێ هاتە دەرێ) کە پێویستە بە سێ بەش بنووسرێت، ئەو بە یەکەوەیان دەنووسێنێت و زۆر جار یەک ڕستە، وەک یەک

وشــە دەنووســێت! بۆ نموونە: کـۆتاییـیـان پـێ دەهێنا، بیـرم دەکـردەوە و ئاوەدانیـان دەکـردەوە کـە سـێ ڕسـتـەن، ئەو وەک سـێ وشـە دەیاننووسـێت. (فلـووتژەن) کــە یەک وشـــەیە، دوو لەت دەکــات و (هێــمنـی بکاتەوە، ل٢٣٦) پێکەوە دەنووسـێت! هێـشـتـا دەنووسـێت: (لەدەرگـامـدا، ل٤١٧) کـە دەبوو بنووسـێت: لە/ دەرگام/ دا. یان دەنـووسـێت: (ئەژنۆکانم دەلەرزێت. ل٥٦) کە مێردمنداڵیش دەزانێت، دەلەرزن، ڕاستە.

هێـشـتـا فـێـری ئەوە نەبووە: کـە بە (کـوڕی پوور ل١٥٩) دەڵێن: پوورزا! بازرگان و تاجیر، یەک پیشەن! ل١٦٩ شتێک نییە، ناوی (کڵۆدیشلەمە، بێت. ل٢٢١ ) هێشتا نە فێری ئەوە بووە (لۆجستیک) بخاتە ڕستەوە، نە لە مـانای (نۆردوو) ل٢٢٦ تێگەییشـتووە کە نـانی قەدکراوە. خۆی بیـتلـز، (کۆ)یە، ئەو نووسـیویەتی: بیـتڵزەکان! ل٢٥٨ بەخـتـیـار عەلی دەڵێت: (پـێ دەچێت لەمێژە خـەوتبن و ئێسـتـا زیندوو بووبێتنـەوە. ل٣٥٨) پـێ دەچێت، هەڵەیە ، پـێ دەچوو، ڕاسـتـە، لـەمێژە، هەڵەیە، لەمێژ بێت، دروسـتـە، زینـدوو هەڵەیە، بێدار ڕاسـتـە، واتا لـەو شـەش وشـەیە، سـێـیـان هـەڵەیە! ئەمـەیش وەک شـکاندنی ڕیکۆرد وەهـایە. (بۆنی دەوڵەمەندی و زەنگینیی لـێ دێت. ل٢٦٦) بە ڕاست دەوڵەمەندی و زەنگینـی، هـەر یەک شت نین؟ (لەو کـەسـەم نەبووری کـە ئێـوەی کـوشـت.) لەو کـەسـەم نەبووری، هەڵـەیە، لەو کـەسـە نەبوردم، دروسـتـە، لەو کـەسـە خـۆش نەبووم، جـوانتـرە. (دەیانسـیـحـرێنێ، ل٥٩٤) بەخـتـیـار هـەر ئـەو کـردارەی داهێنـاوە، ئەوەیش زۆر ناجـۆرە، (باژۆ)یشـی کـە بە مـانای لـێ بخـوڕە، دێت، کردووە بە پەند، ئەوەتا نووسیویەتی: (باژۆ بدات. ل٦٠٢)

لە بەخـتـیـار عەلی وایە: تۆمار بە مـانـای ڕیکۆردەر، ل١٦ دێت، ئەو هێـشـتـا لەبری فـیـلـم نە جـارێک، نە دووان، بەردەوام فلیم ل٨٧ دەنووسـێت![٢] لە ئەو وایە شار، شەمەندەفەر یان کەشتییە، ئەوەتا دەنووسێت: (سـەرنشینانی شار. ل٤٩) (شـارێک نە لەسـەر نەخشـە و نە لـە جوگرافیـای ئەو وڵاتەدا نەبوو. ل٧٨) بۆ ئەو جـێـیـە، نەبوو، هەڵەیە، هـەبـوو، دروسـتـە. (کـۆلێـژی ئەدەبی ئینگلـیـزی، ل٩٢) هەڵەیە، کۆلێژی ئاداب، بەشـی ئینگلیزی، ڕاستە. کوردییەکەی بەختیار

عەلی، وێڕای وشە عەرەبی و فارسی، پڕە لە دەربڕینی عەرەبی و فارسییش. هەر لە پەرەگرافی یەکەمی ڕۆمانەکەیەوە، دەربڕینی عەرەبی زەق زەق دیارە، ئەوە نییە لەبری (سووریایی) کە کوردییە، دەنووسێت (سووری) کە عەرەبییە. یان لەبری ڕاستییەکەی کە کوردییە، دەنووسێت: لە ڕاستیدا، کە (في الحقيقة)ی عەرەبییە. هێشتا فێر نەبووە کە چەندەها و هەزارەها، فارسین و بە کوردی دەبنە: چەندان و هەزاران! لە بەختیار عەلی وایە، ئەدەبی ڕیالیزمی سیحراوی، بریتییە لە گوتنی شتی وا کە دەستی هیچ (درۆ)یەک نەگاتە داوێنی، ئەوە بۆیە دەنووسێت: (باغێک مەڵبەندی هەموو جۆرەکانی درەخت و باڵندە بوو. ل٢٢) یان: (دەتوانێت شاهنامە، بەبێ وەستان، لەمسەر تا ئەوسەری بڵێتەوە. ل٣٦٥) یان: (گوێم لە خوڕەی خوێنەکەی بوو. ل٥٣٠)

سەرنجی ئەم درێژدادڕییە بدەن: (بەرپرسی بەرەی نیشتمانی، پیاوێکی سەر رووتاوەی ورگزلە، هەموو جارێک پشتێنە شلەکەی توند دەکاتەوە و جامانە نارێکەکەی کە هەردەم بە لای چەپدا خوار دەبێتەوە، ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت. ل٢٤٠) جارانیش چیرۆکنووسی کەمبەهرە دەیگوت: (مژێکی لە جگەرەکەی دا، سەیرێکی بنمیچەکەی کرد، قومێکی لە چایەکەی دا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەستێکی بە دەم و سمێڵیدا هێنا، قورگی خاوێن کردەوە و گوتی!) باشتر نییە، یەکسەر بنووسین: گوتی و بڕایەوە؟ هەر تێکستێک بنووسین، ددانی پێدا بنێین یان نا، خۆمان لەنێو دەقەکەداین و چی بخوازین، ئەوەی تێدا دەڵێین. لە ڕوانگەی ئیسلامی توندڕۆوە، ئەوی موسڵمان نەبێت، کافرە، بەختیار عەلییش وەک بە هەمان مێتۆد بیر بکاتەوە، دەڵێت: هەر کەسێک تێکستە گەورەکانی من پەسەند نەکات، وێڕای ئەوەی (بێ بەهرەیە، ل٢١١) (گەمژە و بێ دەماغیشە. ل١١)[٣]

بە دەگمەن دێڕێک لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلیدا هەیە، هەڵەی ڕێنووسی تێدا نەبێت، با بەشێک لە هەڵە زەقەکانی چوار دێڕی دەستپێکی ڕۆمانەکەی دەستنیشان بکەم.

دێڕی یەکەم: (دیلیکردوم،) دوو هەڵەی تێدایە، یەکەم: بە جیا دەنووسرێت،

دیلی کردوم. دووەم: کردووم بە دوو واو دەنووسرێت.

دێڕی دووەم: (پێیگووتم،) دوو هەڵەی تێدایە، یەکەم: بە جیا دەنووسرێت، پێی گووتم. دووەم: گوتم بە یەک واو دەنووسرێت نەک دووان.

دێڕی سێیەم: (بڵاوبۆتەوە و درۆیدەکرد) سێ هەڵەیان تێدایە، یەکەم: بڵاو بۆتەوە، بە جیا دەنووسرێت. دووەم: بۆتەوە، هەڵەیە، بووەتەوە، دروستە. سێیەم: درۆی دەکرد، بە جیا دەنووسرێت.

دێڕی چوارەم: (ڕویدەدا،) دوو هەڵەی تێدایە، یەکەم: ڕوی دەدا، بە جیا دەنووسرێت. دووەم: ڕووی بە دوو واو دەنووسرێت.

وێڕای وێرانیی ڕێنووس، زمانی ڕۆمانەکە لە گەلێک بواری دیکەیشدا پەڕپووتە، وەک نموونە: لەبری برینپێچ، تیمارپێچی نووسیوە، ل٣١ پێی وابووە، تیمار هاوواتای برینە، هەرچەندە تیمار بە واتای چارەسەر دێت، دەردم تیمار بکە! واتا: دەردم چار بکە! کەواتە تیمارکەر، ڕاستە، تیمارپێچ، هەڵەیە. (خوێن)یش سارێژ ناکرێت، وەک ئەو نووسیویەتی، ل٣٧ خوێن یان خوێنبەربوون دەوەستێنرێت، ئەوە برینە سارێژ دەکرێت. نووسەر لەبری کاپتن، قیپتانی نووسیوە ل٨٩ و ل١٥٦ کە نە قیبتانی عەرەبییە، نە کاپتنی ئینگلیزی! لەبری زەماوەند یان شایی، بەختیار نووسیویەتی: ئاهەنگی شووکردن و ژنهێنان! یان دەڵێت: (لەسەر ڕۆشنایی تریفەکاندا، ل٤٢) کە ئەوە هەر (علی ضوء)ی عەرەبییە، کورد دەڵێت: لەبەر ڕۆشنایی، ئەمە جگە لەوەی، تریفەکان لەوێدا هەڵەیە، تریفە دروستە.

پەراوێزەکان:

(١) شێرکۆ بێکەس، کورسی، لە بڵاوکراوەکانی ڕادیۆی نەوا، چاپخانەی تیشک ٢٠٠٥ سلێمانی.

(٢) لە ٢٠١٠/٦/٨ دا بۆ یەکەمین جار بەختیار عەلی بە دروستی فیلم دەنووسێت، پێش ئەو ڕۆژە هەمیشە (فلیم)ی دەنووسی! بڕوانە هەفتەنامەی ئاوێنە، ل٥ ژمارە: ٢٢٧

(٣) بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٥ سلێمانی.

## تۆڵەسەندنەوە

## لە ڕێی شیعری درێژ و ڕۆمانی ئەستوورەوە

ئەوە بە ئاسایی دەزانم، گەلێک لە وێبسایتە دێرینە کوردییەکان، هانا بۆ چەکی ئێکسپایەربووی جنێو ببەن، ئەوەیشم هەر لە کن ئاساییە، بەرپرسی ماڵپەڕێک، پێوەندیی بە دەزگایەکی سەرکوتکەرەوە هەبێت و بۆ زڕاندنی ناو و ناوبانگی ئەم و ئەو، هەمان مێتۆدی دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس ڕەچاو بکات، تەنانەت ئەوەیشم پێ هەرس دەکرێت، هەفتەنامەی کوردیی وایش هەبێت، ساڵانێکی دوور و درێژ، توند توند دەست بە داوێنی جنێوەوە بگرێت و توانای ئەوەی نەبێت، دەستبەرداری ببێت. ئەوەیش بە عاجباتی نازانم، کەسی وا هەبێت، پێی ئاسایی بێت، خۆی ناو بنێت (بەدگۆ) و لە مانگنامەکەیەوە[١] بەو (نازناو)ەوە کە بە خۆی ڕەوا بینیوە، سەرقاڵی بەخشینەوەی جنێو بێت. ئەوەم پێ سەیرە، نووسەرێک خۆی بە سەرچاوەی مەعریفە و هەڵگری چراوگی ڕۆشنگەری بزانێت، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، هیچ سڵ لە بەخشینەوەی جنێو نەکاتەوە!

ئەوەم پێ ئاساییە کەسانێکی جنێودەری ڕووقایم، لە کەناڵێکی ئەلیکترۆنی یان کاغەزینەوە، بە ناوی خۆیانەوە، بێ دڵەڕاوکێ، بە گوتاری کورت و هی درێژ، جنێو دابەش بکەن، ئەوەیانم هەر زۆر پێ ئاساییە، (پیاوان)ێکی جنێونووسی زراوتۆقیو، بە ناوگەلێکی وەهمییەوە کە هەندێکیان ناوی ژنانەن، لە وێبسایتە دەمشڕەکانەوە، سەرومڕ بێ ئەوەی پشوویەک بە خۆیان بدەن، ڕۆژانە بە چەکی جنێو، هێرش و پەلاماریان بەردەوام بێت، ئەوەم پێ عاجباتییە، (ئەدیب)ێکی کورد کە خۆی پێ داهێنەرێکی گەورە بێت، لە ڕێی

(دەقی ئەدەبی)یەوە، کێشە تایبەتییەکانی بە چەکی جنێو یەکلایی بکاتەوە. ئایا ئەوە داهێنان نییە، هاوزەمان خەریکی ڕۆمانێکی ئەستوور یان دەقێکی شیعریی کراوە بیت کە زادەی (خەیاڵ)ن و ڕقت لە هەر کەسێکی (ڕاستەقینە)یش بێت، تێرجنێوی بکەیت!

بەختیار عەلی لە (شیعر)ی (ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت)دا، ئەم جنێوە زێدەمەزرانە، بە هەموو ئەوانە دەدات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، سووکەڕەخنەیەکی ئەدەبییان لێ گرتووە:

(ئەی گەمژە
لووتی تۆ لەوە زەلیلترە،
بۆنی باغی من بکات.
تۆ لە جنسی مێرووولەی خووساوی،
من لە جنسی خودام.
تۆ پاسەوانی کەلاوەی،
من ئەندازیاری (یۆتۆبیا)م.
تۆ کڕیاری زبڵخانەی،
من نوور و گڕ و ڕەشەبام.)[٢]

جوێن و مەرایی دوو ڕووخساری یەک دراون، ئەوە بۆیە جنێوفرۆشان وا ڕاهاتوون، لە کاتێکدا جنێو بە کەسێک دەدەن، مەرایی بۆ یەکێکی دیکە دەکەن. بەختیار عەلی لەو ڕێسا دێرینەی تێپەڕاندووە، ئاخر ئەو لە کاتێکدا جنێو بەم و بەو دەدات، ستایشی خۆی دەکات.

بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)یشدا، بە هەموو ئەو نووسەرانەی پێیان وایە، ئەویش وەک هەر ئەدیبێکی دیکە، لەسەروو ڕەخنەوە نییە، دەڵێت: (هەموو تێکستێکی گەورە، هەمیشە کۆمەڵێک دوژمنی گەمژەی هەیە، منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو نووسەرانە نەبووم، خەڵکی گەمژە

بمتـرسـێـن، بە پێـچـەوانەوە هـێـزی خـۆم لەوەدا دەبینی کـە توانایەکی سـەرسـوورهێنەرم تێدایە، بـە پیـاوانی بێـدەمـاغ پێبکەنم.)[٣] سـەرنج بدەن! ئەوانـەی ڕەخنەی لـێ دەگـرن، گـەمـژە و بێـدەمـاغن، وەلـێ خـۆی خـاوەنی توانایەکی سەرسوڕهێنە!

لە هەمان ڕۆماندا دەڵێت: (گەر ڕۆژێک ئەو کتێبە دەرچێت، خەڵک ڕەخنە لە من دەگرن، سـەد کەس هەن لەسـەر ئەم کاسـبییە دەژین کە کاسبیی نووسـەرە بێبەهرەکانە،)[٤] وەک خۆی لە هـەمـان جێدا ڕوونی کردووەتەوە، مـەبەستی لەو کاسـبییـە، ڕەخنەگرتنە لە زمانی نووسـین. کەواتە لە ڕوانگەی ئەوەوە، هەر نووسـەرێک هەڵەیەکی زمـانی بۆ ڕاست کردبێتەوە، نووسـەرێکی بێبەهرەیە و کاسبی بە نووسینی ڕەخنەوە دەکات، ڕەخنە لە زمانی نووسینی وی!

بەخـتـیـار عـەلی لـە هـەمـان ڕۆمـاندا دەڵێت: (سـیـاسـیـیـەکی لووت قـولاپی دەناسم، بـاریکێکی قـژڕەشـە، کـە قـسـە دەکـات، دەنگی لە دەنگی قـەحـبـە دەچێت.)[٥]

خوێنەری ئاسـایی دەزانێت، مەبەسـتی لەو سیاسەتکارە، مەلا بەختـیارە کە جـارێک لە جـاران کـوفـری کـردووە و ڕەخنەی لـێ گرتووە. لەو ڕۆمـاننووسـە دەپرسـم، ئایا هیـچ جیـاوازییـەک لە نێـوان دەنگی ژنانی سـێکسـفـرۆش و ئافرەتانی دیکەدا هەیە؟ ئایا ئەوە سووکایەتیکردن نییـە بە ئینسـان، بە ژنێک کـە هەلومـەرجی دژواری ژیان، ناچاری دەکـات سـێکس بفـرۆشـێت، بڵـێـیت قەحبە؟ ئایا گوتنی قەحبە لەبری سێکسـفرۆش، لە قسـەی ئەدیب و خـۆ پـێ ڕووناکبیـر دەچێت؟ ئایا خوێنەر بەو پاسـاوە قـایل دەبێت، سـبەی نووسـەر بڵێت: ئەو جنێوانە هی خۆم نین، هی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەمن؟

سێکسفرۆشی لە ئەڵمانیا کە نووسـەری لـێ دەژی، پیشـەیەکی یاسـاییە و سێکسفرۆشیش وەک هەر کـارمەندێکی دیکە، باجی داهات دەدات و ئەوانەی لەو وڵاتە بە کـۆمـەکی سـۆشـیـال دەژین، بڕێک لەو پارەیەی بژێوییـان بۆ دابین دەکات، ئەو باجەیە کە سێکسفرۆشان دەیدەن.

جـارانی زوو ئـەوە کـارێکی ئاسـایی بوو، شـاعـیـرێک دەسـەڵاتدارێک دابشـۆرێت، یان هەجووی شـاعیرێکی دیکە بکات، وەک شـێخ ڕەزای تاڵەبانی دەیکرد و نەیارەکانی خۆی دەدایە بەر تیری وشە، بەڵام تۆڵەسـەندنەوە لە ڕێی (پەخـشـانەشـیـعـر)ی درێژ و ڕۆمـانـی قـەبەوە، مـێژووی ئەدەبی کوردی، وەک دەسـتپـێشـخـەرییـەک بە ناوی بەخـتـیـار عـەلییـەوە تۆمـاری دەکـات. ئایا ئەوە کـارەسـات نیـیـە، خـۆمـان پـێ داهێنەر بێت و لە ڕێی داهێنانەوە، خـەریکی تۆڵەسـەندنەوە بین؟ دەوێرم بڵێم، ئـەوە مشـتومڕ هەڵناگرێت، ئەوی (ڕۆمـان) بە مەبەستی تۆڵەسـەندنەوە وەگەڕ بخات، تۆڵەسـەندنەوە لە کەسانی ڕاستـەقینەی دیاریکراو، نووسـەرێکی ڕووتوڕەجاڵ خـەیاڵی، کزبەهرەی کەمتوانایە.

پەراوێزەکان:

(١) کـە بە داخـەوە نـاوی بنەمـاڵەیەکی لە خـۆی ناوە، ڕۆڵی لە بواری ڕۆژنـامـەگـەریدا بـەرچاوە، ئـاخـــر ئەوە وێڕای بازرگـانیکردن بە نـاو و ناوبانگی ئەو بنەمـــاڵە هێژایەوە، سووکایەتیکردنیشە بەو ماڵباتە.

(٢) بەختیار عـەلی، تا ماتەمـی گوڵ، تا خـوێنی فریشتـە، کۆی بەرهـە شیـعرییەکان، ل٤١٣ چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٦ سلێمانی.

(٣) بەخـتـیـار عـەلی، شـاری مۆسـیـقـارە سـپـییـەکان، ل١١ چاپـخـانەی ڕەنج ٢٠٠٥ سلێمانی.

(٤) سـەرچاوەی پێشوو، ل٢١١

(٥) هـەمان سـەرچاوە، ل٤٩٤

(*) بۆ شـارەزایـی زێتر دەربارەی ڕۆمـانـی شـاری مۆسـیـقـارە سـپـیـیـەکـان، کـتـێبی (شـاری دەستە و تاقمەکان)ی شارام قەوامی بخوێنەوە!

# شیری گورگ

ساڵانێکە بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی و مەریوان وریا قانیع، وەک سێ نووسەری عەلمانی، خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن، کەچی گۆڤاری (لڤین) کە سەکۆیەکی ئیسلامی سیاسییە، نەک هەر دیمانەی درێژخایەنیان لەگەڵدا ساز دەکات و نووسینیان بڵاو دەکاتەوە، بەڵکوو هێندە متمانەی پێیانە، تەنانەت لاپەڕەی هەمیشەیی و تایبەتیشیان پێ دەبەخشێت! ئایا ئەم هاوکارییەی نێوان ئەو سێ نووسەرە عەلمانییە و ئەو گۆڤارە ئیسلامییە، ناڵێم جێی گومان، وەلێ جێی پرسیار نییە؟ ئایا پێشتر لە هیچ شوێنێکی ئەم سەر زەوینە ڕووی داوە، سەکۆیەکی ئیسلامی، بڵندگۆی خۆی بۆ نووسەرانی عەلمانی تەرخان کردبێت؟

ئەگەرچی دزینی سامان، دزێوترین سیمای گەندەڵکارییە، وەلێ گەندەڵکاری، تەنیا لە دزینی ساماندا ڕەنگ ناداتەوە، وەلێ دزیی، هەر ئەوە نییە بە ناڕەوا بەشێک لە داهاتی نیشتمان بۆ خۆمان گل بدەینەوە، زەوتکردنی بەرهەمی بیر و خەیاڵی کەسانی دیکەش هەر دزییە. پێم وایە دزینی سامانی مەعنەوی، زۆر لە دزینی سامانی مادیی سامناکترە و ئەگەر دزینی سامان ناپاکی بێت، ئەوا دزینی ڕۆمان، ناپاکیی مەزنە.

هێنانی زانیاری لە هەرجێیەکەوە، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی دەستنیشان بکرێت، دزێوترین شێوەی گەندەڵکارییە. لەمێژە پۆلێک نووسەر باس لەوە دەکەن کە بۆ نموونە، (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی لە (ساڵی ئاشووب)ی (عەباس مەعرووفی)یەوە وەرگیراوە، (ئیمپراتۆریای وەهم)ەکەی لە (شیعریبوونی عەرەبی)ی (ئەدۆنیس)ەوە هێنراوە، (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی لە (کەمانچە ڕەشەکە)ی (ماکسێنس فێرمین)ەوە خواستراوە،

(دواهەمین هەناری دنیا)کەی لە (یاریزانی شەترەنج)ی (ستیڤان شڤایگ)ەوە قەرز کراوە[1] و هێشتا نووسەری بە تۆمەتی بردنی بەرهەمی بیر و خەیاڵی نووسەرانی دیکە گومانلێکراو، تەمی لە دەوری ئەو گومانانە نەڕەواندووەتەوە.

(نووسەر کە سوودی لە ژێدەرێک وەرگرت، دەبێت یان بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ سەرچاوەکە بکات، یان وەک چۆن گورگ دەیان مەڕی خواردووە و لە مەڕ ناچێت، ئەویش ئەو زانیارییانەی کەڵکیان لێ دەبینێت، بە جۆرێک هەرسیان بکات، کەس نەیانناسێتەوە.) ئەمەی گوتم، قسەی خۆم نییە، لە دەیان باس و کتێبی ئەدەبیدا بە شێوازی جیا جیا گوتراوە و دەبێت بێ دوودڵی لە ئاستیدا مل کەچ بکەین. میخائیل باختین وای بۆ دەچێت، (هەموو تێکستێک دەنگدانەوەی هاواری دەقێکی پێش خۆیەتی.) کەواتە ئەوە دەستپاکی و ڕێزگرتنە لە ئاوەزی خوێنەر، ناچارمان دەکەن، دەستنیشانکردنی ژێدەر فەرامۆش نەکەین. ئاماژە نەکردن بۆ سەرچاوە، بێجگە لەوەی گەندەڵکارییە، بە گەوج زانینی خوێنەریشە.

بەختیار عەلی دەڵێت: (هەوڵی گەندەنووس، فێڵێکە بۆ ڕاکێشانی ئێمەی جیدی، بۆ ناو ڕووبەری نزم و بچووک و ڕیوەڵە.)[2]

نووسەری ناوبراو سڵی لە بەخشینەوەی قسەی سووک نەکردووەتەوە و هەر چی قسەی زبری دوور لە دنیای فیکر و ئەدەب دەزانێت، ڕیزی کردوون، کەچی هێشتا پێی وایە، (ئەو ڕووبەرەی ئیشی تێدا دەکات، نە نزمە، نە بچووکە و نە ڕیوەڵە!) ڕووبەر لەوە نزمتریش هەیە، تۆ بێیت بەو نووسەرانەی ڕەخنەی ئەدەبییان لە بەرهەمەکانت گرتووە، بڵێیت: (دەبەنگ، نەخوێندەوار، گەندەقەڵەم و ڕەخنەگری سەقەتنووس؟)[3] وێڕای ئەمە، هاندانی نووسەرانی پایەبڵند بۆ خۆپاراستن لە ڕووبەری نزم، یەکێکە لە مۆچیارییەکانی حەزرەتی فیردۆسی بۆ ئەهلی قەڵەم و دەبوو بەختیار عەلی کە دژی (سەقەتنووسانە،) هەقی ئەو شاکارنووسەی نەخواردبا.

ئەو ڕوونکردنەوە درێژەی بەختیار عەلی نووسیویەتی، بریتییە لە ستایش و هێرش، ستایش بۆ خۆی و هێرش بۆ سەر ئەوانەی ستایشیان نەکردووە. ئایا

ڕۆشنبیرێک ئاڵای چەسپاندنی دیمۆکراسی و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاوازی بڵند کردبێتەوە، قەت بیر لەوە دەکاتەوە، لە ڕێی وشەی دزێوەوە، نەیارانی دەمکوت بکات؟ ئایا ئەو وشە دزێوانە، ئەو مەرەکەبە دەهێنن کە لە چاپکردنیاندا سەرف کراوە؟ ئەم هەموو سووکایەتیی بە نووسەری کورد کردنە، ئەو ڕەوتارەی بەعسمان وەبیر دێنێتەوە کە لە ئۆرگانەکەیەوە، بە زنجیرەیەک گوتار، سووکایەتیی بە بەشێکی گرنگ لە خەڵکی باشووری عێراق دەکرد.

ڕێبین هەردی کە بە ناونیشانی: (ئەم هەموو دەبەنگییە چییە؟ وەڵامێک بۆ فسفسپاڵەوانەکەی دەرهێنەری ئاریا.)[٤] بەرسڤی هادی مەهدی داوەتەوە، کۆمەڵێک جنێوی پێ داوە، وەک (کوێر، کەڕ، نەخوێندەوار، بازرگانی وشە، ترسنۆک، فاشیل و بێشەرم!) ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لەهەمان نووسینیدا دەبێژێت: (لەو کەسانەم کە حەزم لە شەڕەجنێو نییە! لە کوێ فیکر نەبوو، قەڵەمی منیش لەوێ نییە!) بە مەرجێک تەنیا لە ناونیشانی وەڵامەکەیدا دوو جنێو هەیە: دەبەنگ و فسفسپاڵەوان! (ڕێبوار سیوەیلی)یش داوا لە سەرۆکی حوکوومەت دەکات: گوێچکەی هەندێ سەرۆک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ڕابکێشێت، چونکە (جاهیل) و (چەورە)ن!)[٥] ئایا برەودان بە کولتووری قینبەخشینەوە و تۆڵەسەندنەوە، هەڵگرتنی شوێنپێی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ نییە؟ پێم وایە لەمێژە وەختی ئەوە هاتووە، نووسەرانی ڕاستەقینە، جاری دابڕان لەگەڵ ئەو زمانە دزێوەدا بدەن.

شۆڕش لەناو شۆڕشدا، دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا و چیرۆک لەناو چیرۆکدا، ئەمانە کۆنن، شتی تازە گەندەڵییە لەناو گەندەڵیدا. بە قسەی بەختیار عەلی، (قوتبە گەورەکانی دەسەڵات بە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ ئەو قەڵەمانە سەرف کردووە، کە ئیشیان دژایەتیکردنی وییە.)[٦] منێک کە ئەمە چەند جارێکە ڕەخنەی لێ دەگرم و هێشتا هیچم لەو ملیۆنەهایە پێ نەگەیشتووە، هەقی خۆمە، ئەو ڕەوتارەی قوتبە گەورەکانی دەسەڵات، بە گەندەڵی لەناو گەندەڵیدا نێوزەد بکەم.

بەختیار عەلی دەڵێت: (ئەوانەی بە پلان پەلامارمان دەدەن، لە هەموو ژیانیاندا، ناتوانن لە وتارێکی ئێمە تێبگەن.)[٧]

ئەوەی کە دەسەڵات پلان و پرۆژەی بۆ دژایەتیکردنی ئەو و هاوڕێیەکانی هەبێت، هەر قسەی ڕووتە و گوتنەوەی ئەو پاساوە دێرینەیە کە بەردەوام حیزب و دەسەڵاتی ستەمکار لە جیهانی سێیەمدا هانای بۆ دەبەن و بە تیۆریی پیلانگێڕیی نێوزەد کراوە، وەلێ ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کەسانێک هەبن، خەریکی نووسین بن و هیچ ئومێدی ئەوەیان نەبێت بە هەموو ژیانیان لە تاقە وتارێکی بەختیار عەلی تێبگەن، پێویستە سوپاسی دەسەڵات بکات کە هێندە دلۆڤانە، کەسانی وا بێتوانای لە دژی هان داوە.

دەقی ئەدەبی چونکە زێتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت، دەشێت بەد لێی حاڵی ببین، وەلێ کە خوێنەر لە وتارێکی من، حاڵیی نەبوو، ئەوە هەڵەی خۆمە کە نەمتوانیوە، بە زمانێکی دروست، چی دەخوازم، بیڵێم. کە خوێنەر لە هیگڵ و فۆکۆ، لە کافکا و ئێکۆ، لە جۆیس و ڕامبۆ تێبگات و لە من یان لە تۆ، حاڵیی نەبێت، ئەوە زادەی هەڵەی من و تۆیە کە نەمانتوانیوە هەست و بیری خۆمان دەرببڕین، ڕادەی نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەر نییە. پێم وایە، نووسەری مەزن ئەگەر نیوەی مانایش بەدەستەوە بدات، خوێنەری وریا هەر لێی تێدەگات. (تۆ بەد لە مەبەستم حاڵیی بوویت، تۆ لە من تێناگەیت، تۆ خوێنەرێکی دواکەتوویت.) ئەوانە پاساوگەلی ئەو نووسەرانەن کە توانای ئەوەیان نییە، پردێک لە نێوان بەرهەمیان و وەرگریاندا ڕۆ بنێن.

بەختیار و دوو هاوڕێیەکەی دەڵێن: (بە وەرگتنی ئەو کۆمەکە، ئێمەش دەکەوینە ناو سنووری ئەو دۆخە ناڕاست و بێ سەروبەرەوە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا باڵادەستە، دۆخێک کە ئێمە بەردەوام ڕەخنەی دەکەین، بۆیە ناتوانین مووچەی ڕێزلێنان وەربگرین.)[٨]

پرسیاری من لێرەدا ئەمەیە: ئەدی بۆچی لەبەر هەمان هۆکار، (زەوی)یشیان ڕەت نەکردەوە؟ دۆخ هەر هەمان دۆخە، خۆ ناکرێت سەروەختی دابەشکردنی ڕێزلێنان، بڵێین: دۆخەکە ناڕاست و بێ سەروبەرەیە، وەلێ کە

نۆرەی بەخشینی زەوی هات، بڵێین: دۆخەکە دروست و بێ خەوشە! ئایا پێیان وابوو، وەرگرتنی زەوی هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە؟ ئایا نەیاندەزانی دەسەڵاتی نادیموکرات، دڵەگورگێکە، دەشێت ئەمڕۆ شیرمان بداتێ و سبەینێ بمانگەزێت؟

پەراوێزەکان:

(١) درێی ئەدەبی لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، تەها ئەحمەد ڕەسووڵ و غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا، ئامادەکردنی: هەڵۆ ئەبوبەکر، ڕۆژنامە، ل١٤ ژمارە(٨) ٢٠٠٧/٧/٤

(٢) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە هاوڵاتی، چاپی هەولێر، ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١

(٣) سەرچاوەی پێشوو.

(٤) سایتی کوردستان نێت ٢٠٠٧/٧/٦

(٥) ڕێبوار سیوەیلی، سەری حکومەت لە نێوان گۆڕین و نەشتەرگەریدا، هاوڵاتی ژمارە ٣٣٥ ل١٢ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/٨

(٦) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە، هاوڵاتی، چاپی هەولێر، ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/١

(٧) سەرچاوەی پێشوو.

(٨) دەقی نامەی ئاراس فەتاح، وەڵامێک بۆ جێگری وتەبێژی سەرۆکی حکومەت، هەورامان وریا قانیع، ڕۆژنامە ژمارە (٧) ل١١ سێشەممە ٢٠٠٧/٧/٣

## لوتکەی کۆمێدیای ڕەش

ڕۆشنبیری پراگماتیک، کەسێکە تەنیا بیر لە قازانجی خۆی دەکاتەوە، پێی خۆشە ڕووناکی تەنیا لەسەر خۆی بێت، ددان بە توانای کەسی دیکەدا نانێت، پێی وایە هەرگیز بە هەڵەدا ناچێت و دەخوازێت خوێنەر و ڕەخنەگر وەک دەقی پیرۆز بۆ بەرهەمی بڕوانن. پرۆژەی ڕۆشنبیری، بریتی نییە لە عەرەبییەوە، بە کوردیکردنێکی لاواز و مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەی بەرهەمی بیری نێچە، فۆکۆ، بارت، دریدا، کامو، سارتەر، پۆپەر، جیل دولۆز و بۆدریار. پرۆژەی ڕۆشنبیری نە لاساییکردنەوەی (جابری)یە، نە هەڵگرتنی شوێنپێی کەمال ئەبودیب. لە (زۆلا)وە تا هادی عەلەوی، ڕۆشنبیرێک هەڵنەکەوتووە، خۆی لە سەروو ڕەخنەوە دیتبێت و سووک سەرنجی ئەوانەی دابێت، خۆیان وەک دەروێش لە کنی ناونووس نەکردووە.

(پیاوە گەندەڵەکانی ناو دەسەڵات بە ملیۆنەها دۆلاریان بۆ هاندانی قەڵەمە زرەکان لە دژی ئێمە تەرخان کردووە.)[١] ئایا ئەو قسەیە دوور و نزیک پێوەندیی بە ڕاستییەوە هەیە؟ ئایا تەرخانکردنی ملیۆنەها دۆلار! بۆ دژایەتیکردنی بەختیار عەلی، بێجگە لە خۆ بە زلزانین و زێدەگۆیی،[*] چی دیکەیە؟ لە ئەو کە خۆیمان وەک قارەمانی شەڕی دژەگەندەڵی پێ دەناسێنێت و پێی وایە هەموو گەندەڵکارانی کوردستان لە دژی یەکیان گرتووە، دەپرسم: ئایا ئەوەیش گەندەڵکاری نییە، لە ئەورووپا بژیت و لە ئاسیا زەوی وەربگریت؟

بەختیار عەلی دەنووسێت: (زوڕناژەن، دەبەنگ، داردەست، خزمەتکار، قەڵەمی کڕدراو، فسفسپاڵەوان، موزایەدەکاری بەدڕەوشت، نەخوێندەوار، گەندەقەڵەم، قەڵەمی کرێگرتەی پیاوە گەندەڵەکان، درۆ و دەلەسەنووس، چەواشەکار، قسەی پڕوپووچ و بێنرخ و بازاڕی نووس، پیاوانی دەسەڵات،

نۆکەری دەسەڵات، بەکرێگیراو، ڕۆشنبیری زڕ و بێ بەرهەم، قەڵەمی زڕنووس، درۆزن، (بێـویژدان) و بوختـانچی، ڕەخنەگـری سـەقـەتنووس، قـەڵەمی زۆر بچووک.)[٢] ئەگەر پێمـان وابێت، هەر قەڵەمێک پەسنی داین، قەڵەمێکی جوان و بەهێز و بەبڕشتە، هەر قەڵەمێکیش سووکەڕەخنەیەکی لێ گرتین، قەڵەمێکی گەندەنووسە، ئەوا شـیـاوی بەزەیی پێدا هـاتنەوەین. ئەگـەر بەخـتـیـارعـەلی هەڵوێستی بەهێز بووایە هانای بۆ ئەو زمانە شەڕئانگێز و زێدەزبرە نەدەبرد و ئەو هەمـوو قسـە سـووکانەی بەرەو ڕووی ئەوانە نەدەکردەوە کـە ڕەخنەیان لە بەرهەمی گرتووە. ئایا کەسێکی لە ڕووی دەروونییەوە هێمن و خاوەن پرۆژەی ڕۆشنبیری، لە هیچ حاڵەتێکدا ناچار دەبێت، هەموو ئەو جنێوانە بەوانە بدات کە لە وەهمـەوە بە نەیاریان دەزانێت؟ ئایا لـە مێژوودا ڕووی داوە، کەسێک بە زمـانێکی هێندە دزێو، پەیڤـیبێت و بانگەشـەی بۆ ئەوەیش کردبێت، خـاوەنی پرۆژەی ڕەخـنـەیی و فـیـکریـیـە؟ کــۆمــیــدیای هـەرە ڕەش ئەوەیە، دوای ئەو شـەڕەجنێـوە، دەنووسـێت: (ئێـمـە ئیـشـمـان بـۆ ئەوە کـردووە، ڕەخنـە لە موهاتەرات و شەڕەجنێو و پەلاماری شەخسی دەربچێت.)[٣]

لە نووسینەکانی پێشووی بەختیار عەلیدا، زۆر جار بەرەو ڕووی (جاهیل و زبڵنووس) دەبووینـەوە، پێ دەچێت بـە زەبری کــورتەباســێکی بنووسـی ئەم دێڕانـە، وازی لە بەکــارهـێنانی ئەو دوو (زاراوە)یە هـێنابێت. چاو لە هـەمــوو جـوێن و قسـە زبر و دزێوەکـانی دەپۆشـم و تەنیـا لەسـەر وشـەی (بێـویژدان) دەیهێنمە ژێر گوشاری پرسیارەوە. ئایا ئەوە بێویژدانی نییـە، شارام قەوامی، تەها ئەحمەد ڕەسووڵ، سەلام عەبدوڵڵا، غەفوور ساڵح و نووسەری ئەم دێڕانە، کـە نووسـینی ئـەویان بە چاوێکی ڕەخنەگـرانەوە، بەسـەر کـردووەتەوە، وەک قـەڵەمگەلی بەکرێگیراو، نێوزەد بکرێن؟ ئایا ئەوە بێـویژدانی نییـە، لە (کۆڵن) بژیت و لە سلێمانی زەوی وەربگریت؟

ئایا ئەوە بێویژدانی نییە، بەختیار عەلی بڵێت، دەسەڵاتی کوردی دژایەتیی منی کردووە؟ بە مـەرجێک هەردوو حیـزبە گەورەکە، هێندەی خزمـەتی ئەویان کـــردووە، هێندەی ئەویان داوەتە بەر ڕووناکی، نیـــو هێندەیان، بۆ هـیـچ

نووسەرێکی دیکە نەکردووە. نووسەر هەیە، بە شێرکۆ بێکەسیشەوە، لە سلێمانی هێندەی ئەو بایەخی پێ درابێت؟ نووسەر هەیە لە هەولێر، بە مام هەژاریشەوە، وەک ئەو هەردوو گۆڤاری رامان و کاروان، فایلیان بۆ کردبێتەوە؟ نووسەر هەیە بە هەق و بە ناهەق، هێندەی ئەو باش، لەسەری نووسرابێت؟ نووسەر هەیە وەک ئەو، لە ئەڵمانیا بژی و دەسەڵات لە کوردستان زەویی بۆ دابین کردبێت؟

بەختیار عەلی دەنووسێت: (مەگەر کەسێک زەرەیەک ڕەوشت و ویژدان لە خوێنیدا نەبێت.)[٤] پرسیاری من ئەمەیە: ئایا ڕەوشت و ویژدانیش وەک کۆڵیسترۆڵ و هیمۆگلۆبین لەنێو خوێندان؟ یان دەنووسێت: (لە پێناوی کێشەی میللەتەکەماندا، لە گیرانەوە تا زیندانیمان چەشتووە.)[٥] لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ خەباتی خۆی و خانەوادەی و هاوڕێیەکانی، دەپرسم: ئایا جیاوازیی لە نێوان (گیران و زیندانی) بووندا چییە؟ ئایا ئەوە تراژیدیا نییە، کەسێک توانای ئەوەی نەبێت بە دروستی، بە زمانی شیرینی دایکی، قسەی دڵی بکات و پێی وابێت لەسەروو ڕەخنەوەیە؟

ئەوە چییە وای لە بەختیار عەلی کردووە، ئەوە بە مافی ڕەوای خۆی بزانێت، تابوو بشکێنێت، هێڵی سوور ببەزێنێت، سەختترین حەرام وردوخاش بکات و پۆلێک نووسەر بە دەبەنگ لە قەڵەم بدات، کەچی بە کەسی ڕەوا نەبینێت، بۆ نموونە، پێی بڵێت: جوانتر وایە، لەبری (وەرەقەی فشار)[٦] بنووسیت: (کارتی گوشار؟) ئایا نهێنی لەوەدا چییە، بەختیار عەلی لە هەمان نووسیندا، بە زمانێکی نەرم و نیان، بەرپەرچی حاکم قادری دەسەڵاتداری زەویبەخش دەداتەوە، وەلێ بە زبرترین زمان بە گژ ئەو نووسەرە بێدەسەڵاتانەدا دەچێتەوە، کە ڕەخنەیەکی ئەدەبییان لە شیعرێکی یان ڕۆمانێکی گرتووە؟ ئەگەر وەک دەڵێت، بە ڕۆژی ڕووناک زەویی وەرگرتووە، ئەگەر وەرگرتنی زەوی لە ئاسیا بۆ نووسەرێکی ئەورووپانشین، کارێکە ئاسایی، ئەدی بۆچی کە ئەو نهێنییە ئاشکرا دەبێت، تا ئەوپەڕی هەڵچوون، هەڵدەچێت، جڵەو بۆ سۆز شل دەکات و سڵ لە نووسینی دزێوترین وشە، ناکاتەوە؟[**]

پەراوێزەکان:

(١) ڕوونکردنەوەیەک لە (مەریوان وریا قانع، بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح)ەوە، هاوڵاتی ل١٨ ژمارە ٣٣٣ یەکشەممە ٢٠٠٧٧١ سلێمانی..

(٢) و (٣) و (٤) و (٥) و (٦) هەمان سەرچاوە.

(*) موبالەغە.

(**) بۆیە ڕووی قسەم تەنیا لە (بەختیار عەلی)یە، چونکە ڕوونکردنەوەکە جێپەنجەی (مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح)ی پێوە دیار نییە.

## نامەیەکی بە جوێن نووسراو !

تا ئەم دواییـیـەیش وای بۆ دەچووم، گرووپی گـۆڤـاری ڕەهـەند، هیـچـیـان نەگوتووە، پێش وان نەگوترابێت، پێم وابوو تەنیا لاسایی چەند ڕووناکبیرێکی عـەرەب و هـەندێک بیریاری ئەورووپایی دەکـەنەوە. وای بۆ دەچووم، ئەوەی لە هەر بوارێکدا دەینووسن، مۆنتـاژکـردنێکی ناهونـەرییـانەی بیـر و خـەیاڵی کەسـانی دیکەیە، بە کوردییەکی تـا بڵـێیت کۆڵەوار. هەر بـە بەرکارم دەزانین نەک بـە بکەر، بە لاسـاییکەرەوەم دەزانین نـەک بە داهێنـەر، بە کـۆنەپارێزیان تێدەگەییشتم نەک بە پۆستمۆدێرنیست.

کە هـەندێک جـار نەمدەزانی چی دەڵێن، پێم وابوو هـی ئەوەیە، ئەو شـتەی بۆ خـوێنـەری باس دەکـەن، خـۆیـان لێی حـاڵیی نەبوون، یـان لێی حـاڵیی بوون و زمانـەکەیان بە هانایانەوە نایەت، یان ئـەو شتگەلەی لە بێگانەیان خـواستووە، بەو مەبەستەی خوێنەر نەچێتەوە سەر ژێدەرەکانیان و دەستیـان نەخاتە ڕوو، تێکەڵوپێکەڵـی دەکەن، یان گـۆمی بیـرکردنەوەیـان تەنکە، بەو ئومـێدەی خـوێنەر فـریو بدەن، لێـڵـی دەکەن. کـە بە باڵای بەرهـەمی یەکدییـاندا هـەڵدەدا، نان بە قەرزدان و شایەتیی ساختە و شاعیری خێڵم بیر دەکەوتەوە. بەوەی کە خۆیان بە پۆسـتـمـۆدێرنیست و خـەڵکیـان بە کۆنەخـواز لە قـەڵەم دەدا، پێم وابوو لە وەهـمـدا دەژین. بە تووتیـیـان تێدەگـەییـشـتم و وای بـۆ دەچووم یەک ڕسـتـەی جوان و ڕەوانیان دانەهێناوە.

سـوپاس بۆ یاسین بانیـخـێـڵانـی، ئەوە ئەو بوو، لە خـەوی قـووڵ بە ئاگـای هێنامـەوە، تەمی خـەستی هـەمـوو گومـانەکـانمی ڕەواندەوە و پێی سـەلماندم، ئەوی لە گۆمی بێبنی وەهمدا نوقم بووە، منم نەک ئەو پۆسـتـمـۆدێرنیسـتـانە. یاسین بانیخێڵانی بە بەختیار عەلی دەڵێت: (زمـانی ڕۆمـانی مەرگی تاقـانەی

دووەم وێرانە، بۆ نموونە: بازنگ خرینگەی دێت نەک خرمە. ئەسپ ڕا ناکات، غار دەدات. هەنگاوەکان خاو دەبنەوە نەک دەبێتەوە.)

(بەختیار عەلی)یش لە ١٨ی ٦ی ١٩٩٨دا بە جنێونامەیەکی دووردرێژ وەڵامی یاسین بانیخێلانی دەداتەوە و پێی دەڵێت: (هەی چەقۆکێشی سەر جادەکان! هەی گزگلی نەفامی جاهیلی زبڵنووس! هەی ناوبۆشی ڕۆحبوودەڵەی جەهالەت بەرهەمهێن! هەی شارەزای کون و کەلەبەری زبڵخانە! هەی دەمپانکەرەوەی جەبانی بێ شەهامەت!)[1] بەختیار عەلی لە هەمان جنێونامەدا بە یاسین بانیخێلانی دەڵێت: (تۆزی پێڵاوەکانی ئەوانەی پشتگیریی ئێمە دەکەن، مەعریفەی زیاتر تیایە لە سەری ئەوانەی پەلاماریان داوین و تا ئەمڕۆ ئاودەستی ماڵەکانی ئێمە، لە ژووری خەوتنی ئەوانە پاکتر بووە کە جنێویان پێ داوین.)[2]

بە ڕاست ئەم دەربڕینانە نوێ نین؟ کەس پێشتر شتگەلی وەهای گوتووە؟ من و دەیان نووسەر و خوێنەری دیکەیش، تفەنگمان بە تاریکەشەوەوە نەدەنا کە بەدوای سەرچاوەی نووسینەکانیاندا دەگەڕاین؟ من بەش بە حاڵی خۆم کە ئەو جنێونامەیەی بەختیار عەلیم خوێندەوە، ڕەخنەیەکی توندم لە خۆم گرت و کاڵەکم بە کلاوەی ئەژنۆم شکاند و هیچ گومانم لەوە نەما کە تاقمی ڕەهەند داهێنەر و پۆستمۆدێرنیستن و منیش تووتی و کۆنەخواز. هەر لێرەیشدا جێی خۆیەتی، بە غەفوور ساڵح[3] بڵێم: بڕۆ هەموو پاشماوەی ژیانت تەرخان بکە، بزانە سەرچاوەی یەکێک لەو دەربڕینە نوێیانەی بەختیار عەلی دەبینیتەوە!

پەراوێزەکان:

(١) و (٢) دەقی جنێونامەکەی بەختیار عەلی بە خەتی خۆی، تەنیا ڕێنووسم بۆ ڕاست کردووەتەوە.

(٣) غەفوور ساڵح، هەندێک لە ڕەهەندەکانی ڕەهەندخوازان، گەلاوێژینوێ، ژمارە: (١٥)ی ساڵی ١٩٩٩ سلێمانی.

## ڕستەی سێجنێوی

کە (ئاوێنە) باسێکی (شوان ئەحمەد)ی دەربارەی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی دەزگای سەردەم بڵاو کردەوە، ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی و ڕێبین هەردی وەک پرۆتێستێک، بڕیاریان دا دوو هەفتە هیچ لەو هەفتەنامەیەدا نەنووسن. هێندەی نەبرد شوان ئەحمەد لە سایتی (کوردستانپۆست)ەوە، ئەو سێ نووسەرەیشی دایە بەر ڕێژنەی ڕەخنە. کە سێ نووسەرەکە لە سایتی (دەنگەکان)دا وەڵامی ڕەخنەگر دەدەنەوە، لە کن وان، خاڵی هەرە لاوازی ئەوەیە، قسە و قسەڵۆکی ناو دەزگای (سەردەم)ی هێناوەتە نێو نووسینەکەیەوە و (ئاوێنە)یش نەدەبوو ئەو بەشانەی بڵاو بکاتەوە. ڕەخنەی سەرەکیی ئەوان بریتییە لەوەی، (کەس مافی ئەوەی نییە، قسەی نێوان ئەم و ئەو بۆ نێو ڕۆژنامە بگوێزێتەوە و با دەزگای سەردەم لە گەندەڵییش خاڵی نەبووبێت، شوان ئەحمەد نەدەبوو، بۆ نموونە، نوکتەی ڕەئووف بێگەرد لەسەر هەڵکەوت عەبدوڵڵا بڵاو بکاتەوە.)(١)

منیش لەگەڵ بۆچوونی ئەو سێ نووسەرەدام و پێم وایە، نووسەرێک قسەیەکی بۆ گوتن پێ بێت، هانا بۆ پووشی ئەو جۆرە قسە و باسانە نابات کە ڕۆژانە لە نێوان ئەم و ئەودا دەکرێن. ئاخر ئەگەر هەر چیمان گوت و سبەینێ لە ڕۆژنامەدا بوو، ئیدی متمانەمان بە یەکدی نامێنێت و مەگەر هەموو قڕوقەپی لێ بکەین و بە پانتۆمیم داخی دڵی خۆمان بۆ یەکدی هەڵبڕێژین. ئەوەی مایەی داخ و جێی سەرنج و سەرسووڕمانە، ئەو سێ نووسەرە ئەو مافەی بە شوان ئەحمەدی ڕەوا نابینن، بۆ خۆیانی بە یاسایی دەزانن، ئەوە نییە دەنووسن: شوان ئەحمەد لای هەندێک کەس گوتوویەتی: (لەبەر ئەوەی ژن و منداڵم نییە، دەستم لە خۆم شتووە و باکم بە هیچ نییە.)

بە ڕاست ئەوە زۆر سەیر نییە کە ئەو سێ نووسەرە، ڕووی دەمیان لە شوان ئەحمەدە و دەپرسن: (ئەوە چ ئەخلاقێکە کەسێک کە لە ڕووی برادەرایەتییەوە، قسەیەکی کردووە، بچین بیخەینە سەر کاغەز و بڵاوی بکەینەوە؟) کە ئەوە ئاکارێکی جوان نییە، ئەدی بۆچی خۆیان پێڕەوی دەکەن و قسەی تایبەتی ئەم و ئەو بڵاو دەکەنەوە؟ تۆ بڵێیت ئەو سێ نووسەرە، مەبەستیان ئەوە بێت، شتی تایبەتی نێوان کەسەکان، نابێت بخرێتە سەر ڕووپەلی ڕۆژنامە، وەلێ ئەوە ئاساییە بخرێتە سەر لاپەڕەی ئەلیکترۆنی!

ئەو سێ نووسەرە کە وەڵامی شوان ئەحمەدیان داوەتەوە، چەند جارێک جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەردەوام لە لایەن کەسانێکەوە جنێویان پێ دەدرێت، بە مەرجێک ئەوە خودی بەختیار عەلییە کە بە نامە، گوتار، شیعری درێژ و ڕۆمانی ئەستوور، جنێوی بەم و بەو داوە و یەکێک لەوانەیشی کە بە ئەوپەڕی دەستپاکییەوە، بە بەڵگەوە و بە دەستنیشانکردنێکی وردی سەرچاوەوە، جنێوەکانی ئەوی دیاری کردووە، بنووسی ئەم دێڕانە بووە. بە دەگمەن ڕەخنەیەکی بێلایەنانەم بینیوە لە بەختیار عەلی گیرابێت و جنێوەکانی ئەوی تێدا ڕیز نەکرابێت. ڕێبین هەردییش لە بواری جنێوبەخشینەوەدا درێغیی نەکردووە، ڕەنگە ئەو یەکەمین نووسەری دنیا بێت کە تەنیا لە ناونیشانی باسێکیدا دوو جنێو هەبێت: (ئەم هەموو دەبەنگییە چییە؟ وەڵامێک بۆ فسفسپاڵەوانەکەی دەرهێنەری ئاریا.)(٢) مەبەستم لە دوو جنێوەکە، دەبەنگ و فسفسپاڵەوانە.

هەر هیچ نەبێت بەو هەڵانەدا کە لە زماندا دەیانکات، شێوازی بەختیار عەلی دەناسمەوە، کە دیتم شتێکی وەها دەڵێت: (ئەو خەڵکە بۆیە جنێومان پێ دەدەن، تا لەو ڕێگەیەوە هەبوونی خۆیان بسەلمێنن،) زۆرم بەزەیی پێیدا هاتەوە، ئاخر بە جنێوبەخشینەوە، بەناوبانگ نابین، بەدناو دەبین، ئاخر کەس جنێوی بەو نەداوە، ئەوە تەنیا هەر ئەوە جنێوی بە هەموو ئەوانە داوە کە ڕەخنەی ڕاستەقینەیان لێ گرتووە، ئاخر بۆ نموونە من کە ڕەخنەم لێ گرتووە، پێش ئەوەی ئەو لە کۆتایی سالانی هەشتادا، دەست بە نووسین بکات، من لە

سەرەتای ساڵانی هەشتادا، وەک نووسەرێک هەبوونی خۆمم سەلماندبوو.

بەختیار عەلی لە دوا نووسینی خۆیدا کە خۆی پێ شێر و ئەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن پێ ڕێوییە، دەڵێت: (ڕێوی سەمبولی بچووکی و هیچی و درۆزنییە.)[٣] تۆ لەوەی گەڕێ سەمبول هەڵەیە، سیمبۆل دروستە، لەو ڕستەیەدا سێ جنێو هەیە: بچووک، هیچ و درۆزن. ئەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن، بچووک و هیچ و درۆزنن! لە ڕستەیەکی سێجنێویی دیکەیدا لەسەر زاری ڕێوییەوە بە شێر دەڵێت: (بۆم ڕوون بووەوە تۆ چ مەخلووقێکی بێغیرەت و ترسنۆک و بوودەڵەیت.) بۆ ئەوەی خۆی وەک شێر، (ماف)ی بەخشینەوەی سێ جنێوی هەبێت، پێشەکی سێ جنێوی خستووەتە سەر زاری ڕێوی. واتا هێندە شەیدای بەخشینەوەی جنێوە، نەک هەر بەم و بەوی دەدا، تەنانەت لەسەر زاری نەیارەکانییەوە بە خودی خۆیشی دەدا، هەتا بواری ئەوەی بۆ بڕەخسێت، بە جنێوی ڕاستەقینە، وەڵامی جنێوە وەهمییەکان بداتەوە. ئەوەی سەرەتا سێ جنێو بە خۆمان بدەین و ئینجا بکەوینە جنێوبەخشینەوە، تەواو وەک چەقۆ بە تەرحدانی نێو چەقۆوەشێنان وایە، ئاخر چەقۆوەشێنی پرۆفیشیۆناڵ، سەرەتا هەندێک سووکە نووکەچەقۆ لە خۆی دەدات، ئینجا دەست دەکاتەوە. بەو ئومێدەی نووسەری هێژا بەختیار عەلی لە داهاتوودا سوود لەم تێبینییە کە بۆ ئەو زۆر گرنگە، وەربگرێت، تا خوێنەر لە بەرهەمەکانی ئایندەیدا بەرەو ڕووی ڕستەی شیعری ببێتەوە، نەک ڕستەی سێجنێوی.

بەختیار عەلی خۆی پێ نووسەرێکی سوپەرمۆدێرنیستە و ئەگەر بە نووسەرێکی پۆستمۆدێرنیست بانگی بکەین، پێی وایە غەدرێکی گەورەمان لێ کردووە، کەچی لە ڕوانگەی سەرخێڵێکەوە سەرنجی ئاژەڵەکانی دارستان دەدات! جارێکیان مامۆستایەک بەو قوتابییەی چەوت وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە، دەڵێت: دانیشە هەی ئاژەڵ! بەو قوتابییەیشی ڕاست وەڵامی دەداتەوە، دەڵێت: ئافەرین هەی شێر! قوتابییە وەڵامڕاستەکە دەبێژێت: مامۆستا خۆ شێریش هەر ئاژەڵە! بۆ من ئەوە وەک شۆک وابوو، بەختیار

عەلی کە سالانێکی دوورودرێژە لە ناوجەرگەی ئەورووپادا دەژی و لە نێوان شێر و ڕێویدا، یەکەمیانی پێ باشترە، بە مەرجێک شێر سیمبۆلی هێزێکە کە هێندەی گەردێک ئاوەزی لە دواوە نییە، هێزێک کە دڵۆپێک سۆز شک نابات و بۆ ملشکاندنی لاوازان و بێدەسەلاتان دەخرێتە گەڕ، هێزێک کە داهێنەری یاسای دارستانە، ئەو یاسایەی بەهێز، بێهێز کەوڵ دەکات! لە ئەورووپا ڕێوی سیمبۆلی حیکمەتە، ڕەمزی ژیرییە، ئەوی فەیبڵ[*] یان چیرۆکی بۆ منداڵان نووسراوی ئەورووپایی خوێندبێتەوە، دەرکی بەو ڕاستییە کردووە. وەک چۆن ئەوە ڕاسیزمە، سپیپێستمان لە ڕەشپێست پێ بالاتر بێت، ئەوەیش هەر جۆرێکە لە ڕاسیزم، شێرمان پێ ئازا و ڕێویمان پێ بوودەڵە بێت.

٢٠١٠/٧/٩

پەراوێزەکان:

(١) ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی و ڕێبین هەردی، بۆ نەدەکرا لە نووسینەکەی شوان ئەحمەد بێدەنگ بین؟ ٢٠١٠. ٠٧, ٠٧, ماڵپەڕی دەنگەکان.

(٢) ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ١١ ل١٠ و ١١ دووشەممە ٩/ ٧/ ٢٠٠٧ سلێمانی.

(٣) بەختیار عەلی، ڕێوییەک لە کوشکی تەلەفۆندا، ل٥، ئاوێنە، ٦/ ٧/ ٢٠١٠ سلێمانی.

(*) fable چیرۆکێکە لەسەر زاری گیانلەبەرانەوە دەگێڕدرێتەوە

## وەڵامێکی نوێ بۆ پرسیارێکی کۆن

(حەز دەکەم بزانم ڕۆژنامەنووس کێیە؟) لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانان‌دا، سەرۆکی هەرێم ئەو پرسیارەی ورووژاند. چونکە هێشتا پرسیارەکەی بێ وەڵام ماوەتەوە، ئەز لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم، بەرسڤی بدەمەوە.

من کە پێنج ساڵێکە، بێ دابڕان لە ڕۆژنامەی (هەولێر)دا دەنووسم، ئاخر کە ناوی (هەولێرپۆست)یش بوو، هەر بۆم دەنووسی، یەکەمین نووسەری کورد بووم، هاوکاریی هەولێرم کرد و هەر لەو سۆنگەیەوە، کە من بۆ هەولێرم دەنووسی، دواتر چەند نووسەرێکی ڕاستەقینەی دیکەیش، نووسینی خۆیان بۆ هەولێر نارد. ئەوی گەردێک لە ویژدان شک ببات، دەزانێت بەشێکی گرنگی بایەخی هەولێر، بەوەوە بەندە کە بەندە تێیدا دەنووسێت.

لە ١٦/ ٠٦/ ٢٠١٠ لە هەولێردا باسێکی من، دەربارەی بەرهەمی ڕۆماننووسێکی کورد، بڵاو کرایەوە، هەفتەیەک دواتر، (٢٣/ ٠٦/ ٢٠١٠) لە (هاوڵاتی)دا کە لەمێژە ئامێزی بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینی ئەوانەی جنێوم پێ دەدەن و تۆمەتم بۆ دەهۆننەوە، ئاواڵەیە، درۆنامەیەک بڵاو کرایەوە. چونکە ناوی نووسەرەکەیم نەژنەفتبوو، چونکە نووسینەکە هیچ پێوەندیی بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە نەبوو، هیچ بایەخم پێ نەدا. دوو ڕۆژ دواتر، نووسەرێکی دۆستم، پێی گوتم: ئەو کەسەی لە (هاوڵاتی)دا پەلاماری داویت، لە ستافی ڕۆژنامەی هەولێرە. سەیری لاپەڕە دووی هەولێرم کرد و ناوەکەیم بینی، ئەو ناوە تا ئەو کاتە، سەرنجی ڕانەکێشابووم، ئاخر قەت نە لە هەولێردا و نە لە غەیری هەولێردا، نووسینێکیم نەدیتبوو. زەنگم بۆ هەولێر لێ دا و پرسیم: ئەوی لە (هاوڵاتی)دا، هەوڵی زڕاندنی ناوی منی داوە، هەر ئەوەیە کە ناوی لە لاپەڕە

دووی هەولێردا، وەک بەڕێوەبەری نووسین هاتووە؟ گوتیان: بەڵێ.

لە ڕێی کوردستانپۆست و (هاولاتی)ی دەستەخوشکییەوە، گەلەک جاران جنێوم پێ دراوە، چونکە قەت ڕێ نەکەوتووە، یەکێک لەو جنێودەرانە، نووسەر بووبێت، هەمیشە فەرامۆشم کردوون و لە ناخەوە، بەزەییشم پێیاندا هاتووەتەوە، وەلێ ئەم جارە، بە درۆنامەکەی بەڕێوەبەری نووسینی هەولێر، زۆر بریندار بووم، لەبەر ئەوە نا، کە ڕۆژنامەنووس یان نووسەرە، لەبەر ئەوەی، وا پێنج ساڵە من خزمەتی ڕۆژنامەیەک دەکەم و کەسێکی سەر بەو ڕۆژنامەیە، نائومێدم دەکات. هیچ لەوە ناخۆشتر نییە، متمانەت بە کەسانێک هەبێت کە شیاوی ئەو متمانەیە نەبن. چی لەوە ناخۆشترە، خەریکی گەرمکردنەوەی مارێکی سڕ بیت و لەناکاو پێتەوە بدات؟

ببوورن باسی مار و پەلامار و درۆنامەم کرد، هەر ئێستا بۆتان ڕوون دەبێتەوە لەسەر هەقم یان نا؟ چونکە خۆم ڕەخنەگرم و ڕەخنەگرتن بە خزمەتکردن دەزانم، زۆرم پێ ئاساییە، ڕەخنەم لێ بگیرێت و تەنانەت هەندێک جار، من ڕەخنە لە خۆم دەگرم. دەیان جار ڕێ کەوتووە، ئەوانەی ڕەخنەم لێ گرتوون، سوپاسیان کردووم. یەکێک لەوانەی من لە سایتێکەوە ڕەخنەم لێ گرت و ئەو بە سوپاس لە هەمان شوێندا، وەڵامی دامەوە، خودی سەرۆکی هەرێم بوو.

پەلاماردەر لە (درۆی یەکەم)یدا دەڵێت: (حەمەسەعید حەسەن نووسینەکانی بیرمەندی گەورەی عەرەب حسێن شەربینی دەدزێت.)[1] هەرچەندە کەسێک نییە لە دنیادا بەو ناوەوە بیرمەند یان نووسەر بێت و کە بە هۆی ئینتەرنێتەوە بۆی گەڕام، دەرکەوت ئەکتەرێکی میسرییە، ١٩٣٥ لە دایک بووە، ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە، بەشداری زێتر لە نەوەد فیلمی کردووە. پەلاماردەر لەناو ئەو درۆیەیدا، دوو درۆی دیکەیشی کردووە. یەک: خۆی زۆر بەو بیرمەندە سەرسامە. دوو: ئەو بیرمەندە مامۆستای زانکۆیە. باشە کە من بەرهەمی ئەو بیرمەندە دەدزم، ئەدی بۆچی تاقە یەک ڕستەی ئەو پیاوەت، لەنێو نووسینێکی مندا دەستنیشان نەکردووە؟ ئایا ئەوە شەرم نییە، بێ بەڵگە، تۆمەتبارم بکەیت

و ناوم بزڕێنیت؟ تەنیا سەرمایەی من نووسینەکانمە، پێت شەرم نییە، ئاگریان تێ بەردەدەیت؟ باشە من بۆ ڕەخنەگرتن لە زمانی ڕۆمانی کوردی، چ پێویستم بە بیروبۆچوونی ئەکتەرێکە؟ باشە هیچ عەرەبێک ڕەخنەی لە زمانی ئەو ڕۆماننووسە کوردە گرتووە، تا من بچم بیروڕایەکانی بدزم؟

پەلامارردەر لە (درۆی دووەم)یدا دەڵێت: (حەمەسەعید حەسەن نە لە کۆمپیوتەر دەزانێت، نە لە ئینتەرنێت.) بە مەرجێک ئەو لە ڕۆژنامەی هەولێر بەڕێوەبەری نووسینە و منیش پێنج ساڵە نووسینی خۆم بە کۆمپیوتەر دەنووسم و لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە (کە دەکاتە ئینتەرنێت) بۆ هەولێری دەنێرم. سەیر و سەمەرە ئەوەیە، ئەو درۆیە لە (هاوڵاتی)دا بڵاو کراوەتەوە، کە لە دە ساڵی ڕابردوودا چەندان جار نووسینی من کە بە کۆمپیوتەر بۆم نووسیون و بە ئینتەرنێت بۆم ناردوون، هاتوونە وەشاندن! هەرچەندە ئەوە گرنگ نییە بە کۆمپیوتەر دەنووسین یان نا، وەلێ لە پازدە ساڵی ڕابردوودا، تەنیا هەر بە کۆمپیوتەر نووسیومە و کتێبەکانم، بە دەستی خۆم تایپ کراون و ڕەنگە ئەز یەکەمین ئەدیبی کوردی باشووری کوردستان بم، خۆم بابەتی خۆمم بۆ ئینتەرنێت ناردبێت. ئۆرهان پاموک دوای ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت، گوتی: (هێشتا بە قەڵەم دەنووسم، قەڵەمەکەم، بەشێکە لە پەنجەم.)

پەلامارردەر لە (درۆی سێیەم)یدا دەڵێت: (حەمەسەعید حەسەن هیچ لە زمانی کوردی نازانێت.) بە مەرجێک تەنانەت ئەوانەیشی کەیفیان بە نووسینم نایەت، ددان بەوەدا دەنێن کە کوردیزانم. دەزانم منیش لە بواری زماندا هەڵە دەکەم، وەلێ بە دەگمەن نووسەرمان هەیە، یان دەشێت هەر نەمان بێت، هێندە کەم هەڵە بکات، ڕاستە هەڵە دەکەم، بەڵام هەڵەی وا ناکەم کەسانی درشتبین هەستی پێ بکەن. تکایە ئەمە بە کەپووبڵندی تێمەگەن، ئاخر سووکایەتیکردن بە زمانەکەم، بە سەختی بریندارکردنی شکۆمەندیمە.

پەلامارردەر لە (درۆی چوارەم)یدا دەڵێت: (زمان لە ڕۆماندا هیچ بایەخی نییە.) بە مەرجێک بۆ ئەوەی فێری زمانی دایکمان ببین، دەبێت بچین بە

زمانی خۆمان ڕۆمان بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی فێری زمانێکی بێگانە ببین، دەبێت بچین بەو زمانە ڕۆمان بخوێنینەوە. ئەگەر زمانی جوان نەبێت، نە ڕۆمان دەبێت، نە شیعر، نە فیکر دەبێت، نە فەلسەفە، ئەگەر زمان نەبێت، تەنانەت ئایینیش نابێت، بڕێکی زۆر لە بەهای بالآی قورئان، بە زمانە جوانەکەیەوە بەندە.

پەلامارادەر لە (درۆی پێنجەم)یدا دەڵێت: (من ئەو ڕۆمانەم نەخوێندووەتەوە کە حەمەسەعید حەسەن لەو نووسینەیدا ڕەخنەی لێ گرتووە، لە داخی ئەو دەچم دەیکڕم.) من لەو نووسینەمدا کە ناوی (پاشایەکی نیمچەڕووت)ە،[٢] ڕەخنەم لە یەک ڕۆمان نەگرتووە، ڕەخنەم لە دوو ڕۆمان گرتووە، یەکێکیان شاری مۆسیقارە سپییەکانە و ئەوەی تریان، دواهەمین هەناری دنیا. باشە کە هێشتا وەک خۆت نووسیوتە، ئەو ڕۆمانەت نەخوێندووەتەوە، ئەدی چۆن وا شێلگیرانە پەسنی دەدەیت و سەرسەختانە داکۆکیی لێ دەکەیت؟ پێم وا نییە بەختیار عەلی، دڵی بەم دەروێشەی خۆش بێت.

پەلامارادەر لە (درۆی شەشەم)یدا دەڵێت: (ئەو ڕۆمانە پڕە لە هزری نوێ.) بە مەرجێک ڕۆمانەکەی نەخوێندووەتەوە! ئێ کە نەتخوێندووەتەوە، چۆنت زانی پڕە لە هزری نوێ؟ ئەدی بۆچی یەکێک لەو هزرە نوێیانەت دەستنیشان نەکردووە؟ ئایا ئەوە جۆک نییە، کەسێک لە ژیانیدا ڕۆمانێکی نەخوێندووەتەوە، قەت دێڕێکی دەربارەی ئەدەب نەنووسیوە، دێت باسی هزری ناو ڕۆمان بۆ من دەکات، منێک کە نووسەری کتێبی (هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا)م؟ منێک کە دەیان ساڵە، خەمی یەکەمم، توێژینەوەیە دەربارەی چیرۆک و شیعر، منێک کە نزیکەی سی (نەک سێ) ساڵ لەمەوبەر لە شاری هەولێر، لە (دووەمین دیداری چیرۆکی کوردی)دا، لێکۆڵینەوەم پێشکەش کردووە!

پەلامارادەر لە (درۆی حەوتەم)یدا دەڵێت: (ڕۆماننووس دەبێت خۆی لە کۆت و بەندی ڕێساکانی زمان ئازاد بکات.) بە مەرجێک تاکە دەسەڵاتی فاشیست کە هەموومان دەبێت بە ڕێز و خۆشەویستییەوە ملی بۆ کەچ بکەین، ڕێساکانی زمانە.

له هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە، هاتووە باسی ئەوە بۆ من دەکات کە لە ڕۆماندا چی گرنگە و چی نا. بە مەرجێک یەکەمین نووسەری کورد کە باسی لە (هونەری ڕۆماننووسین) کردبێت، من بووم، بە مەرجێک ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە ڕۆژنامەی هەولێردا، بڵاو کراوەتەوە، بە مەرجێک من تەنیا لە چوار ساڵی ڕابردوودا و هەر لە هەولێردا، توێژینەوەم لەسەر بەرهەمی چەندان ڕۆماننووسی کورد، تورک، عەرەب، ئەورووپایی و لاتین ئەمریکایی کردووە، لەوانە: ڕەحیم قازی، ئیبراهیم ئەحمەد، جەمیل سائیب، ئەحمەد موختار جاف، فەرهاد پیربال، عەتا نەهایی، بەختیار عەلی، محەممەد موکری، محەممەد مەولوود مەم، عەبدولقادر سەرچناری، ئۆرهان پاموک، نەجیب مەحفووز، محەممەد شوکری، تاهیر بن جەللون، عەلاء ئەسوانی، پاولۆ کۆیلۆ، یۆستاین گاردەر، ئیتالۆ کالڤینۆ، ئەلیساندرۆ باریکۆ، ئەلبێرت کامۆ، ماکسێنیس فێرمین و ئێکزۆپێری. بە مەرجێک نووسەری کورد نییە هێندەی من بایەخی بە ڕۆمان دابێت و کاکی پەلامارددەریش وەک ددانی پێدا ناوە، لە ژیانیدا ڕۆمانێکی نەخوێندووەتەوە! نە هی کوردی نە هی بێگانە! کەواتە بەڕێوەبەری نووسین نەک هەر هەولێر ناخوێنێتەوە، تەنانەت بواری ئەوەیشی نییە سەیری ناونیشانی ئەو باسانە بکات کە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاو دەبنەوە! ئایا ئەوە پەڵەیەکی شەرم نییە بە تەوێڵی هەولێرەوە، کەسێکی وەها بەڕێوەبەری نووسینی بێت؟

هەفتەیەک دوای بڵاوبوونەوەی هێرشەکەی، بەڕێوەبەری نووسین بێ ئەوەی من داوام لێ کردبێت، لە (هەولێر)دا دەنووسێت: (داوای لێ بوردن لەوانە دەکەم کە بە هەڵە لە ڕەخنە ئەدەبییەکەم تێگەیشتوون.)[٣] کەواتە لە کن ئەو، درۆنامە ڕەخنەی ئەدەبییە و خەڵکیش ئاستی تێگەیشتنیان هێندە نزمە، بە هەڵە لێی تێدەگەن! ئەوی پێی وایە، خوێنەران بە هەڵە لێی تێدەگەن، ئەوە توانای دەربڕین بە هانایەوە نایەت و هەقە توخنی نووسین نەکەوێت. ئەرێ کاکی برا ئەوە خێرە تازەکی لەم پاییزی تەمەنەدا، بۆ یەکەمین جار، لە ڕەشبەختیی من، لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئەسپەشێی خۆتان تاو دەدەن؟

بەڕێوەبەری نووسین لە پەشیمانینامەکەیدا دەڵێت: (حەمەسەعید حەسەن نووسەر و ڕووناکبیرێکی گەورەیە.) بە مەرجێک هەفتەیەک پێشتر لە (هاوڵاتی)دا بە نەزانێکی دزی لە قەڵەم داوم!

منێک کە ڕێز لە وشە و وەختی خۆم دەگرم، پێم حەیفە وشەیەکی جوانی خۆم، لە وەڵامدانەوەی پەلاماردەرێکدا خەسار بکەم، پێم حەیفە چاوترووکانێک لە کاتی زێرینی خۆم، بە بەرسڤدانەوەی کەسێکەوە بەفیڕۆ بدەم کە بە شیاوی ئەوەی نازانم، ناوی بخەمە ڕستەیەکەوە. منێک کە دەیان ساڵە، ژیانی خۆم بۆ نووسینی ڕەخنەی ئەدەبی تەرخان کردووە، پێم حەیف و خەسارە بە دەگمەنیش وەڵامی ئەوانە بدەمەوە کە هیچ شک نابەن تا لە کیسیان بچێت و ئەگەر پواز لە داری هەولێر نەبووایە، ئەم جارەیش نەدەهاتمە قسە.

بەڕێز جەنابی سەرۆک: ڕۆژنامەوان ئەوەیە درۆ دەنووسێت، ئەوەیە درۆ بڵاو دەکاتەوە، ئەوەیە نانی درۆ دەخوات، ئەوەیە ئەمڕۆ شتێک دەڵێت و سبەی پێچەوانەکەی، ئەوەیە تەنانەت ئەو باسانەیش کە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاو دەبنەوە، ناخوێنێتەوە، ئەوەیە لە هەولێر بەڕێوەبەری نووسینە.

٢٠١٠/٧/٦

پەراوێزەکان:

(١) هاوڵاتی، ژمارە ٦٣٩ پاشایەکی زەنگین و دەوڵەمەند، ٢٣/ ٠٦/ ٢٠١٠ ل١٥ سلێمانی.

(٢) هەولێر، ژمارە ٨٠٤ ل١٦ چوارشەممە ١٦/ ٠٦/ ٢٠١٠

(٣) هەولێر ژمارە ٨١٥ پێنجشەممە ٣٠/ ٠٦/ ٢٠١٠ ل١٦

(٤) هەموو قسەکانی بەڕێوەبەری نووسین کە لەنێو کەواندا نووسیومن، ڕاستم کردوونەوە، ئاخر توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستی نییە.

## کۆلکەخوێنەر و نووسەری بێسەواد

نووسەر جۆری زۆرە، هەیە نووسەرێکی مەزنە، هەیە نووسەرێکی مامناوەندییە، هەیشە کۆلکەنووسەرە.

ئەگەر ئەو بۆچوونە بسەلمێنین، هەقە بڕوامان بەوەیش هەبێت، خوێنەریش، جۆری زۆرە، هەیە خوێنەرێکی هێندە خەیاڵفراوان، هۆشیار، وریا و وردبینە، لە ڕەمز و هێما و مەبەستە شاراوەکانی دەق تێدەگات، دەزانێت دەرگەی دەق بەسەر چەندان مانا و لێکدانەوەی جیاوازدا کراوەیە و تەنانەت شارەزایی لە هونەری نووسینیشدا هەیە و تێدەگات نووسەر لە کوێدا کام تەکنیکی بەکار هێناوە. هەیە خوێنەرێکی مامناوەندییە، ناتوانێت زۆر قووڵ بە زەریای مانای دەقدا ڕۆ بچێت و تەنیا رووکەش دەبینێت، هەیشە کۆلکەخوێنەرە و ئاستی تێگەیشتنی هێندە نەوییە، هێندە فەقیرخەیاڵە، خێری پێ ڕەوایە.

تا هەنووکە پێم وابوو، نەبەز گۆران تەنیا کۆلکەنووسەرە، سوپاس بۆ ڕۆمانی: (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد،) کە وای کرد، ئەوەیش بزانم، ناوبراو هەر کۆلکەنووسەر نییە، کۆلکەخوێنەریشە. وەک بە ناونیشانی ڕۆمانەکەی (بەختیار عەلی)یەوە دیارە، (حیکایەتخوان) کە ناوی سالارە، برازای جەمشید خانە، بۆیە پێی دەڵێت مامم، کەواتە خوێنەری وریا ئەگەر کتێبەکەیشی نەخوێندبێتەوە، ڕەنگە دەرک بەوە بکات، ئەوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، برازای کارەکتەرە سەرەکییەکەیە، بەڵام نەبەز گۆران ئەوەندە درشتبینە، ڕۆمانەکەی خوێندووەتەوە، کەچی وای بۆ چووە، سالار (کوڕی مام)ی جەمشید خانە.

سەرنج بدەن ئەو کۆلکەخوێنەرە، بە کوردییەکی پەڕپووت، چی دەڵێت: (ئەگەر وەک کوڕە مامەکانی حیشمەت هەوڵ نەدەین، ئازادی وەک حیشمەت

هەڵبدەین بەسەر ئەم مەملەکەتەدا تا بفرێت، تاریکی ڕوو لە ماڵەکانمانە.)(١)

لەو چەند وشەیەدا، هێندە هەڵەی کردووە، کۆلکەمەلاکەی گوتبووی: (خەسەن و خوسێن هەر سێکیان کچی مەعاویەن،) لە چاویدا فەیلەسووفە.(*)

١) ئەو دوو کەسەی (جەمشید خان) وەک کۆلارە بۆ ئاسمان هەڵدەدەن، کوڕی مامی نین، ناویان سالار و سمایله و برازای ئەون.

٢) کوڕە مام، وەک هەڵە وایە، بە کوردیی ڕەسەن پسمام یان ئامۆزای پێ دەڵێن.

٣) قارەمانی ڕۆمانەکە کە دەکاتە مامی سالار و سمایل، ناوی جەمشیدە نەک حیشمەت!

٤) چونکە ناونیشانی ڕۆمانەکە ناوی جەمشیدی تێدایە، بۆیە خوێنەر تەنیا بەرگەکەی ببینێت، جەمشیدی لێ نابێت بە حیشمەت!

٥) چونکە ناوی ڕۆمانەکە، (مامم)ی تێدایە، بۆیە خوێنەر ئەگەر تەنیا ناوەکەی بیستبێت، دەزانێت، گێڕەرەوە (چیرۆکبێژ) برازای جەمشید خانە نەک ئامۆزای.

٦) برازاکانی جەمشید خان ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە خەباتە لە پێناوی ئازادیدا و (سمایل)یان ئەندامێکی چالاکی گرووپێکی مافیایە.

٧) خودی جەمشید خانیش، ڕێبوارێکی ڕێگەی ئازادی نییە، لەگەڵ یەکەمین کەوتنەخوارەوەدا، دەبێتە ئەوەی پێیان دەگوت: فتک، کە دەبێتە: فیراری ترسنۆکی کورد. دواتریش چەندان پیشەی خراپ تاقی دەکاتەوە و تەنانەت دەبێتە سەرۆکی مافیا و بە دەم سێکسکرینەوە، بازرگانی بە ئینسان و ئینجا بە ئایینی ئیسلامیشەوە دەکات!

٨) سەردەمێک جەمشید خان، بە ئاسمانەوە چاودێریی ئەم و ئەو دەکات، ژیانی تایبەتییان وێنە دەگرێت و دواتر وەک کارتی گوشار لە دژیان بەکاری دەهێنێت و داوای سەرانەیان لێ دەکات، ئیدی فڕینی ئەو چ پێوەندییەکی بە ئازادییەوە هەیە؟

ئەم کۆلکەخوێنەرە، مەبەستم نەبەز گۆرانە، چونکە زۆر جار سەرسامیی خۆی بە کارەکانی بەختیار عەلی دەربڕیوە، نموونەیەکی چاکی ئەوانەیە کە دوای قەڵەباڵغی کەوتوون و دەروێشڕەوتارن و هی ئەوە نین، مایەی شانازیی هیچ ئەدیبێک بن، هی ئەوەن، نووسەرێک کەسانی وا ئاستنەوی خوێنەری بن، بەزەیی بە خۆیدا بێتەوە و تەنانەت گریانیشی بۆ حاڵی خۆی بێت.

ئەوەیان کە نەبەز گۆران کۆلکەخوێنەرە، هێندە جێی سەرنج نییە، ئەوە سەیرە کە بەختیار عەلی دەڵێت: (مرۆڤی ئاسایی یان مێگەلگەرا ناتوانێت لە تێکستی قووڵ تێبگات و تا دێت شانسی تێگەیشتنی لە هونەر کەمتر دەبێتەوە.)[٢] کەواتە لە بەختیار عەلی وایە، بۆ مێگەل نانووسێت، بەڵکوو سەرقاڵی داهێنانی تێکستی قووڵ و هونەری باڵایە و خوێنەرەکانی هەڵبژاردەیەکی هۆشیارن و نموونەیشیان نەبەز گۆرانە کە نە جەمشید لە حیشمەت جیا دەکاتەوە، نە پێی دەکرێت بە دوو دێڕی دروست هەستی خۆی دەرببڕێت.

بەختیار عەلی لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێت و دەڵێت: (ئەوەی بۆ جوانی دەگەڕێت، دەبێت بتوانێت کۆدەکان و شفرەکانی بدۆزێتەوە.)[٣] چونکە کۆد و شیفرە هەر هەمان شتن، ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی بەختیار عەلی ڕووی دەمی لە عەوامە نەک لە دەستەبژێر، ئەگەر بۆ خوێنەری وریای نووسیبا، دەیزانی کەسانی وریا ئەلفێکیان بەسە و پێویستییان بە دووبارەکردنەوەی هەمان وشە نییە. هەر بۆ زانیاریی ئەو نووسەرەی کە نزیکەی هەموو خوێنەرەکانی عەوامن، کۆد یان شیفرە، بە کوردییەکی میللی، کە عەوام لێی حاڵیی ببێت، (پەڕلە)ی پێ دەڵێن.

ئەگەر نەڵێم هەموویان، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بە بەختیار عەلی سەرسامن، یان کۆلکەخوێنەرن، یان نووسەری بێسەواد. زیاتر کەسانێکن هیچی ئەویان نەخوێندووەتەوە و خواوەکیلی ستایشی دەکەن، یان بەرهەمی ئەویان خوێندووەتەوە و هێندەی نەبەز گۆرانی لێ تێگەیشتوون کە هەست بە جیاوازیی نێوان برازا و ئامۆزا ناکات! چونکە بەختیار عەلی خۆی بە

کوردییەکی ڕووتوڕەجاڵ دەنووسێت، ئاستی دەربڕینی دەروێشەکانی هێندە نزمە، هیچ کامیان توانای نووسینی دوو ڕستەی بەسوودیان نییە.

پەراوێزەکان:

(١) ئاوێنە ١٧ ی ٨ ی ٢٠١٠ ل٢ ژمارە٢٣٧ سلێمانی.

(٢) ئاوێنە ١٧ ی ٨ ی ٢٠١٠ لە ژمارە ٢٣٧ سلێمانی.

(٢) ئاوێنە ٢٤ ی ٨ ی ٢٠١٠ لە ژمارە ٢٣٨ سلێمانی.

(*) فەیلەسووفێک لە ئاستی (بارزانی سەعیدی گەوهەر)دا کە لەم دواییەدا دووچاری (قەرسەنەی فیکری) هات و باری کەشتییەک فەلسەفەیان لێ دزی، ئیدی ئەویش ناچار بوو داوا تۆمار بکات.

## پێڕست


یەک دوو وشە ........ 5
لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی تەرمی پەپوولەیەکدا ........ 7
لە ڕوانگەی خوێنەری شتزانەوە ........ 15
ئەوین بەدەم فڕینەوە ........ 32
ترس لە ڕەخنە ........ 41
گەڕانەوە لە لچ قەور ........ 44
دیوانێکی بێ شیعر ........ 51
پاشایەکی نیمچەڕووت ........ 63
تۆڵەسەندنەوە لە ڕێی شیعری درێژ و ڕۆمانی ئەستوورەوە ........ 67
شیری گورگ ........ 71
لوتکەی کۆمێدیای رەش ........ 76
نامەیەکی بە جوێن نووسراو! ........ 80
ڕستەی سێجنێوی ........ 82
وەڵامێکی نوێ بۆ پرسیارێکی کۆن ........ 86
کۆلکەخوێنەر و نووسەری بێسەواد ........ 92